# وەقایعی كوردستان


رۆژنامەی رەسمی هەرێمی كوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە (١٩١) سالی پازدەم ١٦/ ئەیلول /٢٠١٥ زایینی ٢٥/ گەلاوێژ/ ٢٧١٥كوردی ٣/ ذو الحجە/ ١٤٣٦ كۆچی

**191**


## لەم ژمارەیەدا :


| | |
|---|---|
| **فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٥٢)ی سالی ٢٠١٥ سەرۆكایەتی هەرێم**<br>پچڕاندنی ناحیەی (بەمۆ) لە ئیدارەی گەرمیان و بەستنەوەی بە پارێزگای هەڵەبجە | ل ١ |
| **ڕێنمایی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠١٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری**<br>ڕێنمایی گومرگی | ل ٢ |
| **ڕێنمایی ژمارە (٣)ی سالی ٢٠١٥ وەزارەتی تەندروستی**<br>تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندن و كاركردنی كارگە بۆ پیشەسازی پێداویستییە پزیشكیەكان | ل ٤٧ |
| **ڕێنمایی ژمارە (٤)ی سالی ٢٠١٥ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**<br>تایبەت بە ماڵەكانی بەساڵاچووان | ل ٥٩ |
| **ڕێنمایی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠١٥ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**<br>ڕێنمایی تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوكەكانی لاوان | ل ٦٤ |
| **ڕێنمایی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠١٥وەزارەتی خویندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی**<br>پەیمانگە تایبەتەكان | ل ٦٧ |
| **ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٥ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**<br>ڕێنمایەكانی سكاڵا | ل ٦٩ |
| **بڕیاری ژمارە (٦٢)ی سالی ٢٠١٥ئە نجومەنی دادوەری** | ل ٧١ |
| **بڕیاری ژمارە (٦٣)ی سالی ٢٠١٥ئە نجومەنی دادوەری** | ل ٧٢ |
| **بەیانی ژمارە (٦)ی سالی ٢٠١٥وەزارەتی داد** | ل ٧٣ |
| **بەیانی ژمارە (٣ و ٤)ی سالی ٢٠١٥وەزارەتی پەروەردە** | ل ٧٣ |
| **بەیانی ژمارە (٣)ی سالی ٢٠١٥ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی** | ل ٧٣ |
| **بەیانی ژمارە(١)ی سالی ٢٠١٥وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی** | ل ٧٤ |
| **بەیانی سالی ٢٠١٥ وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار** | ل ٧٤ |
| **بەیانی ژمارە (٥٧ — ٥٨ — ٥٩ — ٦٠ — ٦١ — ٦٢ — ٦٣ )ی سالی ٢٠١٥ وەزارتی تەندروستی** | ل ٧٤ |



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.mojkurdistan.com

Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٩١) السنة الخامس عشرة ١٦ / أيلول / ٢٠١٥ ميلادي ٢٥/ گەلاویژ/ ٢٧١٥كوردي ٣/ ذي الحجة/ ١٤٣٦هجري

**191**

## في هذا العدد:

تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠١٥ وزارة الصحة ص ٧٦

تعليمات أجازة تأسيس وعمل مصنع لصناعة المستلزمات الطبية

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٥ الهيئة المستقلة لحقوق الانسان ص ٨٧

تعليمات الشكاوى

### فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

مرسوم أقليمى رقم (١٥٢) لسنة ٢٠١٥ أقليم كوردستان ص ١

تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠١٥ وزارة المالية و الاقتصاد ص ٢

تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠١٥ وزارة الصحة ص ٤٧

تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠١٥ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ٥٩

تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠١٥ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ٦٤

قرار رقم (٦٢) لسنة ٢٠١٥ مجلس القضاء ص ٦٧

قرار رقم (٦٣) لسنة ٢٠١٥ مجلس القضاء ص ٦٩

بيان رقم (٦) لسنة ٢٠١٥ وزارة العدل ص ٧١

بيان رقم (٣ و ٤) لسنة ٢٠١٥ وزارة التربية ص ٧٢

بيان رقم (٣) لسنة ٢٠١٥ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ٧٣

بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٥ وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية ص ٧٤

بيان لسنة ٢٠١٥ وزارة البلديات والسياحة ص ٧٤

No.: 191 Date: September, 16, 2015 Vol.: 15

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.mojkurdistan.com

السعر (١٥٠٠) دينار

سـەرۆکایەتی هەرێم

ژمارە : د-٦٠٨ لە ٢٠١٥/٩/٣

**فەرمانی هەرێمی**

**ژمارە ( ١٥٢ )ی ساڵی ٢٠١٥**

پاڵپشت بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو ، ولەسەر رۆشنایی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٢٥) لە رێکەوتی (٢٠١٥/٨/١١ ) بڕیارماندا بە:-

- پچڕاندنی ناحیەی (بەمۆ) لە ئیدارەی گەرمیان و بەستنەوەی بە پارێزگای هەڵەبجە.
- ئەم فەرمانەجێبەجێ دەکریت لە رۆژی دەرچوونییەوە.

مسعـود بــارزانی
سـەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەولێر
٢٠١٥/٩/١

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ١٢٢٣٢ لە ٢٠١٥/٩/٣**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی هەشتەم لە یاسای پێناسە گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢١)ساڵی ١٩٩٣ وە ماددەی (٢٧٠) ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو . بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:**

## ڕێنمایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٥

## ڕێنمایی گومرگی

### بەشی یەکەم

### ئەحکامی گشتی

**١- بە پێی یاسای پێناسە گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٣ هەموو کاڵاو بابەتەکانی ناو خشتەی باجی گومرگی هەرێم وئەو بەشانەی پێناسەی عێراقی کەلە هەرێمدا کاریان پێ دەکرێ ، دیاری کراون ، بەو ڕێژەیە رەسمی گومرگیان لێ وەردەگیرێت کە بەرامبەر بەهاکانی دیاری کراوە لە ناو پێناسەی گومرگیدا لە کاتی هاووردەکردنی بۆ ناو هەرێم .**

**٢- هەموو کەل و پەڵ وکاڵایەك لە کاتی دووبارە چوونە دەرەوەی ( اعادة التصدیر ) بەرێژەی (١%) ڕەسمی گومرگیان لێ وەردەگیرێت لە بەهای ناو خشتەی باجی گومرگی هەرێمی کوردستان ، بەمەرجێك سەرەتای هاتنە ناوەوەی هەبێت ، جگە لە و کەل و پەڵانەی کە لەکاتی هاتنە ناوەوە بەخشراون یان ئەوانەی بە رێژەی (١%) باجیان لێ وەرگیراوە یان ، پێویستە لەکاتی چونەدەرەوەیان بەرێژەی (٥%) لە بەهای ناو پێناسە رەسمی گومرگیان لێ وەربگیرێت .**

**٣- هەموو ئەو کەل و پەڵ و کالایانەی کە لەکاتی هەناردەکردن دا پێویستیان بە رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدارو سەرەتای هاتنە ناوەوەی هەیە وەك ئامێر و پێداویستەکانی بواری نەوت وکانزا سروشتیەکان و ئامێر و پێداویستەکانی پزیشکی و کشتوکاڵی و ڤێتێرنەری و ئامێر و پێداویستیەکانی دامەزراندنی کارگەی بەرهەم هێن و ئەو کاڵایانەی کە تایبەتن بە رێکخراوە خێرخوازی و مرۆییەکان بە رێژەی (١%) رەسمی گومرگی لێ وەر بگیرێت .**

**٤- هەموو بەرهەمێکی ناوخۆی هەرێم بە رێژەی (١%)ی لە بەهای پێناسەی گومرگی ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت لەکاتی هەناردەکردنی (چوونەدەرەوە)دا ، وە لەکاتی بوونی بەهای جیاواز لە پێناسەدا بە هۆی کەمترین بەهای شوێنی دروست کراو (المنشأ) رەچاو دەکرێت و دەکرێت بە بنەما بۆ دیاری کردنی باجی گومرگی.**

٥- هەموو ئەو کاڵاو کەل وپەلاّنەی کە هاوردەو هەناردە دەکرێت پێویستە لە لایەن بازرگان یان خاوەن بارەکە ڕاگەیاندنی گومرگی (التصریحة الگمرگیە) پێشکەش بە گومرگ بکات و بڕ وجۆر وچەندی وخەسلەتەکانی کاڵاکەی بە تەواوی و بە ووردی تێدا دیاری بکات .

٦- هەموو ئەو کاڵاوکەل وپەلاّنەی لەدوا بنکەو خاڵە گومرگیە سنووریەکان فۆرمی چوونە دەرەوەی بۆ کراوە یان پسولەی (٣٧أ) هەیە فۆرمەکە یان پسولەکە تەنها بۆ ماوەی (٩٠)نەوەت ڕۆژ کاری پێ دەکرێ وە لەو ماوەیە دا بارەکە بەکرێی پشکنین دەگوازرێتەوە .

٧- بە ڕەچاو کردنی ماددە و بڕگەکانی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی عێراقی هەموار کراو کە تایبەتن بە ( بەها – القیمة ) ، هەموو ئەو بابەت و کەل و پەلاّنەی کە هاوردە دەکرێن و لە پێناسەی گومرگیدا بەهای بۆ دیاری نەکراوە . پێویستە بە بەهای ناو بروانامەی لیستی کرین ( ئینڤۆیس ) بەهاکەی ئەکەر لەگەڵ بارەکە هەبێت بکرێت بە بنەما وەئەگەر لەگەڵ بارەکە نەبێت پێویستە لەلایەن (لیژنەی دیاری کردنی بەها) کە بۆ ئەم مەبەستە لە گومرگەکان پێك دەهێنرێت ، لیژنەکەش پێویستە دەوری بێت و هەمیشەیی نەبێت ، وە لەپێنج کەس پێکهاتبێت و بەلایەنی کەم سێ کەس بەهاکە پەسەند بکات.

٨- هەموو دەزگا و کارگەیەکی بەرهەمهێن کە دێنە ناو هەرێم بەڕێژەی ١٪ لە بەهای پێناسەدا ڕەسمی گومرگی لێوەردەگیرێت. بەمەرجێك مۆلەت یان ڕەزامەندی دامەزراندنی کارگەی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بە نوسراوی رسمی بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ هێنابێتی وە پێویستی بە هەبونی مۆلەتی هاوردە نیە. بەلاّم ئەگەر مۆلەتی پیشەسازی و ڕەزامەندی نەبوو ئەوە بە ڕێژەی ٥٪ لە بەهای پێناسەدا ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت .

٩- ئامێر و (مکائن) ئۆتۆمبێل و ماکینەی کشتوکاڵی و ئامێری ڕێگاوبان لەکاتی چونەدەرەوەیان بەرێژەی (١٪) باجی گومرگیان لێوەردەگیرێت هەڵوەشانەوەی تابلۆکەی لە بەرێوەبەرایەتیە هاتووچوەکانی هەرێم هەروەك لە بەشی پێنجەم (بەشی ئۆتۆمبێل)ی ئەم ڕێنمایە روون کراوەتەوە .

١٠- ئەو کەل و پەلّ و کاڵایانەی کە لە دەروازەو بنکە فەرمییەکانی گومرگ هەناردەی دەرەوە دەکرێن پێویستە مۆڵەتی هەناردەی لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەبێت. (جگە لەو کاڵایانەی کە لە دەروازەو بنکە گومرگیەکان هاوردە دەکرێن و کاری گومرگیان بۆ ناوەوە و دەرەوە لە یەك کات بۆ ئەنجام دەدرێت و دواتر ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری گومرگ و لە سنورێکی تر هەناردەی دەرەوە دەکرێنەوە).

١١- هەر کاڵا و کەل و پەلّ و ئامێرێك کە لەکەدار (معیوب) بوو یان ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی لێهاتوو بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت :.

أ- تا ماوەی(٩٠) نەوەد ڕۆژ کرێی پشکنینی لێوەردەگیرێت.

ب- لە (٩٠ ) نەوەد ڕۆژ بەسەرەوە ڕەسمی گومرگی بەڕێژەی ١٪ی لێوەردەگیرێ .

١٢- باجی دەرامەت بۆ هەرکەل و پەلێك بەبڕی (٣٪) لە ڕەسمی گومرگی وەردەگیرێت.

١٣- بەهای فۆرم بەبڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ یەك مامەڵە.

١٤- ڕەسمی پولی دارایی بەبڕی ( ١٥٠٠ ) هەزاروپێنج سەد دینار وەردەگیرێت بۆ یەك مامەلە.

١٥- کرێی پشکنینی تەندروستی( ١٥٠٠٠ ) پانزە هەزار دینار بۆ یەك ئۆتۆمبێل وەردەگیرێت وە بۆ یەك مامەلە لە فرۆکەخانەکان.

١٦- کرێی پشکنینی کشتوکاڵی( ٧٥٠٠) حەوت هەزارو پێنج سەد دینار بۆ یەك ئۆتۆمبێل وەردەگیرێت وە بۆ یەك مامەلە لە فرۆکەخانەکان.

١٧- کرێی پشکنینی بەیتەری( ١٥٠٠٠ ) پانزە هەزار دینار بۆ یەك ئۆتۆمبێل وەردەگیرێت بۆ یەك مامەلە لە فرۆکەخانەکان .

١٨- کرێی (عمولەی بانك)( ٤٥٠٠ ) چوار هەزاروپێنج سەد دینار وەردەگیرێت بۆ یەك مامەڵە.

١٩- کرێی تاقیگەی بیناسازی ( ٧٥٠٠) حەوت هەزارو پێنج سەد دینار وەردەگیرێت بۆ یەك ئۆتۆمبێل وە بۆ یەك مامەلە لە فرۆکەخانەکان .

٢٠- کرێی پشکنینی کۆنترۆلی جۆری بۆ هەر ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بڕی (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار وەربگیرێت .

تێبینی/ خاڵەکانی ( ١٧، ٢٢,٢١,٢٠,١٩,١٨ ) ئەم کرێیانە لەکاتێکدا وەرئەگیرێن کەپشکنین/ وخزمەتگوزاریەکە ئەنجام درابن لەلایەن فەرمانگە تایبەتمەندەکانی خۆیانەوە.

٢١- داشکاندن بەڕێژەی( ٢٥٪ ) لە رەسمی گومرگی بۆ سەرجەم ئەو کەل وپەلانەی کە لەڕێگەی فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە هاوردە دەکرێن ، بەڵام لە کاتی ڕوودانی سەرپێچی واتە دروست بوونی کێشەی گومرگی بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی عێراقی هەموار کراو یەکلایی دەکرێتەوە و داشکاندنیان بۆ ناکرێت .

٢٢- هەر کالاّ وکەل و پەڵێك لە ڕێگای فرۆکەخانەکانی هەرێم هاتبێتە ناو حەرەمی گومرگی و ڕاستەوخۆ بەفرۆکەیەکی تر بڕواتە دەرەوەی عێراق بەکرێی پشکنینی ( ١٠٠٠٠ )دە هەزار دینار و بەهای فۆرم و پولی دارایی لێوەردەگیرێت بۆ هەر مامەڵەیەك .

٢٣-

أ- کرێی پشکنین ( ٥٠٠٠ ) پێنج هەزار دینار بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر تاکو حمولەی دووتەن (داخل) وەردەگیرێت وە هەروەها( ١٠٠٠٠) دەهەزار دینار بۆ ئۆتۆمبێلی دوو تەن حمولە بەسەرەوە وەردەگیرێت هەروەها هەمان بڕی کرێی پشکنین وەردەگیرێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانەی بە بەتاڵی دەگەرێنەوە لە دەروازە سنوریەکان .

ب- سەبارەت بەفرۆکە خانەکان تاکو کێشی (٢) تەن لە کالاّ (٥٠٠٠) پێنچ هەزار دینار وەردەگیرێت لە (٢) تەن زیاتر (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار وەك کرێی پشکنین وەردەگیرێت.

٢٤- کرێی پشکنینی دەرەوەی ناوچەی گومرگی (الحرم الگمرگی)بۆ کالآو ئۆتۆمبێل و ئامێر(٢٥٠٠٠ ) بیست وپێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ هەرکارێکی پشکنین.

٢٥- هاوردەکردن وهەناردەکردنی بەرهەمە نەوتیەکان پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیە جگە لە ڕۆن وگریزو سۆیل ورۆنی برێك .

٢٦- هاوردەکردن وهەناردەکردنی ئامێروپێداویستی هەڵکەندنی بیری نەوت وکانزا سروشتیەکان پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیە .

٢٧- هاوردەکردنی غازی فریۆن لە جۆری HCFC / R22 پێویستی بە دەستەی پاراستن و چاك کردنی ژینگەی هەرێم هەیە و پێویستە برەکەی بۆ دیاری کرابێت .

٢٨- هاوردەکردن و هەناردەکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی هەبێت دواتر کاری گومرگی بۆ ئەنجام دەدرێت.

٢٩- لە کاتی هاتنی ئامێری پزیشکی وئامێری ڤێتێرنەری بۆ ناو هەرێم ئەگەر نەبەخشرابوو بەرێژەی (١٪) باجی گومرگی لێ وەردەگیرێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار.

٣٠- هاوردەکردنی ئامێری جوانکاری پزیشکی بەرێژەی (١٪) رەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت بەمەرجێك پشتگیری لایەنی تەندروستی هەبێ کە ئامێرەکە بۆ جوانکاریە.

٣١- هاوردەکردن و هەناردەکردنی کالآ و کەل و پەڵ و پێداویستی سەربازی پێویستی بە رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە .

٣٢- لەکاتی هێنانی پێداویستی تەندروستی و کشتوکاڵی و ڤێتێرنەری لە سنورێکی دیاری کراو بۆ ناو هەرێم و راستەوخۆ لەسنورێکی تر دەچێتەوە دەرەوەی هەرێم دوای (وەرگرتنی رەزامەندی لایەنی پەیوەندی دارەکانی تایبەت بەجۆرێ پێداویستیەکە) بۆ هاتنە ناوەوە و چونە دەرەوەی ودوای کاری کەشف وگومرگی کە بەپێی پێناسە بۆ ئەنجام دەدرێت و راستەوخۆ بە نوێنەر لەژێر چاودێری گومرگ برواتەوە بۆ دەرەوەی هەرێم .

٣٣- هەموو ئەو ڕێنمایانەی کە لە وەزارەت و لایەنە پەیوەندی دارەکانی وەکو ( وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ و کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و دەستەی گشتی کۆنترۆلی جۆری و دەستەی ژینگەپارێزی و بانقی ناوەندی هەرێم .... هتد) دەردەچن و پەیوەندیان بەلایەنی گومرگیەوە هەیە ، پێویستە دوای رەزامەندی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم و دوای گشتاندنی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ، لەسەرجەم گومرگ و دەروازەکان جێ بەجێ بکرێت .

٣٤- هەموو ئەو کالآ و بابەتانەی کە دەکەونە ناو بەرنامەی پشکنینی پێش هاوردەکردن کە لە لایەن کوالێتی کۆنترۆلەوە ئامادەکراوە ، پێویستە بڕوانەمەکانیان (COC) کە لە لایەن کۆمپانیا پشکنەرەکان پێ دراوە ، لە لایەن بەرێوەبەرایەتی یان بنکەی کوالێتی کۆنترۆلەوە ڕاستاندنیان بۆ بکرێت و دواتر کاری گومرگی بۆ

بابەتەکە ئەنجام بدرێت وە پێویستە وێنەیەك لە بڕوانامەکە (COC) و ڕێلیس دیکۆمێنت کۆپی بکرێ و هاوپێچی مەنەفێست یان پسولەی گومرگی (٣٧أ) بکرێت و بدرێت بەخاوەن کاڵاکە (خاوەن بار).

٣٥- گومرگ کردنی بوتڵی ئۆکسجین بۆ دەرەوە پێویستی بە مەنەفێست وسەرەتای تەواو هەیە کە بیسەلمێنێت لە دەرەوە هاتووە.

٣٦- هەموو ئەو بابەتانەی کە پێوەرەکانیان بەکێش دیاری کراوە بەکێشی گشتی (الوزن القائم) گومرگ دەکرێت ، جگە لەو کەل و پەلانەی لە ڕێگای فرۆکەخانە دێنە ناو هەرێم کێشیان سوکە بەڵام بە قەبارە گەورەن لەلایەن لیژنەیەکەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی فرۆکەخانەی ناوبراو پێك بهێنرێت بۆ گەڕانەوەی بۆسەر کێشی دروستی خۆی.

٣٧- هاوردەکردن وهەناردەکردنی ئامێرو پێداویستی هەڵکەندن ودامەزراندنی کارگەی بەرد و کانزا گران بەهاکان پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی پیشەسازی هەرێم هەیە.

٣٨- هاوردەکردن و هەناردەکردنی کبریتی پیشەسازی پێویستی بە رەزامەندی وەزارەتی سامانەسروشتیەکان هەیە .

٣٩- هاوردەکردنی تەنەر پێویستە لە دەبەی بچووك بە قەبارەی (١ لتر تاکو ٢٠ لتر)ی پلاستیکی بێ و نابێ لە بەرمیل و تانکەر هاوردە بکرێت .

٤٠- بۆ دەست بەسەراگرتن و هێنانی (هێما) نیشانەی بازرگانی (علامة تجارية)پێویستە:.

أ- بازرگان ڕەزامەندی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەبێ وە ئەو هێمایانەی کە لە وەزارەتی بازرگانی حکومەتی عێراقی تۆمار کراون پێویستە لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم ڕەزامەندی و راستاندنی بۆ بکرێت و دوای پەسندکردنی جێ بەجێ بکرێت و کاری پێ بکرێت .

ب- ئەو هێمایانەی کەلەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم تۆمارنەکراون بازرگان و کۆمپانیاکان ئازادن لە هاوردەکردنی .

ج- ئەو هێمایانەی کە تۆمارکراون لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم و لەکاتی هاوردەکردنیان لەلایەن بازرگان و کۆمپانیاکان کە رەزامەندی هێنانیان نی یەو بەناوی ئەوانەوە تۆمار نەکراون ، پێویستە لە هەمان شوێنی لێهاتوو رەوانەی دەرەوە بکرێنەوە دوای وەرگرتنی بەڵێن نامەکە جارێکی تر ئەو هێمایانە هاوردە نەکاتەوە بۆ ناو هەرێم.

٤١- بۆ ئەوەی برنجی بەشە خۆراك (حصة تموين ) هەناردەی دەرەوە نەکرێت و کۆنترۆڵی بە قاچاغ بردنی بکرێت ، رێگا نادرێت بە بردنە دەرەوەی ئەو برنجەی کە بەشە خۆراکی هاووڵاتیانە و لەلایەن وەزارەتی بازرگانیەوە دابەش دەکرێ ، وە جۆر و هاوشێوەکەی لەکاتی بردنەدەرەوەدا پێویستە سەرەتای هاتنەناوەوە و رەزامەندی لایەنی بازرگانی و مۆڵەتی هەناردەی هەبێت.

٤٢- سەبارەت بە رەسمی گومرگی لە دەروازەی (ئیبراهیم خلیل و باشماخ و پەرویز خان وحاجی ئۆمەران و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان) دەتوانن بە دۆلار وەریبگرن هەر دۆلارێك بەرامبەر بەو نرخە دەبێت کە لە لایەن بانکەوە هەفتانە دیاری دەکرێت.

٤٣- وەرگرتنی رێژەی ٥٪ لە بەهای گومرگی لەکاتی هاتنە ناوەوە بە ناوی (سندوقی کۆمەك بۆ توشبوانی نەخۆشی شێر پەنجە ) لە بابەتەکانی وەکو جگەرە و توتن و خواردنەوە کحولیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٤٤- هاتن و رۆیشتنی پێنوس وکاتژمێری بە کامێرا و هاو شێوەکانی پێویستی بەرەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە جگە لەو کامیرا چاودێریانەی کە لە مالآن و شوێنە گشتیەکان بەکار دێت .

٤٥- ئەگەر لەهەر بەرێوەبەرایەتیەکی گومرگی بارێك کاری گومرگی بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ ئەنجام درا لەو بەرێوەبەرایەتیەی کە دوا خالی سنوورییە ، دوای پشکنین تەنها کرێی پشکنینی لێ وەربگیرێت.

٤٦- لەکاتی هاتنە ناوەوەی کەل وپەلّ و کالآ بۆ ناو دەروازە فەرمیەکان لەسەر داوای بازرگان راستەوخۆ گەرێندرایەوە لەهەمان دەروازە بۆ یەك تەن(٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار) کرێی پشکنین وەربگیرێت.

٤٧- هەربازرگانێك مۆلەتی هاوردەی نەبێت یان بڕی ڕەصیدی مۆڵەتەکەی تەواو بووبێت بە رێژەی (٢٥٪)ی رەسمی گومرگی سزا دەدرێت.

٤٨- لەکاتی بەسەر چوون (تەواو بوونی) بڕی مۆلەتی هاوردن ، بەرێوەبەرایەتیە گومرگیەکان دەسەلاتیان هەیە تاکوو رێژەی ٢٠٪ لە بڕی مۆلەتی هاوردن بۆ کەل و پەلّ کالاکان وە بەرێژەی ٥٠٪ بۆ جگەرە لەکاتی پێویست زیاد بکرێت تاکو بازرگان مۆلەتی هاوردنەکە نویّ دەکاتەوە دواتر ئەو بڕە لە رەسیدی مۆلەتە نوێیەکە دادەگیرێت بە مەرجێك بەرواری مۆلەتەکە بەسەر نەچووبێت وە ئەم کارە تەنها بۆ یەك جار و یەك مۆلەت ئەنجام دەدرێت .

٤٩- لەکاتی هێنانی پەینی کیمیایی کشتوکالّی دوای رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدارکاری گومرگی بۆ ئەنجام دەدەرێت.

٥٠- أ/ لە کاتی هاوردەکردنی بابەتی خواردەمەنی بۆ ناو هەرێم ئەگەر لە پشکنینی تەندروستی جاری یەکەم نەشیاوبێت و لە تاقیگەکان دەرنەچێت ، ئەوا بەپێی ماددەی (٦٨) برگەی (٢) یاسای گومرگی ژمارە(٢٣)ی عێراقی سالّی ١٩٨٤ رێگای پیّ دەدرێت بگەرێتەوە شوێنی لێهاتوو لەو ماوەیەی کە ئیدارەی گومرگ دیاری دەکات و لە ژێر چاودێری گومرگ و دوای وەرگرتنی بەلّێن نامە ، یان لەناو ببردرێت لەسەر خەرجی خاوەنەکەی و محضری تەلف کردنی بۆ بنوسرێت.

ب / لە کاتی هاوردەکردنی هەر کالآیەك بە تایبەتی خواردەمەنی ئەگەر بە شێوەی نایاسایی بێتە ناو هەرێم و بەرواری بەکارهێنانی بەسەرچوو بێت پێویستە دەستی بەسەردا بگیرێت و لەناو ببردرێت (تلف) بکرێت بەئامادەبوونی خاوەنەکەی یان وەکیلەکەی و لەسەر خەرجی خاوەنەکەی.

ج/ دەسەلاتی (تلف) کردنی کەل و پەلّی قەدەغەکراو بەماددەی (٦٨) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە ئەنجام بدرێت ، پێویستی بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ناکات و مانگانە بەشێوەی ئامار ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بکرێتەوە لە کارەکان .

د/ ئەو کاڵایانەی کە دەستیان بەسەر گیراوە لە کۆگای گومرگەکان وە زوو بەسەر دەچن یان بەرواری بەسەرچوونیان زۆری نەماوە راستەوخۆ بەرێوەبەری گومرگەکان دەسەڵات دارن بە ئەنجامدانی کاری پێویست بەپێی یاساو رێنمایی گومرگی پێش ئەوەی بەرواری کاڵاکان تەواو بێت .

٥١- هەموو ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر و ئامێرێك بۆی هەیە (٧٢) سەعات لەناو حەرەمی گومرگی یان دەروازە فەرمیە نێودەولەتیەکان بمێنێتەوە ، پاشان (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار سزا بدرێت بۆ هەر (٢٤) سەعاتێك بەمەرجێك هۆی دواکەوتنەکەی لە بازرگانەوە بێت.

٥٢- ئەو ئامێرانەی کە بۆ دامەزراندنی کارگە بەرەزامەندی وەزارەتی پیشەسازی دێنە ناو هەرێم لەکاتی گەرانەوەی پێویستی بە رەزامەندی وەزارەتی ناوبراو هەیە .

٥٣- لەکاتی هاوردەکردنی ئاسنی پیشەسازی وەك ( زاویە ، چەنەل ، راستە ،ئاسنی چوار گۆشە ، پلێت ، شیش ، شیلمان و جۆرەکانی تر ) بۆ ناو هەرێم ، وە دووبارە چوونەدەرەوەی پێویستە بە نوێنەری راستەوخۆ بڕوات بە هیچ شێوەیەك لە شارەکانی هەرێم دانەگیرێت تا دوا خالە فەرمیەکانی گومرگی سەر سنوور ( ئەم رێنماییە بە مەبەستی پالپشتی کردنی بەرهەمی کارگەو پیشەسازیەکانی ناوخۆی هەرێمە) .

٥٤- ئەو برە کێبل و تێلە نحاس (مس) و ئەلەمنیۆم و تەلی فافۆنەی کە کۆنەو بەکارهاتوون و بە زیادکردنی ئاشکرا لە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی کارەبای هەرێم دەکرێنەوە لە سنوری گومرگی پەیوەندیدار پشکنینی بۆ بکرێت دواتر باجی گومرگیان لێوەر دەگیرێت بەپێی جۆری بابەتەکە .

٥٥- کارگەکانی بەرهەم هێن لە هەرێمی کوردستان کە مۆلەتی دامەزراندن و کارکردنیان پی دراوە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی ، لە کاتی هاوردەکردنی کەرستەی خاو بۆ بەرهەمەکانیان باجی گومرگیان لێ وەردەگیرێت بە رێژەی ١٪ بەمەرجێیك لە پیشەسازی بڕی کەرستەی خاوی پێویست بۆ دیاری کرابێت (تقدير الحاجة) بەپێی بڕیاری لیژنە و پێویستی بە مۆلەتی هاوردە نیە .

٥٦- لەکاتی هاوردەکردنی گۆڤار و کتێب و CD سی دی پڕ کراو وە پەرتوکی فێرکاری بۆ خوێندنگاو قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان پێویستی بە رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدارهەیە (جگە لە بابەتەکانی پەراوگە (قرطاسية) بە هەموو جۆرەکانیەوە کە پێویستی بە رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدارنیە و بەپێی پێناسە لەکاتی هاوورده کردن و هەناردە کردندا رەسمی گومرگیان لێوەردەگیرێت .

٥٧- هاوەردەکردنی بەرگی چاپ کراو لە دەرەوە بۆ بەرهەمەکانی کارگەی ناوخۆ دەبێت بەرواری لەسەر نەبێت وە مولەتی کارگەی هەبیت .

٥٨- لەکاتی هاوردەکردنی مادده و ئامێری تیشك دەر (مواد المشعة) پێویستی بە رەزامەندی لایەنی (ژینگە پارێزی) هەیە.

٥٩- هەموو ئەوکالاّ و کەل و پەلاّنەی کە لەلایەن کۆمپانیای پۆستی کەرتی تایبەت هاوردە و هەناردە دەکرێت بەپێی جۆری کالاّکە کە رەسمی گومرگیەکەی لەناو پێناسەی گومرگیدا دیاری کراوە بۆناو هەرێم یان دەرەوەی هەرێم ، لێ وەردەگیرێ جگە لە کالا و کەل و پەلّی کەسێتی و دیاری و خەلاّت (الامتعة الشخصية والهدايا والتبرعات) کە بازرگانی و کرین و فرۆشتنیان پی ناکرێت و برِ و جۆر و کێشەکەکانیان (زۆرکەم و سنوردارن ) .

٦٠- هەر رێنمایی و گۆرانکاریکی تری بواری گومرگی لە داهاتوو لە دوای ئەم رێنماییە تازەیە دەردەچیّ و گشتاندنی پیّ دەکرێت پێویستە :.

أ- بەرواری کارپیکردنەکەی دیاری کرابێت .

ب- لەسەرەتا بە ئیمێل رەوانەی سەرجەم بەرێوەبەرایەتیە گومرگیەکان بکرێت و دواتریش بە نوسراوی فەرمی ئاراستەیان بکرێت .

ج- لەسەر تۆری ئەنتەرنێت لە سایتی گومرگ بلاّوبکرێتەوە .

د- لە کاتی گەیشتنی بە بەرێوەبەرایەتیە گومرگیەکان لە تابلۆی هەلّواسین (لوحة الاعلانات) هەلبواسرێت .

## بەشی دووەم

## لێخۆشبوون لە باجی گومرگی ( الآعفاءات )

بەپێی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی سالّی ١٩٨٤ی هەموار کراو وە ماددەی حەوتەم لە یاسای پیناسەی گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢١)ی سالّی (١٩٩٣) تایبەت بە لێخۆشبوون لە باجی گومرگی (الاعفاءات) وە هەر یاسایەکی تری تایبەت بەو لێخۆشبوونە دەرچوو بێت. پێویستە رەچاوی ئەم خالاّنەی خوارەوە بکرێت :

١- هەموو بابەتەکانی کە لێخۆشبوونیان (بەپێی یاسا) لە باجی گومرگی بۆ کراوە ، لە کاتی هاتنە نـاوەوە باجی گومرگی و باجی دەرامەتی لێوەرناگیرێت تەنها کرێی پشکنینیان لیّ وەردەگیرێت.

٢- هەموو ئەو کالا و بابەتانەی کە لێخۆشبوونیان بۆ کراوە لە کاتی چوونە دەرەوە دا ( هەناردە کردن) بەرێژەی (٥٪) رەسمی گومرگی لیّ وەردەگیرێت .

٣- لەکاتی رِوودانی سەرپێچی لەلایەن بازرگان ، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە گومرگیەکانی تایبەت بـەو کـالاّ و کەل و پەلاّنەی کە لێخۆشبوونیان بۆ کراوە ، کار بە بەهای ناو خشتەی پێناسەی گومرگی هەرێم و یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی سالّی ١٩٨٤ی هەموارکراو دەکرێت .

٤- هەموو ئامێر و كەل و پەلّ و كالاّ یەك كە بۆ دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێم و حكومەتی عێراق دێت و ئەگەر بەپێی (یاسا) لێخۆشبونی بۆ كرابێت لە باجی گومرگی و ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی هەرێمی هەبێ ، پێویستە ڕەچاوی ئەم مەرجانەی خوارەوە بكرێت:-

أ- وەزارەتی پەیوەندیداربە واژووی جەنابی وەزیر یان بریكاری وەزارەت نووسراو ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بكات بە مەبەستی لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی.

ب- دەبێت لیستی پێداویستیەكانی كە مەبەستە لە گومرگ ببەخشرێن هاوپێچی نوسراوەكە بكرێت و مۆركرابێ لە لایەن وەزارەتی داواكار .

ج- جۆرو بڕی لیستەكانی ناو براوی خالّی سەرەوە بەزمانی كوردی یان عەرەبی بەرۆشنایی لەو لیستەدا دیاری بكرێت وەهاوپێچ بكرێت.

٥- كانزاییە گران بەهاكان ( زێر- زیو- پلاتین- ئەلماس ) لەكاتی هاتنی بۆناو هەرێمی كوردستان لێخۆشبونیان لە باجی گومرگی بۆ دەكرێت ، وە رەچاوی خالّەكانی بەشی چوارەمی رێنمایەكانی گومرگ بكرێت .

٦- گازوایل و بەنزین و نەوت و غازی شل لەكاتی هاتنی بۆ ناو هەرێم لێخۆشبوون لە باجی گومرگی دەیان گرێتەوە بەمەرجێك ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت.

٧- خواردەمەنیەكان: (شەكر، ڕۆن ، برنج، ئارد ، زە یتی شل ، گەنم ، شیری ووشكی (تایبەت) بە مندالآن وە خواردنی تایبەتی مندالآنی ساوا لە بابەتی سریلاك و ..... هتد.

٨- دەرمانی مرۆیی و پێداویستی پزیشكی هەموو جۆرێك جگە لە ئامێر(أجهزه)ی پزیشكی كە بە رێژەی (١ ٪) رەسمی گومرگی لێوەر دەگیرێت بەمەرجێك ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی هەبێت.

٩- دەرمانی لەناو بردنی نەخۆشی ئاژەلّ و پەلّەوەر (بەیتەری) و دەرمانی لە ناو بردنی نەخۆشی كشتوكالّی بەمەرجێك ڕەزامەندی وەزارەتی كشتو كالّی هەبێت.

١٠- كەل و پەلّی پروپاگەندە (دعایە)كە كرین و فرۆشتنی پێوە ناكرێت و پێویستە كەل و پەلّی پروپاگەندەكە و ئەو كالآیەی پروپاگەندەی بۆ دەكرێ پێكەوە لە ناویەك هۆكاری گواستنەوە (وسائط النقل) وەك فرۆكە و شاحینات و كۆنتێنەر و بارهەلّگرەكانی تر .... هتد باركرابێت بە مەرجێك كەل و پەلّی پروپاگەندەكە لە یەك تەن زیاتر نەبێت وە ئەگەر لە یەك تەن زیاتر بوو یان ئەگەر بەتەنها باركرابێت پێویستە كاری گومرگی بۆ ئەنجام بدرێت جگە لە كەل و پەلّی پروپاگەندەی تایبەت بە (جگەرە) كا هاتنە ناوەوەی بەپێی یاسای (مكافحة التدخين)ی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣١)ی سالّی (٢٠٠٧) ، قەدەغەیە .

١١- كەل و پەڵ و كاڵای هاوردەكراو لە لایەن لایەنە بیانیەكان بە مەبەستی بەشداری كردن لە پێشانگا نێودەولەتیەكان كە لە عێراق و هەرێم دەكرێنەوە كە بۆ پروپاگەندە و خوان و ئاهەنگ و خستنە روو و جوان كردنی لە گۆشەی پیشانگاكە دادەندرێن ، بەخشراون لە باجی گومرگی بەمەرجێك كۆی رەسمی گومرگیە بەخشراوەكە ، هەروەك لە بڕگەی چوارەم لە ماددەی (١٦٤)ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٨٤ی هاتووە .

١٢- نمونەی بازرگانی (العینات التجاریة) لێخۆشبوون لە باجی گومرگی دەگرێتەوە .

١٣- كەل و پەڵی كەسێتی (الامتعة الشخصیة) و ( اثاثی ناو مال )جگە لە (ئۆتۆمۆبێل) لەكاتی هاوردە كردنیاندا بەپێی ماددەی (١٦٢)ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٨٤ بەخشراون لە باجی گومرگی ، وە لەكاتی چوونە دەرەوەدا بە رێژەی ٥٪ رەسمی گومرگی لێوەر بگیرێت .

١٤- كەل وپەڵ و پێداویستی سوتەمەنی فرۆكەخانە و كۆمپانیای فرۆكەوانی ناوخۆی و دەرەكی بەمەرجێك لە سنوری فرۆكەخانە هاوردەبكرێت و لە سنوری فرۆكەخانە نەچێتە دەرەوە بە رەچاو كردنی بڕگەی (أ) یەكەم / لە ماددەی (١٦٦)ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ وە بۆ پالپشتیەك بۆ بوژانەوە لایەنی فرۆكەوانی و فرۆكەخانەكانی هەرێمی كوردستان .

١٥- پەرتوك ورۆژنامەو گۆڤار و كتێبی ئاینی ئەلكترۆنی بە مەرجێك رەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت لێخۆشبوون دەیانگرێتەوە .

١٦- ئەو كەل و پەلانەی لە رێگای پۆستەی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەناردە و هاوردە دەكرێن لێخۆشبوون لە رەسمی گومرگی دەیان گرێتەوە و تەنها كرێی پشكنینی لێ وەردەگیرێت.

١٧- مەڕومالات و گاو گۆلك ( رەشەوولاغ ) لێخۆشبوون لە باجی گومرگی دەگرێتەوە بەمەرجێك رەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت .

١٨- كالاّ و كەل و پەڵی وەك ( خواردەمەنی و جل و بەرگ و دەرمان و پێداویستی پزیشكی و ڤێتێنەری و مەڕ و مالاّت ) كە لە رێنمایی ناویان هاتووە و بەخشراون لە رەسمی گومرگی پێویستە لە كاتی هاوردەكردندا (مۆلەتی هاوردەكردنیان) هەبێت وە ئەگەر ئەو مۆلەتەیان نەبوو ئەوە بەبڕی ٢٥٪ لە رەسمی كالاكە سزا دەدرێت .

١٩- كالاّ و كەل و پەڵی وەك ( كانزا گران بەهاكان پەرتوك و گۆڤار ، بەرهەمە نەوتیەكان وەك گازوایل و بەنزین و نەوت و غازی شل ) كە لە رێنمایی ناویان هاتوە و بەخشراون لە رەسمی گومرگی پێویستیان بەمۆلەتی بازرگانی نیە .

٢٠- لەکاتی هاووردەکردنی کەل و پەلّ و کالاّ بۆ کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت و هاوولاّتیان کـە گرێبەسـتی ئەنجامدانی پرۆژەیان هەیە لەگەلّ حکومەتی هەرێم وە بە پشتگیری لایەنی پەیوەندیدار بە شێوەی (کاتی)ی کەفالەت یان تأميناتيان لیّ وەردەگیرێت بۆ ماوەی (١) یەك سالّ وە دەکرێت ماوەکـەی درێـژ بکرێتـەوە لەلایەن وەزارەتی دارایی وەردەگیریت ئەمەش لەسەر داوای وەزارەتی پەیوەندیدار بە نوسراوی فەرمی .

**یەکەم: لێخۆشبوونی (بەخشین) وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی (فیدرالّ) لە باجی گومرگی:**

**١- لێخۆشبوونی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم :**

أ- ئاماژە بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٨٠) لە یاسای گومرگی عێراقی (٢٣)ی سالّی ١٩٨٤ی هەموار کراو وە ماددەی حەوتەم لە یاسای باجی گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە(٢١)ی سالّی ١٩٩٣ ، هەموو کەل و پەلّ و کالاّیەك (کە لە لایەن ) یان ( بۆ ) فەرمانگە و دام ودەزگاکانی دەولەت و کەرتی گشتی کەرتی تێکەلاّو و ڕێکخراوەکان هاوردەی دەکەن، پێویستە ڕەسمی گومرگی و باجەکانی بۆ ئەو کەل و پەلّ و کالایانە بدات، تەنها لەو حالەتە نەبێت کە بە دەقێکی یاسایی تایبەت لەو ڕەسم و باجانە لێخۆشبوونیان بۆ کرابێت

ب- بەپێی بڕگەی یەکەم / ب لە ماددەی (١٥٥) ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣) سالّی ١٩٨٤ی هەموار کراو ، لە کاتی هاوردەکردنی هەر کالاّ و کەل و پەلێك کە وەك هاوکاری و یارمەتی و بەخشین (الهبات والتبرعات ) دەیهێنن بۆ ڕێکخراوە خێرخوازەکان یان دام ودەزگا میریەکان و ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداریان هەیە ، بەخشراون لە هەموو باجەکان و تەنها کرێی پشکنینیان لیّ وەردەگیرێت بە مەرجێك سەرەتاکانی (بەلگانەمەکان) کەل و پەلە هاوردەکراوەکان بەناوی ئەو وەزارەتە یان فەرمانگەیە یان ڕێکخراوە خێرخوازەکە بێت وە بەکارهێنانیشی لە لایەن ئەو وەزارەتە یان فەرمانگە یان ڕێکخراوە خێرخوازەکە بێت .

ج- ئەو دام و دەزگا و پرۆژانەی (بەپێی یاسا) لێخۆشبونیان لە ڕەسمی گومرگی بۆ کراوە، لەکاتی هاووردەکردنی کەل و پەلّ کە تایبەتە بەخۆیان نەك فرۆشتن و بازرگانی پێوەکردن ، پێویستی بە مۆلەتی بازرگانی (نی یە). بۆ نموونە : پرۆژەکانی وەبەرهێنان ، دەزگاکانی خێرخوازی ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، سەرجەم پێداویستیە دیبلۆماسیەکان ، هاوکاریە مرۆییەکان ، کەل و پەلّی کەسیەتی (الامتعة الشخصية) ، پێداویستی فرۆکەوانی ناوخۆ .

**٢- لێخۆشبوونی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی ناوەند (عێراق) :**

ئاماژە بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٨٠) لە یاسای گومرگی عێراقی (٢٣)ی سالّی ١٩٨٤ی هەموارکراو هەموو کەل و پەلّ و کالاّیەك (کە لە لایەن ) یان ( بۆ ) فەرمانگە و دام ودەزگاکانی دەولەت و کەرتی گشتی

کەرتی تێکەڵاو و ڕێکخراوەکان هاوردەی دەکەن ، پێویستە ڕەسمی گومرگی و باجەکانی بۆ ئەو کەل و پەڵ و کالایانە بدات، تەنها لەو حالەتە نەبێت کە بە دەقێکی یاسایی تایبەت لەو ڕەسم و باجانە دەبەخشرێت ، ئاماژە بە ناوەرۆکی نووسراوی وەزارەتی دارایی عێراق / دەستەی گشتی گومرگی عێراقی ژمارە (١٢٨٦٦) لە ٢٠١١/٩/٧ کە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم بە نووسراوی ژمارە (٩٩٥٩) لە ٢٠١١/١٠/١٣ ڕەزامەندی لەسەر کردوە – وە لەکاتی بەخشیندا (بەیاسا) کار بەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :

أ- لیستی کاڵاکان ڕوون و ئاشکرابێ وە ماددەکان تێدا دیاربێت وە ژمارە و پێوانە و کێش بە وردی روون کرابێتەوە ، لە هەمان کات دا وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی عەرەبی بۆ دڵنیابوون لە بڕو جۆری وردە کاری کاڵاکان.

ب- ووردبینی تەواو لەلیستی مۆرکراو بە مۆری زیندوو و ڕاستی و درووستی هاوپێچەکان لە کاتی هاتنی نووسراو لە دەستەی گشتی گومرگی عێراقی فیدرال.

ج- هەموو نوسراویکی بەخشین تەنها بو ماوەی ٦مانگ کاری پێ ئەکرێت.

د- پێویستە نووسراوەکانی بەخشین وینەیەك لە گرێبەستەکاندا هاوپیچ بیت و ئاماژە درابێت کە کەل و پەڵ یان کاڵاکە لێخۆشبونیان لە باجی گومرگی بۆ کراوە .

**دووەم: لێخۆشبوونی کۆمپانیاکانی نەوت و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە باجی گومرگی :**

هەموو ئەو کەل و پەڵ و کاڵایانەی کە لە لایەن کۆمپانیا و بەڵێندەرەکانی نەوت کە گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیە ، هاوردەدەکرێن پێویستە ڕەسمی گومرگی بۆ ئەو کەل و پەڵ و کاڵایانە بدات تەنها لەو حالەتە نەبێت کە بەیاسا یان دەقێکی تایبەت لەم ڕەسم و باجانە بەخشرابێت ، وە دەبێت لە گرێبەستەکاندا ئاماژەی پێدرابێت .

**سێیەم: لێخۆشبوونی ڕێکخراوە خێرخوازەکان و ناحکومیەکانی هەرێم :**

أ- گشت ڕێکخراوە خێرخوازیە نێودەوڵەتیەکان لەکاتی هاووردەکردنی پێداویستیەکان بە مەبەستی یارمەتی و بەخشین و هاوکاری مرۆیی بۆ ناو هەرێم و عێراق لە ڕێگای دەروازەکانی هەرێمەوە دەبەخشرێن لە ڕەسمی گومرگی بەپێی ماددەی (١٥٥) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)ی هەمواركراو بە مەرجێك سەرۆکی یەکەی ئیداری ناوچەکە پشتگیری لێ بکات بە نوسراوی فەرمی کە بریتین لە هەرچوار پارێزگاری ( هەولێر- سلێمانی- دهۆك- هەڵەبجە ) لەگەڵ سەرۆکی ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین و لایەنی پەیوەندیدار.

ب- بەپێی یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠١١ لە ماددەی (١٤) بڕگەی (٤) ، دەزگا و ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ناوخۆ (هەرێم) دەبەخشرێن لە ڕەسمی گومرگی بەمەرجێك ئەو ڕێکخراوە ناوی تۆمارکرابێت لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان مەبەست لە هاوردەکردن کاری خێرخوازی و بەخشین بێت .

**چوارەم: لێخۆشبوونی دەستەكانی دبلۆماسی و كونسولگەرییەكان لە باجی گومرگی:**

بۆ بەخشینی گشت سەفارەت و كونسولگەری وكەسایەتیە دبلۆماسیەكان لەڕەسمی گومرگی و سەرجەم باجەكانی تر بۆ هەر كەل و پەڵ و كالایەك كە هاوردەی دەكەن بۆ بەكار هێنانی شەخصی یان بەكارهێنانی رەسمی (بێجگە لەكالآی خۆراكی ومەشروباتی روحی وجگەرە) پێویستە رەچاوی ماددەكانی (١٥٦,١٥٧،١٥٨،١٥٩،١٦٠)ی یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ هەمواركراو بكرێت وە هەر بەخشینێك بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بە ئاگاداری وەزارەتی دەرەوەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندیەكانی دەرەوەی هەرێم یان وەزارەتی ناوخۆ بێت ، وە ئەو كالآیانەی كە هاوردەی دەكەن پێویستە لەگەڵ پێداویستی راستەقینەیان بۆ ئەو كالآیانە بگونجێت و وە وەزیری دارایی بۆی هەیە كە رادەیەك بۆ ئەو بڕە كالایانە دابنێت و سنورداری بكات.

**پێنجەم: لێخۆشبوونی پرۆژەكانی وەبەرهێنانی هەرێم و عێراق بەم شێوەیە دەبێت:**

**أ- لێخۆشبوونی پرۆژەكانی وەبەرهێنانی هەرێم :**

١- سەرجەم پرۆژەكانی وەبەرهێنان بەپێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) دەبێت مۆڵەتی وەبەرهێنانیان لە هەرێم هەبێت .

٢- بەپێی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی پێنجەم لە یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) هەموو كەل و پەڵە سەرەتاییەكان (المواد الاولیة) كە لە لایان كۆمپانیا و بەڵێندەرەكانی وەبەرهێنانەوە بە مەبەستی بەرهەم هێنان هاوردە دەكرێن ، بۆماوەی (٥) پێنج ساڵ لێخۆشبوونی لە باجی گومرگی بۆ دەكرێت بەمەرجێك بڕو جۆری كەل و پەڵە سەرەتایەكان لەلایەن دەستەی گشتی وەبەرهێنانەوە دیاری كرابێت ، دوای ماوەی دیاری كراو پێویستە بەپێی یاسا و رێنمایەكانی گومرگ مامەلەی لەگەڵدابكرێت .

٣- بەپێی بڕگەی شەشەم لە ماددەی پێنجەم لە یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی كوردستان ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦ ، وەبەرهێن كە مۆلەتی وەبەرهێنانی هەرێمی هەیە لەكاتی هاوردەكردنی هەموو پێداویستیەكانی پرۆژەكەی لە ئامێر و دەزگاو پێداویستیەكانی تر (الأت و الألیات و المعدات والأجهزة) لەدەروازەكانی سنوری هەرێمی كوردستان دەبەخشرێن لە هەموو باجی گومرگی بەمەرجێك بۆ پرۆژە وەبەرهێنانەكەی بەكاری بهێنێت .

**ب- لێخۆشبوونی پرۆژەكانی دەستەی وەبەرهێنانی حكومەتی فیدرال:**

بەپێی یاسای وەبەرهێنانی عێراقی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ وە پشت بەستن بە بەندەكانی ئەو یاسایە سەرجەم پرۆژەكانی وەبەرهێنانی بەخشراون لە ڕەسمی دووبارە ئاوەدان كردنەوەی عێراقی كە رێژەكەی (٥%)ی رەسمی گومرگی .

**شەشەم: لێخۆشبوونی لایەنی سەربازی و هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ :**

بەپێی ماددەی (١٦١) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٨٤ی هەمواركراو هەموو كەل و پەڵ وكالا و چەك و پێداویستی سەربازی و بابەتی (تەندروستی سەربازی) و هۆیەكانی گواستنەوە و جل وبەرگی سەربازی و ئەمنی .. هتد ، لێخۆشبوون لە رەسمی گومرگی دەیانگرێتەوە بەمەرجێك رەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت .

## بەشی سێیەم: کالآ و کەل و پەڵە قەدەغەکراوەکان

ئاماژە بە بڕگەی نۆزدەم و بیستەم لە ماددەی یەکەم لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ و لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو نووسراو و ڕێنماییانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە هەنارده کردن و هاووردەکردنی کالآ و کەل و پەڵە قەدەغەکراوەکان پێویستە :.

**یەکەم- ئەم بابەتانە چوونە دەرەوەیان قەدەغەیە:**

١- دراوی عێراقی .

٢- کانزا و بەردە گران بەهاکان.

٣- مەڕ ومالآت و ئاژەڵیً دەگمەن (نادر).

٤- بابەتی یارمەتی مرۆیی و ئەوانەی ڕێـکخراوەکان و دەزگاکانی میری دابەشی دەکەن.

٥- ئاسنە شکاو/ ووردە ئاسن / تەلی دڕکاوی هەموو جۆرێك.

٦- شێلمان/ شیشی(سەبە)ی مسلح/ ئاسنی دروستکراوی خام هەموو جۆرێك جگە لـە وانـەی کـە لـە کـاتی هاوردەکردنا راستەخۆ بە نوێنەر دەرواتەوە دەرەوەی هەرێم.

٧- کەل وپەڵ ویەدەگی کۆنەی ئۆتۆمبێل و ئـامێر (مکـائن) ، جگـە لەوانـەی بەشـێوەی ترانزێـت هـاتووەو دەڕواتەوە دەرەوەی هەرێم .

٨- هەر ئۆتۆمبێلیك بەرواری دروست کردنی لە (٤٠) ساڵ زیاتر بێت .

٩- بردنە دەرەوەی داری بڕاو و خەلۆز (ڕەژوو) (جگە لە سپیدار) قەدەغـەیەو پێویستی بە ڕەزامەندی لایـەنی پەیوەندیدار هەیە.

**دووەم - ئەم بابەتانە هاتنیان بۆ ناو هەرێم قەدەغەیە:**

١- هەیکەلی بڕاوەی ئۆتۆمبێل .

٢- بەرمیلی کۆنە .

٣- عەلاگەی ڕەش جگە لە عەلاگەی گەورەی زبڵ.

٤- یاری ئاگرین (العاب ناریة) وەك فیشەکەشێتە و دەمە قاچان و ساچمەکانی.

٥- دەمانچەی مۆروو هاوێژو چەقۆی حەربەو خەنجەر بۆکس و دارلاستیك و داری شەڕ.

٦- ژەهری ماسی.

٧- دەبەی پلاستیکی بەتاڵـی کۆنە.

٨- چەوری و دونگی مەڕ.

٩- لایتی لێزەری/ لایتی زینۆنی ئۆتۆمبێل + هۆرنی هەوایی ئوتۆمبێل .

١٠- جگەرەی ئەلکترۆنی .

١١- کەل و پەڵی راوکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە .

١٢- پێنوسی حبری سینی بۆ ساختەکاری .

١٣- چاكسازی بەنزین تەنها بە رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدارنەبێت .
١٤- سەرە منظمتی بطلی غاز دروست كراوی وولآتی چین (صین) .
١٥- پێداویستی دامەزراندنی كارەبای كۆنەی بەكارهاتوو .
١٦- قەدەغەكردنی هاوردەكردنی غازی فریۆن لە جۆرەكانی (HCFC/ R11) وە (CF2C/R12) چـونكە كاریگەری خراپی هەیە لەسەر لەناوبردنی چینی ئۆزۆن (كە ئەوەش لەسەر رێنمایی و داواكاری دەسـتەی پاراستنی ژینگەی هەرێمی كوردستان) .
١٧- لەسەر داوای وەزارەتی ئەوقاف هێنانی منارەی مزگەوت دروستكراوی ئاسـن ئێرانـی نـوك تیـژ لەسـەر شێوازی توركی قەدەغەیە بۆ ناو هەرێم.
١٨- بتلی غازی مالآن ( بەتاڵ وپڕ).

**سێ یەم- ئەم بابەتانەی هاتن و رۆیشتنیان قەدەغەیە :**

١- مادده بێهۆشكەرەكان (مخدرات).
٢- چەك و تەقەمەنی.
٣- بابەتی شوێنەوار (ئاثار)
٤- دەست نووسی كۆن (مخطوطات).
٥- ماددەی كیمیاوی (مزدوج )و مادده تیشكدەرەكان.
٦-ماددەی ئەسیتیك ئەنهایدراید.
٧- وێنە و تابلۆ و ئەفلامی سێكسی

## بەشی چوارەم: بەردو كانزای گران بەها / دراو

١- لەكاتی هاتنی گەشتیارانی بیانی بۆ ناو هەرێم پێویستە فۆرمی تایبەتیان بۆ رێك بخرێت بۆ ئەو برە زێـرو دراو وگەوهەر وبەردی گران بەهاو (ئەلماس) كە لەگەڵ خۆیان دا دەیانهێنن لە دەروازە سنوریە گومرگیەكان و فرۆكەخانەكان بۆ ئەوەی لەكاتی گەرانەوەی هەمان بڕ لەگەڵ خۆیان ببەنەوە دەرەوەی هەرێم .
٢- هەر هاوولآتیەكی عێراقی كە نیشتەجێ ی دەرەوەیە بۆی هەیە تەنها بڕی (٢٥٠)دوو سەد و پەنجا گرام زێر لەگەڵ خۆی بیباتە دەرەوە .
٣- هەر هاوولآ تیەكی دانیشتووی عێراق یان هەرێم لەكاتی سەفەر كردنی كـاتی (ئـیش و كـار) بـۆ دەرەوەی وولات بۆی هەیە بڕی (٥٠) پەنجا گرام زێر یان (٥٠) پەنجا گرام زیو لەگەڵ خۆی ببات .
٤- بە لەبەرچاوگرتنی ماددەی چوارەمی یاسایی بانكی مەركەزی عێراقـی ژمـارە (٥٦)ی سـاڵی ٢٠٠٤ وە پابەند بوون بە یاسایی سپی كردنـەوەی دراو ژمـارە (٩٣)ی سـاڵی ٢٠٠٤ عێراقـی ، هەرهاوولاتیـەكی عێراقی یان بیانی لەكاتی سەفەركردنی بۆ دەرەوەی عێراق وەگەڕانەوەی بۆی هەیە بەم ڕێژەیـەی خـوارەوە دراو لەگەڵ خۆی ببات و بهێنێتەوە.

أ- بڕی (١٠٠٠٠$) دە هەزار دۆلاری ئەمەریکی یاخود هەر دراوێکی بیانی کە دوای ئالوگۆڕکردنی پارە کە بە دۆلار لە (١٠٠٠٠) دۆلار زیاتر نەبێ لەگەڵ (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار دیناری عێراقی .

ب- ئەگەر بڕی پارەی ئاماژە پێکراو لەو ڕێژەیە زیاتر بوو کە لەخالی (أ) داهاتووە لەکاتی چوونە دەرەوەو هاتنە ناوەوە بۆ عێراق یان هەرێم دەبێت لەڕێگای بانقی ناوەندی عێراق یان هەرێم بگوازرێتــەوە وە لــەدەروازەی سنووریەکان بەناوی کەسی پەیوەندیدار بێت .

ج- ئەگەر بری پارەی ئاماژە پێکراو لەو بڕە زیاتر بوو کەلە خالی (أ) داهاتووە وە هەوڵی بردنە دەرەوەی یــان هاوردەکردنی درابێت بە شێوەیەکی نا یاسایی و قاچاغ پێویستە پارەکە لە بانقی ناوەندی هەرێم بەشــێوەی أمانات دابنرێ و پاشان لەو بەرێوەبەرایەتیە گومرگیەی کە پارەکەی لێ دەستگیر کردوە بکرێت بە کێشەی گومرگی و بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی‌ساڵی ١٩٨٤ی عێراقی هەموار کراو یەکلایی بکرێتەوە .

٥- بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەر بگیرێت وەك کرێی پشکنین بۆ (١) یەك کیلۆ غرام زێــر . لەکاتی هێنان و بردنی بەمەبەستی ڕێکخستنی ئامار .

٦- بڕی (٥٠٠٠)پێنج هەزار دینار وەربگیرێت وەك کرێی پشکنین بۆ یەك کیلۆغرام زیو لەکاتی هێنان و بردنی بەمەبەستی ڕێکخستنی ئامار.

٧- بابەتەکانی ئەڵماس و بەردی گران بەها لەکاتی هێنان و بردن بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەك کرێی پشکنین وەردەگیرێت بۆ (١کغم) بەمەبەستی ڕێکخستنی ئامار .

٨- لەکاتی هاوردەکردنی زێر پێویستی بە پشکنینی کۆنترۆلی جۆری هەیە .

٩- لەکاتی بردنەدەرەوەی زێری شکاو وە هێنانەوەی دوای چاککردنەوە پێویستە ڕەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکرێت:

أ- لەهەر گەشتێکدا بازرگان بۆی هەیە تەنها بڕی (٥٠کغم) لە زێر لەگەڵ خۆی ببات بۆ دەرەوە وە بۆ زیو تابڕی کەفالەکەی بیباتە دەرەوە .

ب- بۆ (١کغم) زێر بڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن دینار کەفالەتی لێ وەربگیرێت وە بۆ گەرانەوەی دەبێت لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ دا بێت وە هیچ کەفیلێکی تری لێوەرناگیرێت تاکو ئەم بڕەی پاکتاو نەکات کە بردویەتی .

ج- بۆ (١کغم)زیو (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەفالەتی لێ وەربگیرێت.

د- بۆ (١کغم) بەردی گران بەها (٣٠،٠٠٠،٠٠٠) سی ملیۆن دینار کەفالەتی لێ وەربگیرێت .

١٠- گەشتیاری بیانی بەهیچ شێوەیەك بۆی نیە زێرو زیو وسەرجەم بەردو کانزا گرانبــەهاکان بباتــە دەرەوەی هەرێم جگە لەوەی لەکاتی هاتنی رایگەیاندوە و بۆی تۆمارکراوە..

١١- لەكاتی رووداني سەرپێچی بۆ زێر و بابەتەكانی ، كێشەكەی رەوانەی دادگای گومرگی بكرێت بۆ یەكلایی كردنەوەی جگە لەو كێشانەی كە پەیوەندی بە راگەیاندنی گومرگی (بيان التصريحة) هەیە هەروەك لە بەشی شەشەم برگەی (٣)ی خالی (د - ٣) ی ئەم رێنماییە گومرگیە دیاری كراوە .

## بەشی پێنجەم: ئۆتۆمبێل و ئامێر

**یەكەم:**

ئەو ئۆتۆمۆبێل و ئامێرانەی كە لە سنوورەكانی تری عێراق دێنە نـاو هـەرێمی كوردسـتان بـە مەبەسـتی تۆماركردن پاش دڵنیابوون لەسەرەتاكانی ئۆتۆمۆبێلەكە و بەراوردكردنی بە ئۆتۆمۆبێلەكە كاری یاسایی بۆ ئەنجام دەدرێت لەلایەن بەرێـوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدارەوە وە رەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە دەكرێت:-

أ- مەنەفیستی عێراقی وێنەی رەسەن (أصلي) و شێوەو مۆری هیچ گومانی لەسەرنەبێت.

ب- پسوولەی دووبارە ئاوەدانكردنەوەی عێراق ( أعادة اعمار )ی لەگەڵ بێت.

ج- پسوولەی محاسبە (٣٧أ)ی وەرگرتنی باجی گومرگی لەگەڵ بێت.

د- بەڵـێن نامەیەك لە فەرمانگەی گومرگ بەشی یاسا بۆسەلماندنی دروستی سەرەتاكان موڵكداری خاوەنەكەی رێك بخرێت.

هـ- ژمارەی لاشەی (شاصي) رەسەن بێت و دەستكاری نەكرابێ و نەبڕابێتەوە .

و- جیاوازی رەسمی گومرگی لێ وەر بگیرێت، ئەگەر جیاوازی گومرگی هەبوو.

ز- چەسپاندنی خەسلەتەكانی( تثبيت مواصفات ) بۆ دەكرێت بە كرێی پشكنین .

ح- بۆ دڵنیا بوون لە راستی و دروستی (صحة صدور) سەرەتاكان پێویستە بەرێوەبەرایەتی گشـتی هاتووچـۆی هەرێم لەلای خۆیەوە ئاگاداری لایەنی پەیوەندیداربكات بۆ ئەم مەبەستە .

**دووەم :**

رێگا دەدرێت بە كەل و پەڵ و یەدەگی ئۆتۆمبێل و ئامێری نوێ بچێتە دەرەوەی هەرێم بەمەرجێك مەنەفێستی هەبێت و سەرەتاكان بیسەلمێنی كە لەدەرەوە هاتوون .

**سێیەم :**

بۆ پەیرەوكردنی مۆدێل لە بەرواری ٩/١ ی هەموساڵێك مۆدێل دەگۆرێت وە مۆدیلێك سەر دەكەوێت لـەكاتی هاتنی ئۆتۆمبێل وئامێر بۆ ناوهەرێمی كوردستان .

**چوارەم :**

لەكاتی هاوردەكردن پێویستە بازرگان مۆلەتی هاوردەی تایبەت بە ئۆتۆمبێلی هەبێت ، جگە لەو ئۆتۆمبێلانەی كە بە لێخورین دێت .

**پێنجەم:**

لەكاتی هاوردەكردنی ئۆتۆمبێل پێویستی بە رەزامەندی كۆنترۆڵی جۆری هەیە . جگە لە ئۆتۆمبێلی زری پۆش (درع) و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە سەروی (٣) تەن .

**شەشەم :**

سەبارەت بەو ئۆتۆمبێل وئامێرانەی لە دام ودەزگاکانی میری دەفرۆشرێن بە زیادکردنی ئاشکرا ئەگەر ئاماژە نەدرابوو بە وەرگرتنی باجی گومرگی ، دەبێت پەیڕەوی ئەم خالأنەی خوارەوە بکرێت:-

أ- ئەو ئۆتۆمبێل وئامێرانەی تۆمارکراون لەبەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ کانی هەرێم کڕابێ بۆ میری وپاش چەندساڵ دەفرۆشرێتەوە بە زیادکردنی ئاشکرا .دەبێت مولـکداریەکەی بچەسپێت بۆ ئەو کەسەی کە کڕیویەتی بەئاگاداری بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ.

ب- ئەوئۆتۆمبێل وئامێرانەی لەدەرەوە هاتوون و تۆمار نەکراون لەبەرێوەبەرایەتی هاتووچۆکانی هەرێم، کڕابن بۆدەزگاکانی میری پاشان فرۆشرابن بەزیادکرنی ئاشکرا دەبێت بە پێی ئەومەرجانە کە لە زیادکرنی ئاشکرا بڕیاری لە سەر دراوە کاری بۆ ئەنجام بدرێت .

ج- ئەو ئوتومبێل و ئامێرانەی ژمارەی میریان بەستووە کە دەفرۆشرێنەوە بە زیادکردنی ئاشکرا ئەگەر مۆدیلەکانیان لە ساڵی ١٩٩٥ کەمتر نەبوو بە تۆمار دەفرۆشێن وە لەگەڵ تێپەربوونی هەر ساڵێك مۆدێلێك بەرز دەکرێتەوە لە خوار ئەو مۆدیلە بە هەڵوەشاوە (تەرقین قید) دەفرۆشێت .

د- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بە زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشرێن مۆدیلەکانیان بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان کاری تۆماریان بۆ ئەنجام دەدرێت دوای وەرگرتنی ڕسمی گومرگی بەپێی پێناسە کە لە لایەن ( هێزی عێراقی یان کوردستان یان رێکخراوەکان یان هەر لایەنێکی تری نا حکومی ) دەفرۆشرێن دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و دارایی.

**حەوتەم:**

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی لاشە و کابینەیان لێك جیاناکرێتەوە واتە (بەلەمن) بڕاوەتەوە ئەوە دەبێت تەنها بۆ هەلوەشانەوە بێت لە رێگای دادگای گومرگی بڕیاری لەسەر بدرێت .

**هەشتەم :**

چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە گومرگیەکانی تایبەت بە ئۆتۆمۆمبێل وئامێر کە گۆڕانکاری تێدا دەکرێت لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ ئاراستەی هەرسێ بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکانی (هەولێر/ دهۆك / سلێمانی) دەکرێت.

أ- ئەو ئۆتۆمۆمبێل وئامێرانەی گۆڕانکاری لە کابینەی (قمارە) ، لاشە (شاصی) ، کرابێت بەمەرجێك بەلـگەنامەی ڕەسمیان هەبێت تەنها لاشە و پلێتەکەی رەسەن بێت چەسپاندنی خەسلـەتەکانیان (تثبیت مواصفات) یان بۆ دەکرێت و کرێی پشکنینیان لێوەردەگیرێت بەبڕی (٧٥٠٠ ) حەوت هەزار و پێنج سەد دینار.

ب- ئەو ئۆتۆمبێلانەی لاشە (شاصی) و قەمارەیان جیاوازنیە واتە یەك پارچەن ئەگەر پلێتی قەمارەی کەوتبوو پێویستە دروشمی(شعاری) گومرگی لەلای شوفێربدرێت بەسزای گومرگی.

ج- ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی تۆمار کرابوون لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی (هەولێر- سلێمانی- دهۆك) مامەڵـەی مراندنیان واتە (ترقین قید)یان بۆ دەکرێت لەلایەن خاوەنەکانیانەوە ئەگەر لاشەیان رەسەن بێت یـان دەست کاری کرابێت یان بڕابێتەوە دەبێت رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ /بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچـۆی هـەبێت ئینجا بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندار کاری یاسای بۆ ئەنجام دەدات بە بێ ناردن بۆ دادگای گـومرگی پاشان بەڕێوەبەرایەتی هاتوو چۆی پەیوەندیداری لێ ئاگادار دەکاتەوە کاری هەلوەشاندنەوەی بۆ ئەنجام دەدات

د- ئەو ئۆتۆمۆمبێل وئامێرانەی ساڵنامە (سنوی) هەیە تۆمارن لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆکان ، لاشە(شاصی) و کابینە (قمارە) یان جیاوازە واتـە لەیـەك جیادەکرێتـەوە ئەگـەر شاصـیان بڕابێتـەوە یـان ژمارەکانیـان دەستکاری کرا بێت هیچ کارێکییان بۆ ئەنجام نادرێت تەنهادەبێ لە ڕێگای دادگای گـومرگی بێـت بـەپێی یاسای سزادانی عێراقی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت .

ه- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی کابینە ( قەمارەیان ) لێك جیا دەکرێتەوە لەگەڵ لاشەی کابینەی گـۆڕاوە یـا کابینەی بڕاوەتەوە یان پلیتەی کابینەی دەست کاری کردوە و ئەوا دەبێت ڕەوانەی دادگای گومرگی بکریت .

**نۆیەم:**

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی لاشە و کابینەیان لێك جیا ناکرێتەو بڕاونەتەوە دەبێت تەنها بۆ هەڵوەشاندنەوە بێت بەمەرجێك خاوەنی داوا بکات لە فەرمانگەی داد نووسی کفالەت بدات ئینجا کاری یاسایی لـە فەرمانگـەی گومرگی پەیوەندیداربۆ بکرێت بە رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ.

**دەیەم:**

بۆ ئەنجامدانی کاری گومرگی یان یاسایی بۆ ئەو ئوتۆمبێلانەی کە تۆمارکراون پاشان گۆڕانکاریان تێدا نەکریت، سزاکەیان بەم شیوەیەی خوارەوە دەبیت .

١- گۆڕینی ڕەنگەکەی (اللون) بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانـەی کـە دوای تۆمـارکردن ئـەنجام ئـەدریت (٢٪)ی رەسمـی گومرگیەکەی × (٢) دەکرێت.

٢- ئەو ئوتۆمبێلانەی کە لاشە (شاصی) و کابینە ( قمارە ) یان جیاواز نیە (بەلـەمن) دەسـکاری پلیتـەیان کرابێت وە ژمارەی حفریان رەسەن بیت ٢٪ وەرسمی گومرگی ×٢ دەکرێت.

٣- دەسکاری پلیتەی کابینە ( قمارە ) لە ئەنجامی کۆن بون یان دەعم ...هتد ژمارە شاصی قمارە یان جیاوازە (٥٪ ) ڕەسمی گومرگیەکەی ×٢ دەکرێت.

٤- ئەگەر ژمارەی لاشە(شاصی) دەستکاری کرابێت لە ئەنجامی دەعم یان خۆرکەو کـۆن بـوون یـان گـۆڕینی شاصی بەشێوەی یاسایی(١٠٪) رەسمی گومرگی ×٥ دەکرێت .

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ژمارەی (شاصی) یان رەسەنە و زیاتر لە جێگەیەك پلیتی قمارەیان هەیە لە کـاتی کەوتنی یەکیك لە پلیتەکان، تەنها چەسپاندنی خەسلەتەکانی (تثبیت مواصفات) بۆ بکرێت .

٦- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لاشەو کابینەیان کە لیك جیاناکریتەوە (بەلەمن) زیاتر لە جیگەیەك ژمارەی شاصی و پلیتەیان هەیە ئەگەر دەسکاری یەکێك لە ژمارەکان کرابوو لە جێگەکەی تر رەسەن بوو ، ئۆتۆمبێلەکەش بڕاوە نەبوو چەسپاندنی لە خەسلەتەکانی (تثبیت مواصفات) بۆ بکرێت .

٧- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەشێوەی نایاسایی دەسکاری ژمارەی (شاصی) یان کراوە یان شاصی گۆراوەو سەرەتا ( اولیات)ی یاسایی نیە بە یاسای سزادانی عێراقی مامەلە لەگەڵ بکرێت .

٨- ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەهاکەیان لە پێناسەدا نیە پلیتەکەیان کەوتووە (٥%) رەسمی گومرگی ×(٢) دەکرێت بەهاکەی بەلیژنە دیاری دەکرێت .

٩- بۆدی لۆری ، بۆدی گەلآبە ، عارەبانەی تەنکەر، عارەبانەی فلات ئەگەر دروستکراوی ناوخۆ بێت یان لەشارەکانی تری عێراق دروست کرابێت ،بە پێی پێناسە رەسمی گومرگیەکەی دیاری دەکرێت ، دواتر بەڕێژەی (١٠% ) ڕەسمی گومرگیەکەی × (٣) دەکرێت .

لەکاتی ئەنجام دانی کاری یاسایی، وەك سزا بە مەرجێ ئەو گۆڕانکاریە ژمارە و دروشمی گومرگی لێ بدرێت.

١٠- لاشەی عارەبانە ئەگەر پلێتەکەی دەست کاری کرابوو وە حفری لاشەی رەسەن نەبوو یاخوت حفری لاشەو پلێتەکەی دەست کاری کرابوو پێویستە رەوانەی دادگای گومرگی بکرێت .

١١- ئەگەر حەفری لاشەی عەرەبانە رەسەن بوو وە پلێتەی نەبوو چەسپاندنی خەسلەتەکانی بۆ دەکرێت بە کرێی پشکنین .

١٢- عارەبانەی ترێلە کە دروستکراوی بیانیە و سەرەتای نیە و ژمارەی لاشەی ڕەسەنە و دەستکاری نەکراوە دەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەبێت ئینجا کاری تۆماری بۆ دەکرێت ، بەهاکەی دەخەملێنرێت بەڕێژەی( ٥% ) بەهاکەی ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت .

١٣- هەر عارەبانەیەك ئەگەر حفری لاشەی نەبوو لاشەی تەنها پلێت بوو پلێتەکە رەسەن بوو پلێتەکەی بۆ بکرێت بە ژمارە و دروشمی گومرگی لەبەر ئەوەی پلێتەکەی قابیلی کەوتن و لێبوونەوەیە.

١٤- لاشەی عارەبانەی (تریلە) ئەگەر ژمارەی لاشەی لەسەر حەفر و پلێتە بوو حەفرەکەی رەسەن بوو بەلآم پلێتەکەی دەستکاری کرابوو یان کەوتبوو تەنها کرێی پشکنینی لێوەر دەگیرێت پنتە و دروشمی لێ نادرێت ژمارەی رەسەنی سەر عارەبانەکەی بۆ دەچەسپێندرێت .

**یازدە:**

أ- گۆرینی کابینە (قمارە) یان لاشە (شاصی) قەدەغەیە جگە لەو کابینە (قمارە) یان لاشە کە سەرەتایان هەیە کە دەیسەلمێنێ لە دەرەوە هاتووە یان بە نووسراوی ترقین قید لە مەزادی ئاشکرا کڕاوە پاشان کابینە کۆنەکە پان بکرێتەوە وە لاشە کۆنەکە پارچە پارچە بکرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندی دار.

ب- بۆ هێنانی کابینەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە دەرەوەی هەرێم کۆنووسی پشکنینی بۆ ڕێك دەخرێت لەلایەن لیژنەی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ پاشان بە نووسراو ئاڕاستەی ئەو دەروازەیە دەکرێت کە کابینەکەی لێ دێتە ناو هەرێم.

**دوازدە:**

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بێ ژمارەن و بێ سەرەتان وەزارەتی ناوخۆ داوا دەکات تۆمار بکرێن یان تۆمار کراون بەپێی بڵاونامەی ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٣) و بەپێی ڕێنماییەکانی بەشی پێنجەم خاڵی (٥) هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت وە ئەگەر دەستکاری ژمارەی لاشەیان (شاصی) کرابوون دەبێ ڕەوانەی دادگای گومرگی بکرێن .

**سێزدە:**

ئەو ئۆتۆمبێلانەی تۆمار کراون لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی شارەکانی هەرێمی کوردستان خاوەنی دەیەوێ بیباتە دەرەوەی هەرێم بەیەك جاری پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ وەرگرتنەوەی ساڵانە و تابلۆ و کوژانەوەی سەرەتاکان بەپێی پێناسە باجی گومرگیان لێ وەردەگیرێت وە ئەگەر مۆدیلیان لە خوار پێناسەی گومرگی بوو بەهاکەی دەخەملێنرێن بەڕێژەی (١٪) ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت .

**چواردە:**

ئەو ئۆتۆمبێلانەی تەمەنیان (٤٠) ساڵە وەك پاشماوە وەکو (اثار) قەدەغەیە بچێتە دەرەوەی هەرێم .

**پانزە:**

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دێنە ناو هەرێمی کوردستان ئەگەر هەڵە لە ژمارەی لاشەیان لەگەڵ مەنەفێستەکەی هەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ( هەولێر و دهۆك و سلێمانی ) بۆیان ڕاست بکرێتەوە بە مەرجێك ئەو ژمارە هەڵەیە کاریگەری لە سەر گۆڕینی مۆدیل نەبێت وە ئۆتۆمبێلی کیلۆ مەتر سفر ئەگەر (٣) سێ ژمارەی لاشە سەرەتاییەکەی پێکەوە هەڵە بوون یان هەشتەمین ژمارە کە مۆدیل دیار دەکات هەڵە بێت پێویستە ڕەوانەی دەروازەی ئەو سنوورە بکرێتەوە کە لێوەی هاتۆتە ناو هەرێم بۆ ڕاست کردنەوەیان .

**شازدە:**

بۆ هێنانی ئۆتۆمبێلی زرێپۆش (درع) بۆ ناو عێراق و هەرێم پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵ و مەرجانەی خوارەوە بکرێت بۆ هەر کەسێك و هەر کۆمپانیایەك :-

أ- وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە دەسەڵات بدات بۆ ڕێگاپێدانی هاووردنی ئۆتۆمبێلی زرێپۆش (درع) .

ب- ئۆتۆمبێلی ناوبراو لە بڕگەی (أ) تۆمار دەکرێت لە تۆمارگەی تایبەتی بڕوادار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی عێراق یان هەرێم لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری هاتنی .

ج- پێویستە فەرمانگەکانی میری و هاووڵاتیان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و تێکەڵاو وەلایەنەکانی تر هەستن بە تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی زرێپۆش (درع) کە تایبەتە بە خۆیان وە پێشوو تر تۆمار نەکراوە یان گۆڕانی بە سەردا هاتووە (تحوير) لە ئۆتۆمبێلی ئاسایی بۆ زرێپۆش لە تۆمارگەیەکی تایبەتی باوەڕپێکراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ.

د - پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ یان دەسەڵات پێدراو وەربگیرێت لە کاتی گواستنەوەی موڵکیەتی زرێپۆش لە فرۆشیار بۆ کڕیار وە هەروەها (تحوير) کردنی ئۆتۆمبێلی ئاسایی بۆ ئۆتۆمبێلی زرێپۆش یان گۆڕینی بۆ ناوی کەسێکی تر .

هـ- بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ بۆی هەیە بڕیارەکانی (احکام)ی یاسایی هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) جێ بە جێ بکات لە سەر ئەو کەسانەی سەرپێچی لەو بڕیارە دەکەن .

و- لەکاتی گۆڕینی ئۆتۆمبێلی ئاسایی بۆ زرێپۆش دەبێت ئۆتۆمبێلەکە بنێردرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بەپێدانی رەزامەندی لە بەرێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار پشکنینی لە سەر بکرێت وە ڕەسم لەو پارچانەی کە گۆردراوە وەربگیرێت.

ز- بڕیارەکە ئەو ئۆتۆمبێلە زرێپۆشانە ناگرێتەوە کە بەشێوەی هێنانی کاتی (ادخال کمرك مؤقت) هاتۆتە ناو هەرێم بە مەرجێك بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بکات بەو ژمارە کاتیە و جۆرو ژمارەی لاشەو مۆدێلەکەی دراوەتە ئۆتۆمبێلی دیاری کراو وە ناونیشانی ئەو لایەنەی کە بەکاری دەهێنێ لە ماوەی (٣٠) رۆژ .

ر- وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی ڕێنمای پێویست دەردەکەن بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی بڕیارەکە .

ح- بۆ ئۆتۆمبێلی زرێپۆش کاتێ گۆڕانکاری تێدا دەکرێت (دووقات) سزای لێ وەردەگیرێ .

**حەڤدە:**

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی ژمارەی لاشەیان دەستکاری کراوە یان بۆ هەر گۆرانکاریەکی تر ڕەوانەی دادگای گومرگی دەکرێن لای خاوەنەکانیان بمێنێتەوە پاش وەرگرتنی کەفالەتی دادنووس بە بەهای ئۆتۆمبێلەکە تاوەکو کێشەی لە دادگای گومرگی تەواو دەبێت .

**هەژدە:**

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دێنە ناو هەرێم پاشان خاوەنەکانیان ڕەخنەیان هەیە لە سەر مۆدێلەکانیان پێویستە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان سەردانی ئەو دەروازەیە بکەن کە ئۆتۆمبێلەکەی لێوەهاتۆتە ناو هەرێم بەمەرجێك دیاری کردنی مۆدیلەکەی لەسەر پێکهاتەکانی نەبێت .

**نۆزدە:**

أ- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە گەشتیاران لە کاتی هاتنیان بۆ ناو هەرێم لەگەڵ خۆیان دەهێنن مۆدیلەکانیان لە خوار مۆدیلی ڕیگا پێدراوە ئەگەر خاوەنەکەی نەیویست بیگەڕێنێتەوە دەبێ تەنازول بکات دەستی بە سەر دادەگیرێت و (مصادرة) دەکرێت بەپێی یاسایی گومرگی عێراقی .

ب- هەر ئۆتۆمبێلێك گەشتیار لەگەڵ خۆی دەیهێنێت مۆدیلی رێگا پێدراوە خاوەنەکەی داوادەکات نەیگەرێنێتەوە پێویستی بەو مەرج و بەڵگەنامانە هەیە :

١- دەبێ بە لێخورین هاتبێت .

٢- مەرجەکانی کوالیتی کۆنترۆلی هەبێت .

٣- سالنامەی رەسەن کە بیسەلمێنێ کە بەناوی ئەو کەسەیە .

٤- ئەو کەسە پێویستە عێراقی بێت و بەڵگانامەی عێراقی هەبێت .
٥- بە وەکالەت نابێت و بۆ کۆمپانیاش نابێت .
٦- پێویستی بە مۆڵەتی هاوردن نیە .

**بیست:**

أ- دانانی لیژنەی هاوبەش لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گومرگی (هەولێر/ دهۆك/ سلێمانی) و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پەیوەندیدار بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی ئۆتۆمبێل کە ڕۆژانە دێتە پێش .
ب- بۆ هەر پێشهاتێك و کێشەیەکی ئۆتۆمبێل و ئامێر لە دەروازە سنووریەکان دێتە پێش بە لیژنەی هاوبەش لە ئاستی پارێزگاکان لەگەڵ دەروازە سنوریەکان بڕیاری لە سەر دەدەن وە ئەگەر نەتوانرا چارەسەری بکەن بە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بڕیاری لە سەر دەدەن .

**بیست و یەك:**

ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگر و ئامێرانەی کە دێنە ناو هەرێم ژمارەی لاشەیان خۆرکە لێی داوە و ڕەسەنە هەندێك ژمارەیان دیارە مۆدیلەکەیان ڕێگاپێدراوە پێویستە لە سەرەتاکانی لەو دەروازەیەی کە لێی دێتە ناو هەرێم ئاماژەی پێ بدرێت لە ناو مەنەفێست وە ئەگەر مۆدیل لەسەر ژمارەی لاشە دیاری بکرێت ژمارەکانی دیار نەبوون ڕێگای پێنادرێت

**بیست و دوو:**

ئەو هاوولاتیانەی کە بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان دێنە ناو هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن :-
١- لە جیاتی وەرگرتنی پاسەپۆرت مۆرێکی تایبەتی بە هێنانی ئۆتۆمبێل لە پاسەپۆرتەکەیان بدرێت لەلایەن بنکەی پاسەپۆرتەوە وە جۆرو مۆدیل و ژمارەی لاشە لەسەر پاسەپۆرتەکەی تۆمار بکرێت .
٢- لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگەوە پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە بە خەسڵەتەکانیەوە لە فۆرمێکی تایبەت ڕێك بخرێت.
٣- لەکاتی گەڕانەوەیان لە هەر دەروازەیەکی زەمینی و ئاسمانی و دەریایی ڕیگایان پێ نەدرێت لە چوونە دەرەوەیان تاکو ئۆتۆمبێلەکە دەگەڕێننەوە .
٤- لەکاتی هاتنە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی گەشتیاری بیانی/ بۆ ناو هەرێم ناو نیشانی تەواوی وەربگیرێت ژمارەی پاسپۆرت و ژمارەی مۆبایل بخرێتە سەر فۆرمی پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە .

**بیست و سێ:**

دەفتەری ڕێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێل (دفتر رخصة تجوال السيارات) .
ئەو هاولاتیانەی دانیشتووی هەرێمی کوردستانن بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان سەفەر دەکەن بۆ دەرەوەی هەرێم بۆ پێدانی دەفتەری گەڕانی ئۆتۆمبێل (رخصة تجوال) لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :

١- پێویستە خاوەنی ئۆتۆمبێل و بریکارەکانی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بن .
٢- دەبێت ئۆتۆمبێلەکە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی شارەکانی هەرێم تۆمار کرابێت .
٣- پێویستە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچن داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار بکەن بۆ پێدانی دەفتەری ڕێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێل .
٤- نیشانەی گلدانەوە (علامة حجز) لە سەر ئۆتۆمبێلەکە دادەنرێت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار ، دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ نووسراوێك ئاراستەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دەکات ، بۆ دڵنیابوون لە سەرەتاکان و ئەنجام نەدانی مامەڵەی فرۆشتن وبەناو کردن بۆ ئۆتۆمبێلەکە تا وەکو بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار ئاگاداریان دەکاتەوە لەگەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکە .
٥- بۆ ئۆتۆمبێلی میری دەبێت نووسراوی فەرمی لە وەزارەتی داواکار ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ بکرێت بە واژووی وەزیر یان بریکاری وەزیر .
٦- خاوەن ئۆتۆمبێل بۆی هەیە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگ بکات بۆ گۆڕینی ناوی شوفێرەکان و پێدانی دەفتەرێکی ڕێپێدانی گەڕانی نوێ بە مەرجێك بەهای دیاری کراوی دەفتەرەکە بدات .
٧- لەکاتی پوچەڵ کردنەوەی دەفتەری گەڕانی ڕێگا پێدانی ئۆتۆمبێل پێویستە خاوەنی ئۆتۆمبێل یان بریکارەکەی ئامادەبێت .
٨- لەکاتی تازەکردنەوەی گەڕانی ئۆتۆمبێل پێویستە کەفیلەکەی ئامادە بێت لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار.
٩- بڕە پارەی دیاری کراو وەردەگیرێت بۆ ڕێکخستنی دەفتەری ڕێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێل بەم شێوەی خوارەوە:
أ- بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو کرێ ، بڕی (٨٠,٠٠٠) هەشتا هەزار دینار وەر دەگیرێت بۆ دەفتەری (٧٢) حەفتاو دوو سەفەری .
ب- بۆ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و کرێ و تایبەت ، بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار وەر دەگیرێت بۆ دەفتەری (٢١) بیست و یەك سەفەری .
ج - بۆ ئۆتۆمبێلی تایبەت یان کرێ ، بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار وەر دەگیرێت بۆ دەفتەری (١) یەك سەفەری .
د- کرێی پشکنین وەردەگیرێت ، بەبڕی (٧٥٠٠) حەفت هەزارو پێنج سەد دینار لەکاتی پێدان و نوێ کردنەوە و پوچەڵ کردنەوەی دەفتەری ڕێپێدان .
هـ - لەکاتی دەرچوون و گەڕانەوەی ئۆتۆمبێل لە دەروازەکان کرێی پشکنینی بە بڕی (٧٥٠٠) حەوت هەزار و پێنج سەد دیناری لێ وەردەگیرێت .
و- لەکاتی وون کردنی دەفتەری ڕێپێدانی گەڕانی ئۆتۆمبێل دەبێت مامەڵەی وون بوونی بۆ بکرێت لە فەرمانگەی پۆلیس بە بری ٧٥٠٠٠ دینار دواتر سزای وون بوونی دەفتەرەکەی لێ وەردەگیرێت .

ز- دوای (١) یەك مانگ لە بەسەرچوونی ماوەی دەفتەرەکە سزای دواکەوتن بۆ هەر رۆژێك بڕی یەك هەزار دینار وەردەگیرێت .

ر- ئەو هاوولاَتیانەی دەفتەری گەڕانی ئۆتۆمبێلیان (رخصة التجوال) دەرهێناوە و هیچ سەفەرێکیان پێ نەکردووە لە هەر رێکەوتێك بێت لە سزای دواکەوتنیان دەبوردرێن .

ح- لەکاتی نەگەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکە دوای ئاگادار کردنەوەی خاوەنەکەی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگ ئەگەر خاوەنەکەی لە ماوەی مانگێك دوای ئاگادار کردنەوە پابەند نەبوو بەگەڕانەوەی ئۆتۆمبێلەکەی بەپێی ماددەی(١٩١-١٩٢)ی یاسایی گومرگی ژمارە (٢٣) ساڵی (١٩٨٤) رێوشوێنی یاسایی بەرامبەر دەگیرێتە بەر .

خ- بەڕێوەبەرایەتی گومرگی دەروازە فەرمیەکان بۆیان هەیە دەفتەری یەك سەفەری رێپێدان بدەن بەو ئۆتۆمبێلانەی تایبەتن لە دوای گەڕانەوەیان دەفتەرەکەیان لێ وەردەگیرێتەوە .

ن- ئەو ئۆتۆمبێلانەی دەفتەری رێپێدان وەردەگرن ، ئەگەر لە دەرەوەی وولاَت دەستی بەسەر داگیرا بە تۆمەتی دزیاری یاخود هەر تاوانێکی تر پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندار بگەڕێتەوە بۆ بڕیاری دادگا ، دواتر ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی گومرگ پێ وەربگرێت بۆ پوچەڵ کردنەوەی (إبطال) دەفتەرەکە .

س- ئەو هاوولاَتیە بیانیانەی کە لە کوردستان نیشتەجێن وە ئۆتۆمبێلی هەرێمی کوردستانیان بە ناوە یان بەناوی کۆمپانیاکەیانە رێگایان پێ دەدرێت بۆ سەفەر کردن بۆ دەرەوەی هەرێم کە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ڕەزامەندی دابوو بە نووسراویان ژمارە (١٢٣٦٧) لە ٢٠١١/٦/٦ وە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بە ژمارە (٦٢٠٨) لە ٢٠١١/٦/٢٧ گشتاندن کراوە بە مەرجێك کفالەت بدات ئۆتۆمبێلەکە بگەڕێنێتەوە ، ئینجا دەفتەری رێگاپێدانی (رخصة تجوال)ی پێبدرێت .

ع- بەهای ئۆتۆمبێلەکە بەپێی خشتەی دیاری کراوی ناو ئەم رێنماییە دیاری دەکرێت وەکاری کەفالەت و کەفیلەکە بەپێی یاسای داد نووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ی عێراقی دیاری دەکرێت .

## خشتەی دیاری کردنی بەهای ئۆتۆمبێل بۆ دەفتەری گەڕانی ئۆتۆمبێل

| | ئۆتۆمبێلی صالۆن هەموو جۆرێك + استیشن نزم | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مۆدیل | ٢٠٠٠ بۆ خوارەوە | ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٠٩ | ٢٠١٠ تاوەکو ٢٠١٢ | ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤ |
| | بەها | ٤ ملیۆن | ٦ ملیۆن | ٨ ملیۆن | ١٠ ملیۆن |

| | ئۆتۆمبێلی استیشن ( بلَند ) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | مۆدیل | ٢٠٠٥ بۆخوارەوە | ٢٠٠٦ تاوەکو ٢٠١٠ | ٢٠١١ تاوەکو ٢٠١٢ | ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤ |
| | بەها | ٦ ملیۆن | ٨ ملیۆن | ١٠ ملیۆن | ١٢ ملیۆن |

| ئۆتۆمبێلی تویوتا لاندگروز استیشن لەم بابەتانە گران بەها بێت | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | مۆدیل | ٢٠٠٥ بۆخوارەوە | ٢٠٠٦ تاوەکو ٢٠١٠ | ٢٠١١ تاوەکو ٢٠١٢ | ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤ |
| | بەها | ٨ ملیۆن | ١٠ ملیۆن | ١٢ ملیۆن | ١٥ ملیۆن |

| ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر هەموو جۆرێك جگە لە پیك اب | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | مۆدیل | ٢٠٠٠ بۆخوارەوە | ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٠٤ | ٢٠٠٥ تاوەکو ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٤ |
| | بەها | ٨ ملیۆن | ١٠ ملیۆن | ١٢ ملیۆن | ١٥ ملیۆن |

| ئۆتۆمبێلی پیکاب هەموو جۆرێك | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مۆدیل | ٢٠٠٠ بۆ خوارەوە | ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٤ | ٢٠٠٥ بۆ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٤ |
| بەها | ٦ ملیۆن دینار | ٨ ملیۆن دینار | ١٠ ملیۆن دینار | ١٢ ملیۆن دینار |

**تێبینی/** بۆ هەر مۆدیلێك لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بۆ سەرەوە بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار دەچێتە سەر بەهاکەی .

**بیست و چوار:**

عارەبانە ئەگەر حەفری لاشەی نەبوو تەنها پلێتەی هەبوو وە پلێتەکەشی دەستکاری کرابوو لە سنوورەکان ڕێگایان پێ نەدرێت بۆ ناو هەرێم .

**بیست و پێنج:**

ئەو ئۆتۆمبێل و پاسانەی وەکو گەشتیار دێنە ناو هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕەسمی گومرگی هاتنە ژوورەوەی کاتیان لێ وەردەگیرێت:-

**أ- بۆ ئۆتۆمبێلی کرێ و تایبەت :**

| | | |
|---|---|---|
| باجی هاتنە ژوورەوەی کاتی | (١٠) دە دۆلار | (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار |
| فۆرم | (٢) دوو دۆلار | (٣٠٠٠) سێ هەزار |
| پولی دارایی | (١) یەك دۆلار | (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد |
| کرێی بانك | (٣) سێ دۆلار | (٤٥٠٠) چوار هەزار و پێنج سەد |
| کرێی پشکنین | (٥) پێنج دۆلار | (٧٥٠٠) حەوت هەزار و پێنج سەد |

**ب- بۆ ئۆتۆمبێلی پاس :-**

| | | |
|---|---|---|
| باجی هاتنە ژوورەوەی کاتی | (٥٠) پەنجا دۆلار | (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار |
| فۆرم | (٢) دوو دۆلار | (٣٠٠٠) سێ هەزار |
| پولی دارایی | (١) یەك دۆلار | (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد |
| کرێی بانك | (٣) سێ دۆلار | (٤٥٠٠) چوار هەزار و پێنج سەد |
| کرێی پشکنین | (٥) پێنج دۆلار | (٧٥٠٠)حەوت هەزار و پێنج سەد |

ج- ئەو ئۆتۆمبێل و پاسانەی وەك لەخاڵی سەرەوە دیاری کراوە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ ڕیگایان پێ دەدرێت ئەگەر لەو ماوەیەی بۆیان دیاری کراوە دوا بکەون بۆ هەر ڕۆژێك بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار سزایان لێوەر دەگیرێت .

د- ئەو هاوولاتیە بیانیانەی بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان دێنە هەرێمی کوردستان و کار دەکەن یان کۆمپانیایان هەیە ڕێگایان پێدەدرێت بۆ ماوەی شەش مانگ بێیننەوە بە مەرجێك ماوەی ئیقامەکەیان یەکسان بێت و بەسەر نەچوويێت .

**بیست و شەش:**

١- هێنانی جامی ئۆتۆمبێلی زریپۆش (درع) دەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی هەبێت بەپێی پێناسەی گومرگی ڕەسمی گومرگی لێوەردەگیرێت .

٢- دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ ئۆتۆمبێلی زریپۆش (درع) دووجار (دووقات) ڕەسمی گومرگی لێ وەردەگیرێت کە لە پێناسەدا دیاری کراوە .

**بیست و حەوت:**

لەکاتی هێنانی ئۆتۆمبێلی کەلەپور بۆ ناو هەرێم دەبێت بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە :-

١- ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی هەبێت .

٢- نابێت تەمەنی ئۆتۆمبێلەکە لە(٤٠) چل ساڵ کەمتربێت .

٣- دەبێت ژمارەی لاشەی ڕەسەن بێت .

٤- لە کاتی وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی بەپێی پێناسەی گومرگی ، بە دوایین مۆدیل هەژمار بکرێت و دوو بەرامبەری لێ وەربگیرێت .

٥- بەڵگەنامەی ڕەسەنی ئەو وولاتەی هەبێت کە لێی هاوورده کراوە .

٦- بەڵێننامە لە خاوەنی وەربگیرێت کە مافی کەسی بە سەرەوە نیە .

**بیست و هەشت:**

لەکاتی هاتنی ئۆتۆمبێلی صالۆن و استیشنی بەکارهاتوو لە دەرەوەی هەرێم بۆ ناو هەرێم کار بە لیستی کۆدی دووەلی بکرێت یان ئەو سەرەتایانەی لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکەدان لە کاتی پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە (مەنشەئەکەی) دیار بکرێت .

**بیست و نۆ:**

لەکاتی هاتنی ئۆتۆمبێلی صالۆن و استیشن کیلۆ مەتر سفر بۆ ناو هەرێم دەبێ بەڵگە نامەی وولاتی دروستکەر (شهادة المنشأ)ی لەگەڵ دابێت یان لە ناو فۆرمی پشکنین بروانامەی (COC) ئاماژە بۆ وولاتی دروستکەر کرابێت .

**سی:**

لەکاتی هاتنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری بەکارهاتوو و نوێ لەگەڵ ئامێری ئینشائی و کشتوکاڵی بۆ ناو هەرێم ئەگەر لە کۆد وولاتی دروستکەری (بلد المنشأ) دیار نەبوو بە لیژنەیەك شوێنی دروستکەری دیاربکرێت بە بەراوورد لەگەڵ سەرەتاکان .

**سی و یەك:**

**أ/ هەموو ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرێك لە کاتی هاتنی بۆ ناو هەرێم دەبێ ژمارەی لاشەی ڕەسەن بێت .**

**سی و دوو:**

**سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلانەی بە شێوەیەکی کاتی دێنە ناو هەرێم لەلایەن هاووڵاتی بیانی یاخود هاووڵاتی عێراقی کە لە دەرەوەی هەرێم دەژین ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت بۆ جێ بە جێ کردن :-**

**١- ئەو هاووڵاتیەی ئۆتۆمبێلەکەی هێناوەتە ناو هەرێم بۆ ماوەی (٢) دوو مانگ ڕێگای پێ بدرێت پاش ئەو ماوەیە ئەگەر خاوەنەکەی دوا کەوت پاشان گەڕایەوە بۆ ئەو سنوورەی کە لێوەی هاتووە بڕی (٣,٠٠٠) سێ هەزاردیناری لێوەربگیرێت بۆ هەر ڕۆژێك وەکو سزای دواکەوتن .**

**٢- ئۆتۆمبێل بە شێوەی کاتی کە هاتۆتە ناو هەرێم ئەگەر ماوەی یاساییەکەی (٢) دوو مانگی تەواو نەکردبوو بە دەست یەکێکی تر بوو دەبێت ، دەستگیر بکرێت لە لایەن پۆلیسی هاتووچۆ و هەر مەفرەزەیەکی تر ڕەوانەی نزیکترین بەڕێوەبەرایەتی گومرگی بکرێت بەبڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار سزا بدرێت بەڵام دەبێت خاوەنە ڕەسەنەکەشی ئامادە بێت ئینجا ئۆتۆمبێلەکەی پێ دەدرێتەوە بەڵام بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە یەك خێزانن بەیەکەوەن لە دەرەوەی هەرێم دێنەوە ئۆتۆمبێلەکە بەدەست هەر کەسێکیان بێت ئەم سزایە نایان گرێتەوە .**

**٣- ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشتبوو یان خاوەنەکەی نەی گەڕاندبۆوە وە ماوەی یاسایی (٢) دوو مانگی بەسەرچوو بوو پێویستە دەستگیر بکرێت لە لایەن پۆلیسی هاتووچۆ و هەر مەفرەزەیەکی تر پاشان رەوانەی نزیکترین بەڕێوەبەرایەتی گومرگی بکرێت بەپێی یاسایی گومرگی عێراق ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) ماددەی (٢٠٢) سزا بدرێت وە بەهای ئۆتۆمبێلەکە لە لایان لیژنەیەکەوە دیاری بکرێت لە گومرگی پەیوەندیدار.**

**٤- ئەو ئۆتۆمبێلانەی بە شێوەی کاتی کە هاتۆتە ناو هەرێم پاشان دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی هەرێم جارێکی تر لە لایەن هاووڵاتیەکی تر دەهێنرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەبێ ئۆتۆمبێلەکە لەم وڵاتە بهێنرێت کە تۆمار کراوە ، وە سەرەتاکان بەناوی ئەو کەسەوە بێت کە ئۆتۆمبێلەکە دێنێت .**

**٥- هەر ئۆتۆمبێلێك مۆدیلی ڕێگا پێدراو نەبوو وە لە دەرەوە (اسقاط) کرابوو لە دەرەوە ڕێگای پێ نادرێت بەشێوەی کاتی داخیلی ناو هەرێم بکرێت .**

**٦- بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە لە بوارەکانی خوێندنی باڵا (مامۆستای زانکۆ) یاخود وەبەرهێنەر (مستثمر) یان لەو شێوەیە لە دەرەوەی هەرێم دەژین رەگەزنامە بیانیان هەیە کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن پاش وەرگرتنی سەرەتاکان و هێنانی نووسراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا بە واژووی وەزیر یان بریکار وەبەرهێنەر نووسراوی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان هەتا کۆتایی کارەکەی بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئۆتۆمبێلەکانیان لە لابێت و ساڵ بە ساڵ نوسراوی نوێکردنەوە بهێنن ئینجا بۆیان نوێ دەکرێتەوە .**

**سی و سێ:**

لە کاتی هاتنی ئۆتۆمبێل و ئامێر بۆ ئەنجام دانی پڕۆژە لە ناو هەرێم لە لایەن کۆمپانیاکانەوە دەبێت بە ڕەزامەندی وەزارەتی پەیوەندیدار یان دەستەی وەبەرهێنان بێت پاشان بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ نوسراویان بۆ دەکرێت وە لە دەروازە سنووریەکان کەفالەتیان لێ وەردەگیرێت وە بۆ هەر ئۆتۆمبێل و ئامێرێك بڕی (٥٠$) پەنجا دۆلاری ئەمریکی مانگانە لێیان وەربگیرێت ئینجا ڕێگایان پێدەدرێت بە پێی ئەو ماوەیەی لە گرێبەست دیار کراوە وە لەکاتی گەرانەوەیان پێویستە رەزامەندی لایەنی پەیوەندیداربهێنێت .

**سی و چوار:**

ئەو هاوولاتیە عێراقیانەی لە دەرەوە دەژین پاسەپۆرتی عێراقیان هەیەو ئیقامەی دەرەوەی وولاتیان هەیە لە کاتی هاتنیان بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بۆ ناو هەرێم تەنها پاسەپۆرت و ئیقامەکەی لێ وەربگیرێت .

**سی و پێنج:**

هیچ کۆمپانیایەك بۆی نیە ئۆتۆمبێل هاوردە بکات بۆ ناو هەرێم بە لێخوڕین تەنها دەبێت بەشحن هاوردەی بکات .

**سی و شەش:**

هاتنی ئۆتۆمبێل و ئامێر لە دەرەوەی هەرێم لە هەموو دەروازەکانی هەرێمی کوردستان بە یەك شێوە بێت وە سەرەتاکانی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان وە (سالنامەی بیانی بۆ وولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ وولاتانی عەرەبی فاتوورە یان (شهادە تسفیر) لەگەڵ فۆرمی پشکنین و پسوولەی پارە وەرگرتنەکە لەگەڵ سەرەتاکان(ألاولیات) هەڵبگیرێت .

**سی حەوت:**

بۆ ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دینە سنورەکانی هەرێمی کوردستان رەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکەن :

١- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی دێنە سنوورەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەتان بۆ گومرگ کردن نابێ دابگیرێت لە سەر ئۆتۆمبێلی بارهەلگرەکە تاوەکو کاری گومرگی تەواو دەبێت.

٢- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بڕیاری گەڕانەوەیان دەدرێت دەبێ پێش گەڕانەوەیان ئاگاداری هەموو سنوورەکانی تر بکاتەوە .

٣- ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی ژمارەی لاشەیان چاپی دەرەوەیە و پلێتی قەمارەی کەوتووە یان دەستکاری کراوە یان مۆدیلیان رێگا پێدراو نیە یان لەبەر هەر هۆیەکی تر کە بریاری گەرانەوەیان بۆ دەردەچێت لە هەر یەك لە سنورەکان دەبێ لەو سنوورە بەڵێن نامەی لێ وەربگیرێت کە بیگێرێتەوە و نەیباتە هیچ سنوورێکی تر وە بە پێچەوانەوە خۆی بەر پرس دەبێت بەرامبەر یاسا ئەگەر پابەند نەبوو بردیە سنوورێکی تر بکرێتە کێشەی گومرگی و بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)ی هەموارکراو هەڵسوکەوتی یاسایی لەگەڵدا بکرێت .

٤- داواکردنی بەڵگەنامەی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکە رەسەن (اصلی) بێت .

أ- بۆ ئۆتۆمبێلی کیلۆمەتر سفر دەبێ بڕوانامەی وولاّتی دروست کەر (شهادة منشأ)ی هەبێت .

ب - بۆ ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو دەبێ سالّنامە بەلّگەنامەی ئەو وولاّتەی هەبێت کە لێی هاتووە بە فەرمی سەرەتاکانی لە وولاّتی هاتوو کوژابێتەوە واتا (اسقاط) کرابێت .

**سی و هەشت:**

أ - ئۆتۆمبێلی پاس لە (١٥ تاوەکو ١٩) نەفەر هاتنە ژوورەوەی بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە.

ب- هاتنی ئۆتۆمبێلی جام رەش یان ئەوانەی جامەکانیان وەك ئاوێنەیە کەس لەناوی دیار نیە بە هەموو جۆرەکانی قەدەغەیە .

**سی و نۆ:**

سەبارەت بەو بار هەلّگرانەی هاتووچۆی دەرەوەی هەرێم دەکەن ژمارەی کاتین و تۆمار نەکراون یان هەلّگری تابلۆی پارێزگاکانی عێراقن بەم شێوەی خوارەوە رەفتاری لەگەلّ دەکرێت

١- ئەو ئۆتۆمبێلانەی هەلگری ژمارەی کاتی ( دهۆك ، سلێمانی ، هەولێر )ن رێگایان پێنەدرێت کار بکەن هەتا تۆمار دەکرێن لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم.

٢- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هەلّگری تابلۆی پارێزگانی عێراقن کارتی زانیاریان پێدراوە ئاساییە کار بکەن ورێگایان لێنەگیرێت .

٣- ئۆتۆمبێلی بارهەلّگری (فحص مؤقت) بە هەمان برگەی(١) یەك رێگای پێنەدرێت هەتا تۆمار دەکرێت لە سنووری حکومەتی ناوەندی و کارتی زانیاریان پێدەدرێت لە هەرێم وەکو بڕگەی (٢) دوو.

**چل:**

أ- هەرئۆتۆمبێلێك لە بنەرەتدا ژمارەی لاشەی حەفر نەبوو (جگە لە مواصفاتی ئەمریکی) تەنها پلێتەی هەبوو بە مەرجێك پلێتەکەی رەسەن بێت ومۆدیلی رێگا پێدراو بێت . کاری گومرگی بۆ ئەنجام دەدرێت .

ب- هەر ئامێرێك لە بنەرەتدا ژمارەی لاشەی بە حەفر نەبوو تەنها پلێتەی هەبوو بە مەرجێك پلێتەکەی رەسەن بێت ومۆدیلی رێگا پێدراو بێت کاری گومرگی بۆ ئەنجام دەدرێت ورەوانەی گومرگی پەیوەندیداردەکرێت بۆ پێدانی دروشم و ژمارەی هەرێم بۆ لاشەکەی .

**چل و یەك:**

رێگا نادرێت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی زیان پێ گەیشتوو و لێدراو (المتضررة والمدعومة) بۆ ناو عێراق و هەرێمی کوردستان هەرچەندە نوێ و مۆدیلەکەش رێگاپێدراو بێت .

**چل و دوو:**

ئەو هاولاتیە عێراقیانەی لە دەرەوەی وولات لەسەفارەتەکان کار دەکەن لەکاتی گەرانەوەیان بۆ وولاّت بەیەکجاری دەتوانن ئۆتۆمبێلێك بۆخۆیان بهێنن بۆ رێگا پێدانی مۆدیلەکەیان دەبێ (٥) پێنج سالّ بەسەر بەرواری دروست کردنی زیاتر تێپەر نەکردبێت .

**چل و سێ:**

ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی بۆ پرۆژەکان دێنە ناو هەرێمی کوردستان و مۆدیلیان ڕێگا پێدراوە بەپێی ڕێنمایی وە کۆمپانیا داوای تۆمارکردن دەکات دەبێت نووسراوی لایەنی پەیوەندیدار بهێنێت پاشان بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ڕەزامەندی دەدات و ئینجا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت لەو سنورەی هاتۆتە ناو هەرێم وەکو ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی کە یەکەم جار دێن بۆ گومرك کردن لەرووی سەرەتاو ژمارەی لاشەیان .

**چل و چوار:**

هاتنی ماتۆرسکیلی دوو تایە و سێ تایە بۆ ناو هەرێم قەدەغەیە تەنها ماتۆرسکیلی چوار تایە نەبێت کە هاتنی ئاساییە .

**چل و پێنج:**

بۆ ئەو هاوولاتیانەی کە لەدەرەوەی وولات دەژین و هاوسەری یەکترن واتا (ژن و مێردن) بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان دێنەوە ناو هەرێمی کوردستان ئۆتۆمبێلەکە لەسەر ناوی یەکێکیانە و ئەوەیتریان مامۆستای زانکۆ و لەم شێوانەیە بەمەرجێك وەکالەتی بەرامبەرەکەی هەبێت وە نوسراوی لایەنی پەیوەندیداربێنێت بەمەبەستی نوێکردنەوەی ماوەی مانەوەی .

**چل و شەش:**

سزای گومرگی سەبارەت بەدەستکاری کردنی ژمارەی لاشەی عارەبانەی ( تەنکر، قلاب ، لۆری ، لەم شێوەیە ) بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێت:

١- لەکاتی دەسکاری کردنی ژمارەی لاشەی عارەبانەی (تەنکر ، قلاب ، لۆری ، لەم شێوەیە) سزای گومرگیەکەی بۆ ئەم سەرپێچیە بەپێی جۆری (دعوی) کە لە هەردادگایەك بە جۆرێك بڕیاری لەسەر دەدرێت و یەك ناخرێت.

## بەشی شەشەم

**ڕێنمایی جێ بەجێ کردنی یاسای گومرگی ژمارە ( ٢٣ )ی ساڵی ١٩٨٤ی عێراقی هەموار کراو تایبەت بە تاوان و سەرپێچەکانی گومرگ ( الجرائم الکمرکیە ) وە چۆنیەتی یەکلایی کردنەوەی کێشە گومرگیەکان.**

١- لەکاتی ڕوودانی سەرپێچی ، کاڵا و کەل و پەلی دەست بەسەر داگیراو داشکاندنی گومرگی لە بەهاو ڕەسمی گومرگی بۆ ناکرێت و بەڵکو بڕی بەهاو ڕەسمی گومرگی ناو پێناسەی گومرگی بەتەواوی کاری پێ دەکرێت.

٢- ڕێنماییەکانی تایبەت بە جێ بەجێ کردنی یاسای گومرگی ژمارە( ٢٣ )ی ساڵی ( ١٩٨٤) عێراقی بۆیەکلاکردنەوەی کێشەگومرگیەکان لە گشت بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکانی هەرێم بەم شێوەی خوارەوە:-

أ- دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرگ بۆیەکلاکردنەوەی کێشە گومرگیەکانی هاوردەکردنی کالا بۆ ناو هەرێم تا بەهای (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکان بێت جگە لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی (ابراهیم خلیل و باشماخ) کە دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی گومرگی تا بەهای (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار بێت ، لەو بڕە زیاتر پێویستە کێشەکە بۆ یەکلاکردنەوە ڕەوانەی دادگای گومرگی پەیوەندیدار بکرێت.

ب- دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکان بۆ یەکلایکردنەوەی کێشە گومرگیەکانی هەناردەکردنی کـاڵا بـۆ دەرەوەی هەرێم ڕەسمی گومرگی تا بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ سەرجەم بەرێـوەبەرایەتیەکان و بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆگومرگی (ابراهیم خلیل) وە لەو بڕە زیاتر پیـێـویستە کێشـەکە ڕەوانەی دادگای گومرگی پەیوەندیدار بکرێت.

ج- مەڕ ومالاَت ، پەڵەوەری زیندوو، بابەتی خێرا بەسەرچوو، بابەتی خێرا گڕگرتـوو بەهاکـەی هەرچـەندبێت لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی پەیـوەندیدار بـەپێی یاسـای گـومرگی عێراقـی ژمـارە( ٢٣)ی سـاڵی (١٩٨٤) یەکلایی دەکرێتەوە.

د- بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو کێشە گومرگیانەی کە تایبەتە بەو ئۆتۆمبێلانەی کە جێسازی (دفن) هەیە پێویستە کێشەکەی رەوانەی دادگای گومرگ بکرێت .

٣- بڕی ئەو پارانەی کە لە ماددەکانی (٢١٥تا ٢٢٠) کە لە یاسای گومرگی ژمـارە (٢٣)ی سـاڵی ١٩٨٤ عێراقی هەمواركراو دا هاتووە کەتایبەتن بەتاوانە جۆراوجۆرەکان بڕی سزاکان جـارانی (کـەرەتی) (١٥٠ )سەدو پەنجا دیناری پارەی نوێ دەکرێت

٤- بە لەبەرچاوگرتنی ماددەی (٢٦٦) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەمواركراو کۆی سزا گومرگیەکان وە سەرجەمی پارەی فرۆشتنی کەل و پەڵە دەست بەسەر گیراوەکـان (حاصـل بیـع الاموال المصادرة) بەم شێوەیە دەبێت :.

- (٥٠٪)ی بۆ داهاتی کۆتایی حکومەت و (٥٠٪)ی تری کەبەشی دەستگیرکارانە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:
- ڕێژەی ٨٥٪ بۆدەست گیرکاران (مصادرین)دەبێت .
- ڕێژەی ١٥٪ بۆسندوقی ادخار دەبێت – لەکاتی پێویست خەرج بکرێت بۆ فەرمانبەرانی گومرگ .
- ڕێژەی ٢٥٪ لە بەشی مصادرین بۆ موخبیر دیاری دەکرێت .

٥- لە کاتی ڕوودانی سەرپێچی واتە دروست بوونی کێشەی گومرگی پێویستە بەو ڕێژەی کەبەرامبەر بەهاکەی دیاری کراوە لەناو پێناسەی گومرگیدا بکرێتە بنەما بۆ دیاری کردنی ڕەسمی گومرگیەکەی

٦- کرێی خزمەت گوزاری و سزای سەرپێچی گومرگی بەم شێوەیە وەربگیرێت .

| أ- سزای سەرپێچیەکانی گومرگی | بڕی سزا/هەزار دینار |
|---|---|
| ١- سزای سەرپێچی ڕێنمایی گومرگی (مخالفه التعلیمات) | ٢٥,٠٠٠ – ٢٥٠,٠٠٠ |
| ٢- سزای زیاد کردن / گۆڕینی ناوی بازرگان لەسەر جەمەرە(مەنەفێست) | ٢٥,٠٠٠ بیست پێنج هەزار |
| ٣- سزای کۆتایی دەفتەری ڕێپێدان | ١,٠٠٠ بۆ یەك ڕۆژ دواکەوتن دوای تێپەربوونی (٣٠) ڕۆژ |
| ٤- سزای دەست کاری کردن لەسەر مەنەفێست جگە لە ناوبراوەکان(جەمەرە) | ١٠,٠٠٠ |
| ٥- سزای دواکەوتنی ئۆتۆمبێلی سالۆنی بیانی دوای (٣٠) ڕۆژ | ٣,٠٠٠ سێ هەزاربۆیەك ڕۆژ |
| ٦- سزای نەهێنانی مەنەفێست | ٢٥,٠٠٠ |

| | |
|---|---|
| ٧- سزای مۆر نەکردنی پاسەپۆرت | ٥٠,٠٠٠ |
| ٨- سزای دوا کەوتنی ئۆتۆمبێلی بار هەڵگری بیانی لە کاتی گەرانەوەی دوای (٣٠) رۆژ | ٥٠٠٠ بۆیەك رۆژ |
| ٩- سزای وونبوونی دەفتەری رێپێدان . | ٧٥,٠٠٠ |
| ١٠- سزای وونبوونی فیشەی کۆمپیوتەری هاتن | ٢٥,٠٠٠ |
| ١١- سزای وونبوونی فیشەی تەرازوی هاتن | ٢٥,٠٠٠ |
| ١٢- سزای وونبوونی نووسراوبۆ بەرێوەبەرایەتی هاتوو چۆ | ١٠,٠٠٠ |
| ١٣- سزای وونبوونی ناسنامەی (باج)وە سزای وونبونی مامەڵەی گومرگی و پسولەکان. | ٢٥,٠٠٠ |
| ١٤- سزای راستکردنەوەی ژمارە /ناوی شوفێر لە کاتی گەرانەوە | ٢٥,٠٠٠ |
| ١٥- سزای مۆرنەکردنی دەفتەری رێپێدان | ٣٠,٠٠٠ |
| ١٦- سزای دواکەوتنی نویٚ کردنەوەی مۆلەتی بریکار | ١٠,٠٠٠ دە هەزار دینار |
| و یاری دەدەری دەرهێنەری گومرگی | دوای (١٠) رۆژ لە تەواو بوونی مۆلەتەکە |
| ١٧- تێپەرینی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە رێگایەکی ترەوە دێن | ٣٠,٠٠٠ هەزار دینار |

ب- بە لەبەرچاو گرتنی ماددەی (١٦٩) لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموار کراو ئەم کرێیە خزمەتگوزاریانە وەردەگیرێت :.

| کرێی خزمەتگوزاری | گوژمەی پارە /هەزار/دینار |
|---|---|
| ١- کرێی لەناوبردنی کەول وپەڵ | ١٠٠ سەد دینار بۆیەك کگم |
| ٢- کریٚ عەمبار کردن(لەکۆگا) بۆ یەك رۆژ بۆ هەر تەنێك | ٣٠٠٠ سیٚ هەزار |
| ٣- کریٚ دانان و بارکردنی شۆفەل و حەفارە و ئالیات | ٥٠,٠٠٠ پەنجا هەزار |
| ٤- کرێی دانان و بارکردنی کەل وپەڵ | ٥,٠٠٠ بۆیەك تەن |
| ٥- کرێی زەوی بۆ دانانی ئۆتۆمبێل لە بنکەی پۆلیس | ٥,٠٠٠ بۆیەك رۆژ |
| ٦- نرخی دەفتەری راگەیاندنی گومرگی ٥٠ لاپەرە | ١٥,٠٠٠ پانزە هەزار دینار |

**بەشی حەوتەم: کشتوکاڵی و ئاژەڵی**

١- بەرووبومی کشتوکاڵی هەرێم لەکاتی چوونە دەرەوەی پێویستی بەرەزامەندی پارێزگاری ئەو پارێزگایە هەیە کە بەروبومەکەی لیٚ دەچێتە دەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکە .

٢- مەروماڵات لەکاتی هاوردەکردنی بۆ ناو هەرێم وە هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی هەرێم پێویستی بەرەزامەندی لایەنی پەیوە ندیدار هەیە وە پێویستە بۆ ئەم مەبەستە رەچاوی رێنماییەکانی ڤێتێرنەری بکرێت .

٣- لەوەرزی بەرهەمهێنانی سەوزە و میوەی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی بەرژەوەندی جوتیاران دەکرێت بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ.

٤- هێنان وبردنە دەرەوەی دەرمان و پێداویستی کشتوکاڵی (زراعی) ونەخۆشی ئاژەڵ (ڤێتێرنەری) پێویستی بەڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ ولایەنی پەیوەندیدار هەیە.

٥- گواستنەوەو بردنە دەرەوەی داری بڕاو و خەڵووز(ڕەژوو) قەدەغەیە ئەگەر نووسراوی لایەنی پەیوەندیداری پێ نەبێت جگە لە سپیندار.

٦- لەکاتی چوونە دەرەوەی بەرووبومی کشتوکاڵی ناوخۆی عێراق و هەرێم بەرێژەی (١٪) ڕەسمی گومرگیان لێوەردەگیرێت بەپێی ئەو بەهایانەی کە لە پێناسەدا دیاری کراوە جگە لە(گەنم و جۆ)کە پێویستیان بەمۆڵەتی هەناردن و ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدارهەیە.

٧- لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆی گەنم و جۆ و وەرگرتنی لەلایەن سایلۆکان، هێنانی گەنم و جۆ بۆ ئالیك لەدەرەوەی هەرێم پێویستە ڕەنگ بکرێت وە بەرێژەی (١٥٪) کەمتر نەبێت بۆ ئەوەی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی پێ نەکرێت.

**بەشی هەشتەم: تأمینات وکەفالە**

١- لەکاتی بردنەدەرەوە ی ئامێر و( مکائن) و (أجهزە) بۆ مەبەستی چاککردنەوەی لە دەرەوە ی هەرێم تأميناتی لێوەردەگیرێت بە ڕێژەی (٥٪)ی بەهاکەی تا دەگەرێندرێتەوە بەمەرجێك ماوەی گەڕانەوەی دیاری بکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار.

٢- لەکاتی هێنانی پێداویستی پرۆژەکان و (کەل و پەل و کالای پێشانگاکان) و جێبەجێکردنیان لەلایەنی کۆمپانیاکانەوە کە پە یوەست نامە(تأمینات یان خطاب ضمان) یان هەیە لەگەڵ دام دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دا پێویستە تأميناتیان لێوەربگیرێت بەبڕی ڕەسمی گومرگیەکەیان تا تەواوبوونی پرۆژەکانیان تا دەیان گێرێتەوە جگە لە ئامێرو ئۆتۆمبێل کە پێویستە ژمارەی کاتیان بۆ تەرخان بکرێت .

٣- لەکاتی وەرگرتنی تأمینات بۆ بردنەدەرەوەی هەر کالاّ و کەل وپەل و ئامێرێك کەچوونە دەرەوەی قەدەغە نیە بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت:

أ- وەرگرتنی تأمینات بەبڕی ڕەسمی گومرگیەکەی .

ب- دیاری کردنی ماوەی گەڕانەوە وە دەکرێت ئەم ماوەیە درێژ بکریتەوە لەسەر داواکاری خۆی بەمەرجێك کەمتربێت لە ماوەی پێشوو .

ج- لەکاتی نەگەڕانەوە لەماوەی دیاری کراو دەکرێت بە داهاتی کۆتایی .

د- ئەم کارە لەبەشی یاسا ئەنجام دەدرێت و ڕێك دەخرێت.

٤ - لەکاتی وەرگرتنی ( بەڵێن نامە) و( کفالە) یان (تأمینات) بۆ بردنەدەرەوەی هەرکالاّ وکەل پەڵێك وئامێرێك کە چوونەدەرەوە ی قەدەغەیە بۆ هەر مەبەستێك بێت پاشان بگەرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:-

أ- وەرگرتنی (كفالة ضامنة) یان (تأمینات ) بە بەهای بابەتەکە.

ب- دیاری کردنی ماوە بۆ گەڕانەوەی کاڵاکە .

ج- دەکرێت ئەم ماوەیە درێژ بکرێتەوە بەرەزامەندی ئەگەر داواکاریەکە ڕەوا بوو تەنها بۆ یەکجار بەمەرجێك ماوەکەی کەمتر بێت لە ماوەی پێشوو تر .

د- ئەگەر بابەتەکە گەڕاندرایەوە بەڵام دواکەوت لە ماوەی دیاری کراو بەڕێژەی (١٪) لە بەهاکە ی بۆ هەر مانگێك سزا دەدرێت بەمەرجێك ماوەکەی لە (٩٠) نەوەت ڕۆژ تێپەر نەبێت .

هـ- ئەگەر بابەتەکە نەگەڕاندرایەوە دەبێت بە کێشەی گومرگی بە پێی یاسایی گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی عێراقی هەموارکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت .

**بەشی نۆیەم: ڕێنمایی (ترانسێت Transit ) تێپەرین / العبور**

لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ( لە کاتی کار کردن وڕێگەدان بە سیستەمی بازرگانی ترانسێت ) پێوستە ڕەچاوی هەموو مادده یاسایی یەکانی تایبەت بە ترانسێت ( العبور ) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ هەموارکراوی عێراق بکرێت وە گواستنەوەی کاڵاکان بە شێوەی ترانزێت ئەویش دوو جۆری هەیە :-

**یەکەم** : ترانسێتی نێو دەولەتی (دەرەکی) ( تێبینی : لەکاتی ئیستادا لە هەرێمی کوردستان کار بەم سیستەمە بازرگانیە ناکرێت ). ئەم جۆرە گواستنەوەیە بەرنامەیەکی گواستنەوەی نێو دەوڵەتیە بۆ سەرجەم جۆرەکانی کاڵاکان لە ژێر چاودێری گومرگ لە هەر وولاتێك کە تێیدا تێپەر دەبێت وە ئەم جۆرە گواستنەوەیە لە نێوان سێ وولات کەمتر نابێ وە هەر وولاتێك بەپێی یاسای گومرگی باجی ترانسێت وەردەگیرێت بەو مەرجانەی خوارەوە :-

١- بازرگان داوای مۆلەت دەکات بۆ تێپەڕاندنی کاڵاکەی بە شێوەی ترانسێت لە (بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگ). لە داواکاریەکە بابەتەکان بەتێر وتەسەلی ناودەبات و لەگەڵ داواکاریەکە مەنەفێست وبەیانی ترانسێت کەمەبەستە بەناو خاکی عیراقدا بباتە دەرەوە ئامادە دەکات .

٢- بەڵێن نامەی بانك یان چەکی زامن (خطاب ضمان) بە بەهای کاڵا کە پێشکەش دەکات.

٣- بازرگان بەڵێن نامەی بڕوا پێکراو لە دادنووس بدات وەپێشکەشی گومرگەکانی بکات کە ملکەچە بۆ هەر زیانێك کە بەرەنگاری کاڵاکەی ببێت لە ناوخاکی عێراق.

٤- تەئمیناتی بازرگان دەدرێتەوە کە پشتگیری هێنا لە دەروازەی سنوور بە نووسراوی فەرمی کەوا کاڵاکە لە دەروازەی عیراق دەرچووە.

٥- دەزگای گومرگی بەر پرس نیە لە هەر زیانێك کە بەرەنگاری کاڵای ترانسێت دەبێت لە کاتی گواستنەوەی لە نووسینگەی گومرگێك بۆ نووسینگەی گومرگێکی تر.

٦- لە ماوە ی (٧٢ سەعات) دەبێت کاڵای ترانسێت لە گومرگی هاتوو (دخول) بگاتە گومرگی دەرچوونی سنووری.

٧- رەسمی ترانسیت بە ڕێژەی (١٪) لە بەهای کەلاکان وەردەگیرێ .
٨- کالای ترانسیت بە پاسەوانی پۆلیسی گومرگەکان رەوانە بکرێت تاکو دەروازەی دەرچوونی سنووری وە دەبێت پشتگیری دەروازە گومرگیەکە وەربگرێت بە نووسراو.
٩- ڕەزامەندی وەزارەتی گواستنەوە/کۆمپانیای گشتی گواستنەوەی سەر زەوی ( نقل بری) هەبێت لاریان نەبێت بۆ ئەو کالایانەی بە ترانسیت بڕوات.

**دووەم:- ترانسیتی ناوخۆیی (داخلی):**


بەرنامەیەکی تری گواستنەوەیە بۆ کالای هاوردەکراو لەیەك وولات ، لەخالێکی گومرگی سنوور(هاتن) بۆ گومرگی مەبەست لەشارەکانی هەمان وولات وە بۆ زیاتر شارەزا بوون و چۆنیەتی گواستنەوەی کالاوکەوپەلێ بە شێوە ترانسیتی ناوخۆ پێویستیمان بە زانیاری لەسەر پلۆمی گومرگی و چۆنیەتی بەکارهێنانی و ئەو کالایانەی کە پلۆم دەکرێت هەیە و ئەرکەکانی گومرگ لەو بوارەدا چی یە ، پێویستە دیاری بکرێت هەروەك لە خوارەوە روون کراوەتەوە:-


**سێیەم:- پێناسەی پلۆمی گومرگی :**

یەکێکە لەو ئامرازانەی کە گومرگ بەکاری دەهێنێت بۆ داخستنی (قفل) بارهەلگرەکان و کۆنتێنەرەکان لەکاتی گواستنەوە بە مەبەستی پاراستن و سەلامەتی و بەرێکردنی کالاکان لە ژێر چاودێری گومرگی هاتن بۆ گومرگی مەبەست.

**شێواز و چۆنیەتی بەکارهێنانی پلۆمی گومرگی :**

١- سەرەتا پەیکەری ئەسلی بەدەستێك دەگرین و پاشان بە دەستێکی تر تەلی پلۆمەکە بە کەلێنی تەنیشتی پلۆمەکە تێپەڕ دەکەین رایدەکێشین تا بە پێی پێویست توند دەبێت .






٢- نووکی بورغیەکە دەخەینە ناو کەلێنی سەرەوەی پلۆمەکە و ئەوەندە دەیسوڕێنین تا ئەو ڕادەی دلنیا دەبین لە توند بوونی تەلەکە.



٣- دوای دڵنیا بوون لە بەستن و توندی تەلی پلۆمەکە پاشان بورغیەکە لار دەکەینەوە بە مەبەستی لێکردنەوەی سەری بورغیەکە، بەم شێوەیە کرداری پلۆم کردنەکە کۆتایی دێت.



**چوارەم:-** مەرجەکانی بەکارهێنانی پلۆمی گومرگی :

١- دەبێت بارهەڵگرەکان و کۆنتێنەرەکان گونجاوبن بۆ کاری ترانسێتی ناوخۆیی و پلۆم کردنیان وە نابێت بارهەڵگرەکان سەر کراوە بن .

٢- نابێت بە هیچ شێوەیەك کۆنتێنەرەکان و چادری بارهەڵگرەکان دڕاو یان کونی تێدا بێت و ئەگەر کونی تێدا بێت ، دەستی مرۆڤ بەناویدا تێپەر نەبێت ئەوا لای گومرگ پەسەند دەکرێت .

٣- تەلی بارهەڵگرە چادرەکان دەبێت یەك پارچە و لە پۆڵا دروستکراو بێت و تەلەکەش لێکڕاکێشانی نەبێت وەك لاستیك .

٤- دەبێت ناوبەینی ئەڵقەکان ، وە نێوان ئەڵقەکان و سەرەوەی بۆدی بارهەڵگرەکان بە شێوەیەك بێت دەستی مرۆڤی پێدا نەروات تا نەگات بە کاڵاکان بە مەبەستی دەرهێنانیان.

٥- ئەلقەکانی دەوروبەری چادری بارهەڵگرەکان دەبێت لەحیم کرابن نابێت بە بۆرغی بەسترابن .

٦- دەبێت لاولاوی (نرمادە) دەرگا و کیلۆنی دەرگای بارهەڵگرەکان و کۆنتێنەرەکان لەحیم بێت و نابێت بە بۆرغی بەسترابێت.

٧- پلۆمی گومرگی دەدرێت لە کیلۆن وشوێنی داخستنی دەرگای بارهەڵگرەکان و دەرگای کۆنتێنەرەکان .

**پێنجەم:-** ئەوکاڵایانەی کە پلۆم دەکرێن :

١- کاڵای ترانزێتی:- ئەو کەل وپەلانە دەگرێتەوە کە بە شێوەی ترانسێتی (دەرەکی و ناوەکی) هاوردە و هەناردە دەکرێن .

٢- کاڵای مەرجدار:- ئەو کەل وپەلانە دەگرێتەوە کە هاوردە و هەناردە کردنی پێویستی بە رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە .

**شەشەم:-** ئەرکەکانی گومرگی هاتن (سەرەتایی):

١- پڕکردنەوەی بەڵێن نامە لە لایەن بازرگان یان نوێنەری بازرگان بۆ ئەوەی وەك خاوەن بار هیچ مامەڵەیەك بە کاڵاکان نەکرێت تاکو ئەنجامی پشکنین لە تاقیگەکان دەردەچێت.

٢- له لایەن خاوەن بار ڕاگەیاندنی گومرگی پڕدەکرێتەوە بە تەواوی ڕوونکردنەوە لەسەر کاڵاکان دەدات بە گومرگی هاتوو لە ڕووی (ژمارە ، جۆر و کێش)ی کەل وپەڵەکان.

٣- پشکنین بکرێت لە لایەن فەرمانبەرانی گومرگ بۆ کاڵاکان لە ڕووی(ژمارە ، جۆر و کێش)ی کەل و پەڵەکان.

٤- نموونەیەکی کاڵاکە وەردەگیرێت بە ئامادەبوونی نوێنەری فەرمانگەی پەیوەندارو بازرگان یان نوێنەری بازرگان تاکو پشکنینی تاقیگەی بۆ بکرێت .

٥- پاش پشکنینی تەواو بۆ کۆنتێنەرو بارهەڵگرەکان لە ڕووی شیاوی بۆ کاری ترانسێتی ، هەر یەك لە دەرچەکان و دەرگاکانیان پلۆم دەکرێن بەئامادەبوونی خاوەن کاڵا لەگەڵ نوێنەری ئاسایشی ئابووری .

٦- تأمینات لە خاوەن کاڵا وەربگیرێت بە بڕی ڕەسمی گومرگی بۆ کاڵاکە ، کاتێك ئەنجامی پشکنین بە (ئەرێنی) باشە دەرچوو یان خاوەن کاڵا ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری هێنا ئەوا تأميناتەکە دەکرێتە داهات ، ئەگەر ئەنجامی پشکنین بە (نەرێنی) باش نەبوو ئەوا تأميناتەکە دەدرێتەوە بە خاوەن کاڵا تەنها کرێی پشکنینی لێ وەردەگیرێت و دەبێت کالاکە بگەرێندرێتەوە بۆ شوێنی هاوردەکراو یان بە لیژنە لەناو ببردرێت بە ڕەزامەندی و ئامادەبوونی خاوەن کاڵا یان نوێنەری بازرگان، دەبێت کرێی خزمەتگوزاری لێ وەربگیرێت لەکاتی لەناوبردن.

٧- پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەتی پشکنینی ترانسێتی بە مەبەستی تۆمارکردنی سەرجەم زانیارییەکان .

٨- دەست نیشانکردنی گومرگی مەبەست و دیاری کردنی کات و ڕێگای ترانسێتی بۆ گواستنەوەی کاڵاکان .

٩- ڕێگە پێدانی ئاسایشی ئابووری بۆ کاڵاکە وەربگیرێت بۆ ئاسانکاری لە بازگەکان .

**حەوتەم:-** ڕووداوە چاوەروان نەکراوەکانی ڕێگا:

١- ئەگەر هاتوو لە ڕێگادا بارهەڵگرەکە تێکچوو یان ڕووداوی هاتووچۆی بەسەردا هات دەبێت بە زووترین کات نزیکترین گومرگی لێ ئاگادار بکرێتەوە ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر وەکو گواستنەوەی کاڵا بۆ بارهەڵگرێکی ترئەگەر پێویست بوو دووبارە پلۆم کردنەوەی بارهەڵگرەکە لە لایەن نوێنەری گومرگ و ئاماژە پێکردنی لە فۆرمی پشکنینی ترانزێتی.

٢- ئەگەر هاتوو پلۆمەکە شکابوو یان گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو ئەوا گومرگ لەگەڵ خاوەن بارەکە پشکنینێکی تر بۆ کەل وپەڵەکان دەکەن ئەگەر گۆڕان بەسەر ( کێش ، جۆر و ژمارە )ی کەل وپەڵەکان نەهاتبێت ئەوا پەسەند دەکرێتەوە لە لای گومرگ و ڕەوانەی شوێنی مەبەست دەکرێت .

٣- ئەگەر هاتوو گۆڕان بەسەر (کێش ، جۆر و ژمارە)ی کەل وپەڵەکان هاتبێت ئەوا دەبێت بە پێی یاسای گومرگی سزا بدرێت و دەست بەسەر کاڵاکەدا بگیرێت تاکو کێشەکە یەك لا دەبێتەوە .

**هەشتەم:-** ئەرکەکانی گومرگی مەبەست :

١- پشکنینی بارهەڵگرەکە لە ڕووی ژمارەی تابلۆ و جۆرەکەی .

٢- پشکنینی پلۆمەکان لە ڕووی کۆد و سەلامەتی .

٣- پابەند بوون بەرێگا و ماوەی گواستنەوەی کالاکان .

٤- گواستنەوەی کالا بۆ کۆگا بە نوێنەری گومرگ .


٥- داخستن (قفل) یان پلۆم کردنی دەرگای کۆگا .

**نۆیەم:- سزای سەرپێچی کار:**


ئەگەر هاتوو دەستکاری پلۆمەکان یان هەر بەشێکی بارهەڵگرەکە کرابوو وە ئەم دەستکاری کردنەش بە ئیرادەی خاوەن کالاکە بوو دەرئەنجام دەرکەوت کەوا نیازپاکی(حسن النية) تێدا نیە ئەوا بە پێی یاسای گومرگی ژمارە ٢٣ساڵی ١٩٨٤ عێراق سزا دەدرێت .


**پلۆمی کۆنتێنەری**




**پلۆمی تەلی(سیمی)**






**کۆنتێنەری چەند دەرگا**

**بەشی دەیەم: ڕێنمایی بازاڕی ئازاد ( Duty free)**

لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو ئەو مادده و بڕگە یاساییانەی بەشی چوارەم / ناوچەی بازاری ئازاد / کە لەیاسای گومرگی ژمارە(٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ عێراقی هەموارکراو داهاتوون پێویستە :

**یەکەم:** وەبەرهێن (المستثمر) هەموو پێداویستی یەکانی دامەزراندنی بازاڕەکە دابین بکات لە پێناوی درێژەپێدانی بازاڕەکە و پێویستە تەئمینی بینا و کالای بازارەکە بکات .

**دووەم:** هەر کۆمپانیایەك کار بکات لەبازاری ئازاد دەبێت بەپێی مەرجەکانی یاسای گومرگی ژمارە(٢٣) ساڵی (١٩٨٤) کاربکات وەلەژێر چاودێری تەواوی دەزگای گومرگدابێت.

**سێیەم:** کاری فرۆشتن لە بازاری ئازاد بۆ کەسانی بیانی و عێراقی دەبێت لە کاتی چوونە دەرەوە و گەڕانەوە بۆ ناو وولات بەم مەرجانەی خوارەوە :.

١- فرۆشتن لە ژێر سەرپەرشتی گومرگ دەبێت .

٢- فرۆشتن بە پارەی ناوخۆ و پارەی بیانی (دۆلار و یۆرۆ) دەبێت .

٣- بەخشین لە ڕەسمی گومرگی بۆ کەسەکە خۆیەتی و ناکرێت ئەو کەسە ئەو بەخشینەی وازی لێ بهێنێت بۆ کەسێکی تر.

٤- ڕێگا نادرێت کاڵا بەشێوەی کۆ (جملە) بفرۆشرێت بۆ ناو هەرێم .

٥- کارمەندانی بازاری ئازاد و کارمەندانی تر بۆیان نیە کالا لە بازاری ئازاد بکرن.

**چوارەم:** هەر کالایەکی بیانی کە دێتە ناو بازاری ئازاد و لە بازاری ئازاد دەردەچێت ڕەسمی گومرگی و هیچ باجی تری لێ وەرناگرێن تەنها کرێی خزمەت گوزاری نەبێت . وە بازاری ئازاد بۆی هەیە ئەو کالایانەش بفرۆشێت کە لە ناوخۆ بەرهەم هێنراون.

**پێنجەم:** هەموو ئەو کالایانەی کە بەپێی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣) ی ساڵی (١٩٨٤) و یاسا و ڕێنماییەکانی تر قەدەغەکراون ڕێگانادرێت بێتە ناو بازاری ئازاد .

**شەشەم:** بازاری ئازاد لەژێر سەرپەرشتی و پشکنینی گومرگی دەبێت بە بەردەوامی و سەرپەرشتی هەموو کارێکی هاتنە ناوەوە و چوونەدەرەوەی کالاکان دەکات لە بازارەکەدا.

**حەوتەم:** هیچ کالایەك نایەتە ناو بازاری ئازادو لە بازار دەرناچێت تا دەسەڵاتی گومرگی ڕێگای پێ نەدات .

**هەشتەم:** بە هیچ شێوەیەك ڕێگا نادرێت کالا لەناو بازار بەکاربهێنرێت .

**نۆیەم:** ئەو کاڵا یانەی کە لە بازاری ئازاد دەهێنرێنە دەرەوە بەمەبەستی بەکارهێنان و فرۆشتنی لە بازارەکانی ناوخۆ پێویستە ڕەسمی گومرگی و باجە سەپێنراوەکانی لێوەر بگیرێت بەپێی یاساو ڕێنماییەکار پێکراوەکان .

**دەیەم:** وەبەرهێن مافی خۆیەتی ئەو کالایانە لە ناوبات کە بۆ بەکارهێنان ناشێت و لەناو بازارەکەدایە بەمەرجێك لەژێر سەرپەرشتی گومرگ بێت و کۆنووسی تایبەتی بۆ ڕێك بخرێت .

**یانزەیەم:** پێویستە وەبەرهێن کەفالەی مەسرەفی بەبڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناری عێراقی پێشکەش بە گومرگ بکات بەمەبەستی مسۆگەرکردنی جێ بەجێ کردنی ڕێنمایی ویاسا گومرگیەکان .

**دوانزەیەم:** پێویستە وەبەرهێن تیانووس و لیستی تایبەتی هەبێت بۆ کالاکان بەو شێوازەی کە گومرگ بۆی دیاری دەکات و بڕیاری لەسەر دەدات .

**سیانزەیەم:** هەرکالایەك کە بۆ بازاری ئازاد هاتبێت ئەگەر ڕاستەوخۆ نەهاتە ناو بازارەکەوە واتە لە سنوورەکانی ترەوە هاتبێتە ناو هەرێم پێویستە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار کاری کەشفی بۆ ئەنجام بدات و تیانووسە تایبەتەکانی بازارەکە تۆماری بکات کە بۆ ئەم مەبەستە ڕادەگیرێت .

**چواردەیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە هاتوون و بەپێی دەسەڵاتەکانی و لەکاتی نەبوونی دەسەڵات بۆ هەر خاڵێك بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ ئاگادارابکاتەوە .

**پانزەیەم:** بازاری ئازاد پابەند دەبێت بە مەرجەکانی هاوردە .

**بەشی یازدەم: ڕێنمایی دەرهێنەری گومرگی (وكيل اخراج گومرگی)**

بە لەبەرچاوگرتنی ماددە و بڕگەکانی یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی عێراقی هەموارکراو تایبەت بە (دەرهێنەری گومرگی – الاخراج الكمركي) بەتایبەتیش لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٧٥)ی یاساکەدا هاتووە کە بە بڕیاری وەزیری دارایی مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی دەرهێنەری گومرگی و ئەرکەکانی وەکیلی اخراج گومرگی دیاری دەکرێت وەك لە خوارەوەدا هاتووە :.

**یەکەم:** بەڕێوەبەری گشتی گومرگ مۆڵەتی پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی (وكيل اخراج گومرگی) بۆ یەك ساڵ دەدات بۆ هەموو کەسێکی ئاسایی و کۆمپانیا ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کەلەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**دووەم:** بەڕێوەبەری گومرگی پەیوەندیدار هەڵدەستێت بەپێدانی مۆڵەتی پیشەی یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کەلەم ڕێنماییەدا هاتووە .

**سێیەم:** مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی بریکاری دەرهێنەری گومرگی بۆ کەسی ئاسایی کە داواکاری پێشکەش دەکات:-

أ- ئەبێت عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت.

ب - تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

ج - بەلایەنی کەم دەرچووی ئامادەیی یان هاوشێوەی ئامادەیی بێت .

د- ئەستۆ پاکی (براو ژمە) باجی دەرامەت بهێنێت.

هـ- ئەبێت بەڵێن نامە بدات کە پەیوەستە بەدانی هەموو رسومات و سزایەك کە دەکەوێتە سەر (موەکیلەکە) واتە بازرگان یان کۆمپانیا.

ز- داواکار ئەبێت داواکەی لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار پێشکەش بکات بەپێی پێویست.

**چوارەم: مەرجەکانی کارکردنی پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی.**

أ- پێویستە نوسینگەیەکی هەمیشەیی هەبێت لەناو حەرەمی کۆمەلگا یان حەرەمی گومرگی یان خاڵە سنوریە گومرگیەکان یان ئەو شارەی کە حەرەمی کۆمەلگا یان گومرگ لە سنوری یەکە ئیداریەکەی دایە کە چالاکی تێدا ئەنجام دەدات و پێویستە تابلۆیەك هەڵبواسێت کە ناو و پیشەو ژمارەی مۆلەتەکەی تێدابێت.

ب- بپێویستە تەنها پیشەی بریکاری دەرهێنەری گومرگی بکات وەکارمەندی دەولەت نەبێت.

ج- پێویستە بریکاری دەرهێنەری گومرگی (خطاب ضمان) بەبڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوومليۆن دینار بهێنێت .

د- پێویستە یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی (خطاب ضمان) بەبڕی ( ١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بهێنێت.

هـ- بریکاری دەرهێنەری گومرگی مۆلەتی پێ دەدرێت لەبەرامبەر بڕی ( ٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزاردینار وە یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی مۆلەتی پێ دەدرێت لە بەرامبەر (٢٥٠٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار وەك ڕەسمی دەرهێنانی مۆلەت و هەموو ساڵێك نوێ دەکرێتەوە بەبێ بەرامبەر.

و- بڕی (٧٠٠٠٠٠) حەوت سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ هەرساڵێك لە بڕی کارکردنی بریکاری دەرهێنەری گومرگی وەك رەسمی کارکردنی بریکاری دەرهێنەر.

ز- بڕی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ هەرساڵێك لە بڕی کارکردنی یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی وەك رەسمی کارکردنی یاریدەدەری دەرهێنەر.

**پێنجەم: مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پیشەی یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی:**

أ – عێراقی بێت و دانیشتووی هەرێم بێت .

ب- لایەنی کەم دەرچووی سەرەتایی بێت شارەزایی هەبێت لەم بوارەدا.

ج- تەمەنی (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت .

د- تەنها کاری یاریدەدەری بریکاری دەرهێنەری گومرگی بکات وەکارمەندی دەولەت نەبێت.

هـ- نابێت لەلای بریکارێك زیاتر کار بکات.

و- یاریدەدەر نابێت بە دواداچوون لەسەر مامەڵە گومرگیەکان بکات لە هۆبەو بەشەکانی گومرگەکان کە پێویست دەکات بریکار خۆی ئامادەبێت لە کارە یاسایەکان .

**شەشەم:**

أ- مەرجەکانی بریکاری دەرهێنەری گومرگی دەسەپێنرێت بەسەر ئەو کۆمپانیایانەی کەکاری دەرهێنەری گومرگی دەکەن کە بەرێوەبەری رێگە پێدراو ( مدیر مفوض ) یا هەر کە سێکی تر کە کۆمپانیا بەرێوەدەبات.

ب- هەمان مەرجەکانی دەرهێنەری گومرگی دەسەپێنرێت بەسەر نوێنەری کۆمپانیا گشتی یەکانی دەولەت بەمەرجێك بە نووسراوێکی فەرمی لە لایەن بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیاکەی ڕێگای پێ درابێت .

**حەوتەم:** بریکاری دەرهێنەری گومرگی پابەند دەبێت بە:.

أ- بەرپرسە لە دروستی سەرەتاو بەڵگە نامەکانی کە لە جیاتی بازرگان یان کۆمپانیا پێش کەش دەکات وە پێویستە بریکار نامە ( الوكالة) بخاتە ڕوو تا لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پەیوەندیدار کاری دەرهێنان بۆ بابەتەکە ئەنجام بدات .

ب- پێویستە تیانووسێکی تایبەتی تۆماری هەبێ و بە مۆری بەڕێوەبەرایەتی گومرگی مۆرکرابێت لە و سنوورەی کەکاری تیا دەکات وە هەموو زانیاریەکانی دەرهێنانی گومرگی تیادا تۆمار دەکرێت بە ژمارە و زنجیرە لەگەڵ ئاماژە پێدان بە ژمارەی مەنەفێست ( بيان گمرگی ) وە ئەم تیانووسە دەپارێزرێت بۆ ماوەی (٥)پێنج ساڵ بۆ ئەوەی دەزگای چاودێری کاری وردبینی لەسەربکات.

ج - بریکار پێویستە لە سنووری یەك بەڕێوەبەرایەتی کاری دەرهێنانی گومرگی بکات وە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بۆی هەیە مۆڵەت بدات بەکارکردن لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی یەکی تریش بەمەرجێك پاساوی یاسایی هەبێت و هەمان ئەو بڕە پارانە لەو بەڕێوەبەرایەتیەش دابنێ لە بڕی خۆی و یاریدەدەرەکانی .

د- بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ بۆی نی یە هیچ کەسێك بخاتە کار .

هـ- بەڵێن نامەیەکی دەست نووسی پێشکەش دەکات کە پابەند دەبێت وە بەرپرسیاردەبێت لەوکارانەی کە یاریدەدەرەکانی دەیکەن وە لەکاتی تازەکردنەوەی ناسنامەی یاریدەدەرەکان هەمان بەڵێن نامە پێشکەش دەکات

**هەشتەم:** بریکاری دەرهێنەری گومرگی بۆی هەیە (٣) سێ یاریدەدەر بخاتەکار وە لەوەزیاتر بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بکات بۆ بەڕێوەبەری گشتی گومرگ لە ڕێگای بەڕێوەبەری گومرگی پەیوەندیدارەوە بەمەرجێك بیسەلمێنێت کە پێویستی بەو ژمارە یە زیاترە لە یاریدەدەر.

**نۆیەم:** بۆتازە کردنەوەی مۆڵەت پێویستە هەمان مەرجەکانی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی کارکردن تیابێت وە ئەستوپاکی گشت باجەکان وبەشەکانی گشتی گومرگی پێشکەش بکات.

**دەیەم:** دوای تەواو بوونی مۆلەتی کارکردن و پیشەی دەرهێنان ، بریکاری دەرهێنەری گومرگی و یاریدەرەکانی باجی تایبەتی پی دەدرێت .

**یازدە:** گۆرینی ناونیشانی یاریدەدەری دەرهێنەری گومرگی بۆ دەرهێنەری گومرگی (وكيل اخراج) بەپێی مەرجەکان ئەم دەسەڵاتە بدرێتە بەڕێوەبەری گومرگ بەمەبەستی ئاسانکاری و وێنەیەك بدرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ .

**دوازدە:** سزاکان:-

أ- ١- هۆشداری (آنذار).

٢- ڕێگرتن لە کارکردن بە مەرجێك لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت و لەدەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتیەکانی گومرگی دەبێت بەمەرجێك بە لیژنەبێت .

٣- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت بەیەکجاری لە دەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرگی و بەرێوەبەرایەتی گومرگەکان دەبێت .

ب- هەر سزایەك كە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەكان ئاراستەی بریكاریان یاریدەدەری بریكاری دەرهێنەری گومرگی دەكرێت سەرپێچی كار بۆی هەیە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دا تانە بگرێت و پێشكەش بە بەڕێوەبەری گشتی گومرگ بكات لە بەرواری ئاگاداركردنەوەی بە سزاكە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی گومرگ یەكلاكەرەوە دەبێ و مافی تانەی نامێنێت .

ج- هەرسزایەك كە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی گومرگ ئاراستەی بریكار یان یاریدەدەری بریكاری دەرهێنەری گومرگی دەكرێت سەرپێچی كار بۆی هەیە تانە لە بڕیارەكە بگرێت لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە بەرواری ئاگاداركردنەوەی تانەكە پێشكەش بە وەزیری دارایی وئابووری دەكرێت و بڕیاری وەزیر یەكلاكەرەوە دەبێت و مافی تانە گرتنی نامێنێت.

**بەشی دوازدەم : لیستی چوونەدەرەوەی( هەناردەكرنی ) ئەو كەل و پەلْ و بابەتانەی كە هاوردەنین.**

| ژ | بابەت | پێوەر | ڕەسمی گومرگی | بەهای بابەت بۆ یەك تەن<br>تەنها بۆ یەكلایی كردنەوەی كێشە گومرگیەكان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مس و زەردی قالب - خۆمالی و ستاندار | ١تەن | ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزاردینار | ٥٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار |
| ٢ | فافۆن و قورقوشی قالب –خۆمالی و ستاندەر | ١ تەن | ٢٥٠,٠٠٠ دووسەد و پەنجا هەزار دینار | ٢٠٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن دینار |
| ٣ | كێبل و تەلی مس و زەرد پارچە پارچەی كۆنەی بەكار هاتوو فەل | ١تەن | ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار | ٥٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار |
| ٤ | كێبل و تەلی مس كە لە مەزادی ئاشكرا لە كارەبای هەرێم دەكردرێتەوە | ١تەن | ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار | ٥٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار |
| ٥ | كێبل و تەلی فافۆن و ئەلەمنیوم كۆنەی بەكار هاتوو پارچە پارچەو فەل | ١تەن | ٢٥٠,٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دینار | ٢,٠٠٠,٠٠٠دووملیۆن دینار |
| ٦ | كێبلْ و تەلی فافۆن و ئەلەمنیۆم كە لە مەزادی ئاشكرا لە كارەبای هەرێم دەكردرێتەوە | ١ تەن | ٢٥٠,٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دینار | ٢,٠٠٠,٠٠٠دووملیۆن دینار |
| ٧ | پاتری شكاو | ١تەن | ١٢٥,٠٠٠ سەد وبیست و پێنج هەزار دینار | ٨٠٠,٠٠٠ هەشت سەد هەزار دینار |
| ٨ | ستیلی سكراب | ١تەن | ١٧٥,٠٠٠ سەدو حەفتا و پێنج هەزار دینار | ١,٥٠٠,٠٠٠یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |
| ٩ | ئاهین قالب (حەوجۆش) | ١تەن | ٧٥,٠٠٠ حەفتا و پێنج هەزار دینار | ٦٥٠,٠٠٠ شەش سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٠ | قورقوشم | ١تەن | ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار | ٤٠٠٠,٠٠٠چوار ملیۆن دینار |
| ١١ | كۆنە رادێتەی شكاو بە هەموو جۆرەكانی | ١تەن | ٢٢٥٠٠٠ دوو سەدو بیست و پێنج هەزار دینار | ٥٠٠٠٠٠، ٣ سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | بەرهەمە نەوتیەکان (دوای ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار) | ١تەن | ٥٠٠٠ ١پانزە هەزار دینار دوای ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان. | لە کاتی بوونی کێشەی گومرگ بەهای ڕاستەقینە بۆ (١)یەك تەن وەربگیرێت. |
| ١٣ | کبریتی پیشەسازی (دوای ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار) | ١تەن | ٥٠٠٠ بینج هەزار دینار دوای ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندی دار | ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٤ | کاغەزی کارتۆنی کۆنە | ١تەن | ٢٠٠٠ دوو هەزار دینار | ٤٠٠٠٠ چل هەزار دینار |
| ١٥ | کۆنە لاستیك و پلاستیك | ١تەن | ١٠٠٠ هەزار دینار | ٣٠٠٠٠ سی هەزار دینار |
| ١٦ | شوشەی شکاو — پاشماوەی شووشە | ١تەن | ١٠٠٠ هەزار دینار | ٣٠٠٠٠ سی هەزار دینار |

**تێبینی//**

**١- ئەو ڕەسمەی کە بەرامبەر بابەتەکان دیاری کراوە (ڕەسمی مقطوعة) و لە کاتی هەناردەکردنی بابەتەکە وەردەگیرێ هیچ پەیوەندیەکی ڕێژەیی بەو بەهایانەوە نیە کە بەرامبەر بابەتەکە دیاری کراوە .**

**٢- ئەو بەهایەی کە بەرامبەر جۆری کانزا و بابەتەکان کە لە لیستی سەرەوەدا دیاری کراوە بەهای بازارو بازرگانی پێوەکردنن (تەنها) لەکاتی دەستگیر کردن و بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی گومرگی لەسەر ئەو جۆرە کانزا و بابەتانە کاری پێ دەکرێت نەك بۆ کاری گومرگ کردن چونکە گومرگ کردنیان بەپێی ئەو ڕەسمە گومرگیە ( مقطوعة ) دەبێ کە بەرامبەر بابەت و کانزاکان دیاری کراوە .**

**٣- هەموو بەرهەمێکی هەرێم کە لەسەرەوە ناویان نەبراوە بەڕێژەی ( ١%)ی بەهای پێناسەی گومرگی ڕەسمی گومرگی لێوەردەگیرێت بۆ چوونەدەرەوە، لەکاتی بوونی بەهای جیاواز لە پێناسەکەدا بە هۆی جۆری مەنشەئەکان کەمترین بەهای شوێنی دروست کراو (المنشاء) ڕەچاو دەکرێت و دەکرێت بە بنەما بۆ دیاری کردنی باجی گومرگی.**

**٤- بۆ وەرگرتنی باجی گومرگی لەسەر پاشماوەی کورە بۆ هەر بابەتێك بە ڕێژەی (٥٠%) لە ڕەسمی قالبەکەی گومرگی لێوەربگیرێت بەپێی خشتەی بەشی (١٢) لەم ڕێنمایەدا .**

**- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە دوای (١٠) دە ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).**

**ڕێباز محمد حەملان**
**وەزیـری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە : ۱۲۵۱۹ لە ۲۰۱۵/۸/۱۱**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (۷) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (۱۵)ی ساڵی ۲۰۰۷ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە :**

**ڕێنمایی ژمارە (۳)ی ساڵی ۲۰۱۵**

**تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندن و کارکردنی کارگە بۆ پیشەسازی پێداویستییە پزیشکیەکان**

**ماددەی (۱):**

**پێناسەی زاراوەکان بەم شێوازەی خوارەوەیە:**

**۱- دەرمانساز: ئەندامی سەندیکای مۆڵەت پێدراوە بە پێی یاسای سەندیکای دەرمانسازان.**

**۲- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**۳- وەزارەتی تەندروستی: وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**٤- وەزیری تەندروستی: وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**۵- KMCA: بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستیە پزیشکییەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**٦- مۆڵەتی دامەزراندن: مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە بۆ پیشەسازی پێداویستیە پزیشکییەکان.**

**۷- سەندیکای دەرمانسازان: سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**۸- دەرمانسازی: زانستی دەرمانسازی پیشەسازی.**

**۹- پێداویستیە پزیشکییەکان.**

A medical device is an instrument, apparatus, implant, in vitro reagent, or similar or related article that is used to diagnose, prevent, or treat disease or other conditions, and does not achieve its purposes through chemical action within or on the body (which would make it a drug).
Medical devices vary greatly in complexity and application. Examples range from simple devices such as tongue depressors medical thermometers, and disposable gloves.

**ماددەی (۲):**

**هەموو کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان یان وەزارەتی پیشەسازی بکات بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی بەپێی مومارەسەکردنی دروستکردنی دەرمانی باش و نوێ کراو .**

- Class 1 According to ISO.
- Class 2 & 3 According to cGMP.

**وە وەزارەتی تەندروستی لایەنی بەرپرس دەبێت لەڕووی هونەری و کوالێتیەوە بۆ بەرهەم هێنراو دوای پێدانی مۆڵەتی دەستپێکردنی بەرهەمهێنان بە کارگەکە.**

- CLASS I: devices present the lowest potential risk and do not require a license. Examples of class 1 devices include elastic bandages, examination gloves, and hand held surgical instruments.
- CLASS II: devices require the manufacturer's declaration of device safety and effectiveness. Examples of class 2 devices include acupuncture needles, powered wheelchairs, infusion pumps, surgical drapes and an implantable radiofrequency transponder system for patient identification and health information.
- CLASS III & IV: devices present a greater potential risk and are subject to in-depth scrutiny. Examples of class 3 devices that currently require a premarket notification include implantable pacemaker, pulse generators, HIV diagnostic tests, automated external defibrillators, and endosseous implants.

**ماددەی (٣):**

**پێدانی ڕەزامەندی سەرەتایی سەبارەت بە دامەزراندنی کارگە، پەیوەستە بەم مەرجانەی خوارەوە:**

**١- پێشکەشکردنی داواکاری دامەزراندن بە دەستەی وەبەرهێنان یان وەزارەتی پیشەسازی:**

**أ- ناوی کارگە (پێویستە حجز بکرێت لەلای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم).**

**ب-شوێنی کارگە (پارێزگا).**

**ت-لیستی تایبەت بە جۆری ئەو پێداویستیە پزیشکییانەی کە کارگەکە بەرهەمیان دەهێنێت.**

**پ-ئامادەکردنی توێژینەوەی سوودی ئابووری (دراسة جدوى) بۆ پرۆژەی (F.S) و دەبێت ئەم توێژینەوەیە مۆر و واژۆی لایەنی ئامادەکار و لایەنی ووردبینی و خاوەنی پرۆژەکەی لەسەر بێت**

**ج- ئامادە کردنی دۆسیەی پرۆژەکە: دەبێت ئەم دۆسیەیە مۆر و واژۆی لایەنی ئامادەکار و لایەنەی ووردبینی و خاوەنی پرۆژەکەی لەسەر بێت. هەروەها پێویستە دۆسیەکە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:**

i. **دیزاینی سەرەتایی (**concept design**) و (**general site design**) وە پێویستە وێنەیەکی چاپکراوی ڕەنگاو ڕەنگ و وێنەیەکی سەر (**CD**) کە تێیدا وەسفێکی کورتکراوە بۆ ئەم تایبەتمەندانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:**

**١- پارچە سەرەکییەکانی کارگەکە.**

**٢- شێوازی بینا و دەرگا و پەنجەرە و زەوی و دیوار و سەقفەکان .**

**٣- ڕووناکی و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ژاوەژاو و تۆز.**

**٤- هێڵەکانی بەرهەمهێنان.**

**٥- کۆگای تایبەت بە کەرەستەی خاو و کەرەستەی بەپاکێچکردن و بەرهەمی کۆتایی.**

**٦- یەکەی چارسەر کردنی ئاو (ئاوی بێ خوێ).**

**٧- یەکەی چارەسەر کردنی پاشماوەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە.**

**٨- سیستەمی ساردی و گەرمی و هەواسازی** HVAC.

**٩- ڕووبەرە سەوزەکان.**

ii. لیستی کەرەستە و ئامێرەکانی بەشەکانی (بەرهەمهێنان و تاقیگە و سیستەمەکانی پاڵپشتی خزمەتگوزای) و تایبەتمەندییەکانیان.

ح- ناوی دەرمانسازی بەرپرس (بەرێوەبەری هونەری) کارگەکە پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێت:

i. پێویستە ئەندامی سەندیکای دەرمانسازان بێت و مۆڵەتی مومارەسەکردنی پیشەی دەرمانسازی پێدرا بێت.

ii. نابێت خاوەنی یان بەرێوەبەری هیچ شوێنیکی تر بێت و پێویستە ئەمەش لە لایەن سەندیکاوە پشتگیری بکرێت.

iii. پێویستە مومارەسەی پیشەی دەرمانسازی کردبێت بۆ ماوەی (١٥) ساڵ بەلای کەمەوە، یان ئەزموونی هەبێت لە بواری پیشەسازی دەرمانسازی بۆ ماوەی (٥) ساڵ بەلای کەمەوە، یان بڕوانامەی دەرمانسازی هەبێت بۆ ماوەی (٣) ساڵ بەلای کەمەوە.

iv. پێویستە تەفەروغی کردبێت لە کارکردن لە کەرتی حکومی.

خ- زانیاری کەسی (CV) سەبارەت بە لایەنی نەخشەکێش و جێبەجێکاری پرۆژەکە.

د- سەرچاوە و کواڵێتی و تایبەتمەندییەکانی کەرەستەی خاو کە بەکاردێت لە پیشەسازی بەرهەمهێنانی پێداویستیە پزیشکییەکان.

**ماددەی (٤):**

پێداویستی و مەرجەکانی دامەزراندنی کارگە:

١- مەرجە گشتییەکان:

أ- پێویستە پرۆژەکە دوور لە شوێنی دانیشتووانی چڕ بێت و بەپێی نەخشەی شارستانییەی شار کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی بڕیاری لەسەر درابێت.

ب- دەبێت نەخشە و جێبەجێکردن و بەکارخستنی کارگەکە بەپێی پێوەری جیهانی (ISO) بێت، وە بەپێی مومارەسەکردنی بەرهەمهینانی باش (cGmp) بێت.

ت- ڕووبەری پرۆژەکە نابێت لە (٢٥٠٠م٢) کەمتر بێت و دەبێت لە ٢٠٪ ئەم ڕووبەرەش سەوزایی بێت لەو زەوییەی کە بۆ پرۆژەکە دیاری کراوە.

پ- دەبێت بەشەکانی کارگێری و بازرگانی جیابکرێتەوە لە بەشەکانی تری کارگەکە.

ج- دەبێت بینای کارگەکە بە ئەندازەیەك دروست بکرێت کە ڕێگربێت بەرامبەر بە هاتنە ژوورەوەی حەشەرات و ئاژەڵی قرتێنەر.

ح- بوونی یەکەی چارەسەر کردنی ئاوی قورس لە کارگەکەدا و دەبێت تۆڕی ئاوەڕۆی کارگەکە بە تۆڕی ئاوەڕۆکانی شارەوانی ببەسترێت.

خ- پابەند بوون بە گشت ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی.

د- دابینکردنی سەرچاوەی کارەبای جێگرەوە بۆ بەردەوام بوونی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە کارگەکەدا لە کاتی پچڕانی تەزووی کارەبا و هەروەها دەبێت ئامێری UPS بۆ بەشە هەستیارەکانی کارگەکە دابین بکرێت.

ژ- ئامادە کردنی کارمەندان لە ڕووی زانستی تەندروستی و ئامادە کردنی بڕوانامەی تەندروستی تایبەت بە سەلامەتی کارمەندان.

ر- دابینکردنی تۆمارەکان بۆ ئەمانەی خوارەوە:

i. کەرەستەی خام.

ii. کەرەستەی بە پاکێچکردن (پڕکردن و ڕووپۆشکردن).

iii. کارپێکردنی (batch record) بۆ هەر بەهەمهێنراوێك.

iv. ئەنجامدانی کۆنترۆلی بەردەوام بۆ گشت ئامێر و کەرەستەکان و سیستەمەکانی نێو کارگەکە.

v. بڕوانامەی شیکاری.

٢- مەرجە تایبەتەکان:

أ- دەبێت ئەو هۆڵانەی کە کەرەستەی پاکژکراو تیایدا بەرهەم دەهێنرێت بەتەواوی جیا بکرێنەوە لەو هۆڵانەی کە تیایدا کەرەستەی پاکژنەکراو بەرهەم دەهێنرێت.

ب- دەبێت هۆڵی بەرهەمهێنان و ڕێگاکانی پاکژکردنەوەی پێویست و ئەو کەرەستانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی هەستیاری لە بیناکە بەتەواوی جیابکرێنەوە لە بیناکانی دروستکردنی بەرهەمەکانی تر.

ج- دەبێت بەربەستی شووشەیی دابندرێت بەمەبەستی ئاسانکردنی پرۆسەی چاودێری کردنی هۆڵەکانی بەرهەمهێنان بەبێ چوونە ژوورەوە.

**ماددەی ( ٥ ):**

پاش دیراسەکردنی دۆکیومێنت و بەڵگەکان کە پێشکەشکراوە بەپێی ماددەی (٢ و ٣) لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە (KMCA) وە دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی بەڵگەکان گونجاوە لەگەڵ مەرجەکانی پێشوو وە دوای دابینکردنی زەوی لە لایەن وەزارەتی شارەوانی یان کشتوکاڵ و وەرگرتنی ڕەزامەندی دەستەی پاراستنی ژینگە و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئامادەکردنی ژێرخانی (ئاو، کارەبا، ئاوەڕۆکان)، مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەکە لە لایەن دەستەی وەبەرهێنان یاخود وەزارەتی پیشەسازی بە ئاگاداری وەزارەتی تەندروستی دەدرێت.

**ماددەی ( ٦ ):**

بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە مەرجە نەخشەی کۆتایی کارگەکە (Final Design) بە دوو وێنە ئامادە بکرێت ، وێنەیەکی چاپکراو و ڕەنگاو ڕەنگ بێت، وێنەیەکی لەسەر (CD) بێت و پاشان پەسەند بکرێت لە لایەن وەزارەتی تەندروستی (KMCA) وە ئەمانە لەخۆ بگرێت:-

١- پێویستە نەخشەکانی تەلارسازی و شارستانی و کارەبا و میکانیکی مۆرو واژۆ بکرێت لە نێوان ئەو لایەنەی کە ئامادە و وردبینی بۆ کردووە لەگەڵ خاوەن پرۆژەکە.

٢- پێویستە پێناسەیەکی وردو تێروتەسەڵ بۆ ئەمانەی خوارەوە بکرێت:

أ- تایبەتمەندییەکانی سیستەمی ساردی و گەرمی و هەواسازی (HVAC) و پێوەرەکانی کۆنترۆلکردنی پلەی گەرمی و شێ و گوشاری نێو کارگەکە.
ب- بەش و کارمەندانی تاقیگە و کۆنترۆڵی جۆری (QCL).
ت- بەش و کارمەندانی تاقیگەکانی توێژینەوە و پەرەسەندن (R&D).
پ- سیستەمی کارگێری بیناکان (BMS).
ج- پرۆسەی بە دۆکیومێنتکردن و بە ئەرشیف کردن.
ح- خشتەی بڕی کەرەستەکانی تایبەت بە پرۆژەکە.
خ- سیستەمەکانی پاراستن لە کارەساتەکان و بەرگری شارستانی.
د- سیستەمی پەیوەندی ناوەکی و دەرەکی.
ژ- پرۆسەی لەناوبردنی پاشماوە پیشەسازییەکان لە جۆری گازی و شلەمەنی و ڕەقی بەشێوەی تەندروستی.
ر- ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و وزەکانیان.
ز- سیستەمی دڵنیایی جۆری (کواڵیتی) (QA).
س- ڕێگاکانی ئامادەکاری و بەرهەمهێنان.
ش- سەرچاوە زانستییەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی پێداویستیە پزیشکییەکان.

**ماددەی ( ٧ ):**

١- لە ڕێکەوتی پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەکە پێویستە خاوەن پرۆژە ئەمانەی خوارە جێبەجێ بکات:-
أ- دەبێت خاوەن پرۆژەکە لە ماوەی نەوەد ڕۆژدا دەست بکات بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، گەر دەستی پێ نەکرد، ئەو کات هۆشداری بۆ ڕەوانە دەکرێت و داوای لێ دەکرێت لە ماوەی یەك مانگ لە ڕۆژی تەواو بوونی ماوەی نەوەد ڕۆژەکە دەست بە ئەنجامدانی پرۆژەکە بکات، بە پێچەوانەوە، پاش تەواو بوونی ماوەی هۆشدارییەکە مۆڵەتی دامەزراندنەکە پوچەڵ دەکرێتەوە.
ب- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتە وەرزییەکان (هەر سێ مانگ جارێك) بە لیژنەی هونەری سەبارەت بە قۆناغەکانی تەواوکردنی کاری پرۆژەکە و ئەو کۆست و بەربەستانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتنی تەواوبوونی پرۆژەکە لەماوەی دیاری کراو.

٢- لە ڕۆژی پێدانی مۆڵەتی کۆتایی ، لیژنەی هونەری دەسەڵاتی ئەنجامدانی بەدواداچوونی هەیە بۆ پرۆژەکە. بەدواداچوونەکەش بەم شێوازەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:
أ- ئەنجامدانی پشکنینی خوولی و لە ناکاو.
ب- پرسیارکردن لە لایەنی زانستی بێ لایەن بەمەبەستی وەرگرتنی بۆچوونێکی زانستییانە لەکاتی پێویست.

**ماددەی ( ٨ ):**

مۆڵەتی دەستکردن بە بەرهەمهێنان لە لایەن وەزارەتی تەندروستی (KMCA) و بە ئاگاداری دەستەی وەبەرهێنان دەبەخشرێت. پاش پێدانی مۆڵەت دەست دەکرێت بە کارپێکردنی ڕاستەقینەی پرۆژەکە بەمەبەستی بەرهەمە بازرگانیەکان بەم شێوازەی خوارەوە:

١- تەواوکردنی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ماددەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم.

٢- پێشکەشکردنی دۆسیەی سەرەکی شوێنی پرۆژەکە (Site Master File) بە لیژنەی هونەری.

٣- ئەنجامدانی پشکنینی مەیدانی کۆتایی لەسەر بەشەکانی کارگەکە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر (Professional Inspector) بەمەبەستی پێدانی ڕەزامەندی لەسەریان.

**ماددەی (٩):**

گشت بەڵگە و ڕاپۆرت و نەخشە و زانیاریی و دیراساتەکان کە ئاماژەیان پێدراوە لە ماددەی (١) وە تا ماددەی (٧) وە پێشکەشی لیژنەی هونەری کراوە نهێنین و نابێت بە هیچ شێوەیەك بەکەسی تر ڕابگەێندرێت، تەنها لە حاڵەتی جێبەجێکردنی ماددەی حەوتەم (٢/ب) نەبێت.

**ماددەی (١٠):**

١- هاوردەکردنی ئەو کەرەستانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە پەیوەستە بە وەرگرتنی ڕەزامەندی و مۆڵەتی فەرمی KMCA.

أ- کەرەستەی سەرەتایی چالاك و ناچالاکی کۆنترۆڵ کراو.

ب- کەرەستە کیمیاوییە بەکارهاتووەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان و شیکاری.

ت- کەرەستە پێوانەییە بەکارهاتووەکانی پرۆسەی شیکاری و تاقیگەیی.

پ- کەرەستەکانی پاکێچکردن (پڕکردن و ڕووپۆشکردن).

ج- بەرهەمە نیمچە بەرهەمهێندراوە (semi finished products) کۆنترۆل نەکراوەکان، بەمەرجێك کۆمپانیای بەرهەمهێن تۆمار کراوبێت لە عێراق یان لە کوردستان.

٢- هاوردەکردنی ئەو کەرەستانەی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە پەیوەستە بە وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردە کردن و پشت بە ڕەزامەندی فەرمی وەزارەتی تەندروستی عێراقی فیدراڵ.

أ- کەرەستە خاوە چالاکە کۆنترۆلکراوەکان.

ب- کەرەستەی کیمیاوییە کۆنترۆلکراوەکان.

ج- کەرەستە نیمچە دروستکراوە کۆنترۆلکراوەکان لەلایەن لیژنەی نێودەوڵەتی کۆنترۆلکردنی ماددە هۆشبەرەکان.

**ماددەی (١١):**

١- دەبێت تۆمارەکانی تایبەت بە کەرەستە خامە چالاك و ناچالاکە بەکارهێندراوەکان لە بەرهەمهێنان ئەم زانیاریانەی خوارەوە بگرێتە خۆ:

أ- ناوی زانستی و بازرگانی کەرەستەکان (ئەگەر هەبوو).

ب- بەرواری دروستکردن و بەسەرچوونی

ت- ژمارەی کارپێکردنی سەرەکی و لاوەکی.

پ- ژمارە و ڕێکەوتی مۆڵەتی هاوردەکردن و ناوی لایەنی ڕێکخەری مۆڵەتەکە.

ج- ڕێکەوتی کردنەوەی پشتیوانی بانکی یان ژمارە و ڕێکەوتی پسولەکە.

ح- بڕوانامەی شیکاری وولاّتی بەرهەمهێن.

خ- ئەنجامەکانی ئەو تاقیکردنەوانەی کە کارگەکە ئەنجامی دەدات وە تایبەتمەندییە بڕواپێکراوەکان لە پڕۆسەی هەڵسەنگاندن و ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکە.

د- بڕوانامەی بەرهەمهێن (منشا).

٢- نابێت بە هیچ شێوەیەك کەرەستەی خامی چالاّك و ناچالاّك (فعال و غیر فعال) لەناوەوەی هەرێم بکڕدرێت یان مامەڵەی پێ بکرێت بە بێ پێشکەشکردنی بەڵگەکانی تایبەت بەم کەرەستانە بە لیژنەی هونەری.

**ماددەی (١٢):**

دەبێت خاوەن پرۆژەکە ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ بکات:

١- دامەزراندنی بەڕێوەبەرە سەرەکییەکان کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێدراوە کە ماوەی ئەزموونیان لە بواری پسپۆریەتییان لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت یان ماوەی ئەزموونیان لە بواری پیشەسازی پێداویستیە پزیشکییەکان لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

أ- بەڕێوەبەری دڵنیای جۆری.

ب- بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان.

ت- بەڕێوەبەری تاقیگەکانی کۆنترۆلی جۆری.

٢- نابێت کەسێك ببێتە بەڕێوەبەری دوو بەش یان زیاتر لەو بەشانەی کە لە بڕگەکانی (١/أ-ب-ج) ئاماژەیان پێدراوە.

٣- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەلماندن (دراسات الثبوتیة) لە ناو کارگەکە بەشێوەی بەردەوام بۆ بەرهەمەکان.

٤- پێدانی وێنەیەك لەو نووسراوە فەرمییانەی کە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عێراقی فیدراڵ ئالوگۆر دەکرێن بە وەزارەتی تەندروستی /KMCA.

٥- پێدانی ڕاپۆرتی وەرزی سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئاوی ئاوەڕۆکان و جۆری ئەو ئاوەی کە بەکاردێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و تاقیکرنەوەکانی سەلامەتی ژینگەیی بە وەزارەتی تەندروستی KMCA.

٦- پەنا بردنە بەر تازەترین ڕێبازە جیهانیەکان بۆ ئەنجامدانی پشکنینی پێداویستیە پزیشکییەکان و دابینکردنی نوێترین سەرچاوەی زانستی.

٧- ئەنجامدانی پشکنینی بەردەوام بەپێی خشتەی کات بۆ ئامێری تاقیگەکان و بەرهەمهێنەرەکان و خزمەتگوزارییەکان.

٨- نابێت بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداری KMCA پێکهاتەکان یان شێوازی یان ڕەنگی پاکێجەکان یان پۆستەرە دەرەکییەکانی گیراوەکان بگۆردرێت.

**ماددەی (١٣):**

**پێویستە دەرمانسازی بەرپرس (بەڕێوەبەری هونەری) ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ بکات:**

**١- دەبێت بەردەوام ئامادە بێت بەمەبەستی وتوێژو لێکۆڵینەوەی بابەتی هونەری وزانستی تایبەت بە کارگەکە.**

**٢- ماوەی ئامادە نەبوونی لە کارگەکە بە شێوەی بەردەوام (لەدوای یەك) نابێت لە (١٥) ڕۆژ زیاتر بێت و ئەم ئامادە نەبوونەش لە ماوەی یەك ساڵدا نابێت زیاتر لە سێ جار دووبارە ببێتەوە.**

**٣- ئەگەر ژمارەی ئامادەنەبوونەکانی زیاتر بێت لەو ماوەیەی کە لە خالی دووەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێدراوە، ئەوا دەبێت دەرمانسازێکی بەرپرسی تر بە هەمان ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی سێیەمی خاڵی (ح) دا ئاماژەی پێدراوە لە شوێنی دابمەزرێت بۆ ئەو کاتانەی کە ئامادە نابێت.**

**ماددەی (١٤):**

**١- دەبێت پرۆسەی بەرهەمهێنان بەم شێوازەی خوارەوە بێت:**

**أ- دەبێت گشت قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان، لە قۆناغی وەرگرتنی کەرەستە خاوەکان و پرۆسەی پاکێچکردن و پرۆسەی ئامادەکاری تاکو دەگاتە قۆناغی ناوەندی و کۆتایی بەرهەمهێنان ، بڕوا پێکراو بێت. لە هەمان کاتدا پرۆسەی پاکێچکردن و شیکارکردن و کۆگاکردنی بەرهەمەکان لە کۆگا بەپێی مەرجەکانی بەرهەمهێنانی دەرمانی باش (ISO لە کلاسی یەکەم cGMP) لە کلاسی دووەم و سێیەم و چوارەم بێت.**

**ب- دەبێت گشت قۆناغەکانی بەرهەمهێنان لە نێو سنووری کارگەدا ئەنجام بدرێن ، هەر لە قۆناغی وەرگرتن و ئامادە کردنی کەرەستە خاوەکان تاکو قۆناغی بەرهەمهێنانی کۆتایی و پاکێجکردن.**

**ت- دەبێت پێداویستیە پزیشکییەکان کە بەرهەمدەهێنرێن ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی تێدا بێت:**

**i. دەبێت پرۆسەی پڕکردن و ڕووپۆشکردن و شێوازی کەتەلۆگی ناو بەرهەمەکان گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی (KMCA) یان تایبەتمەندییەکانی وەزارەتی تەندروستی عێراقی.**

**ii. وەرگرتنی ڕەزامەندی (KMCA) سەبارەت بە نەخشە و ناوەڕۆکی بەرگی دەرەکی و کەتەلۆگی ناو کەرەستە و دەرمانە بەرهەمهێنراوەکان لە بڕیاری تۆمارکردن.**

**پ- هەبوونی کۆدی تایبەت بۆ هەر گیراوەیەکی دەرمانسازی، وە بخرێتە سەر ژمارەی کارپێکردنی ئەو گیراوەیە.**

**٢- دەبێت پرۆسەی بەرهەمهێنان بۆ بەرژەوەندی کەسی تر بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە بێت:**

**أ- ئەنجامدانی گرێبەستێك لە نێوان هەر دوو لایەن (کارگە و سودمەند).**

**ب- پێشکەشکردنی وێنەیەك لە گرێبەستەکە بە (KMCA) بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندیە فەرمیەکان پێش دەستپێکردنی قۆناغی جێبەجێکردن.**

**ت- مەبەست لە زاراوەی کارگە ئاماژە دانە بە کارگەی دامەزراو و مۆڵەت پێدراو لە لایەن وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بۆ دەستکردن بە بەرهەمهێنان.**

پ- مەبەست لە سووندمەندبوون ئەمانەی خوارەوەیە:

i. کارگە عێراقییەکانی کەرتی گشتی و تایبەتی و تۆمارکراو لە (KMCA) یان وەزارەتی تەندروستی عێراق.

ii. کۆمپانیا و نووسینگە زانستییەکان کە لەلایەن (KMCA) یان وەزارەتی تەندروستی عێراقی تۆمارکراون.

ج- دەبێت هێڵی بەرهەمهێنانی پێداویستیە پزیشکییەکان کەوا گرێبەستی لەسەر کراوەکان مۆڵەتی پێدرابێت لە لایەن (KMCA)یەوە.

ح- نابێت بەرهەمهێنان لە لایەن هیچ کارگەیەکی بیانی بۆ بەرژەوەندی کارگەی دامەزراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام بدرێت.

**ماددەی ( ١٥ ):**

بەکارهێنانی هەر پێداویستیەکی پزیشکی قەدەغە دەکرێت ئەگەر هاتوو سەلمێندرا کە بەپێچەوانەی پێوەرە زانستییەکان بەرهەمهێندراون.

**ماددەی ( ١٦ ):**

١- گشت ئەو پێداویستیە پزیشکییانەی کە لە گارگە کوردستانیەکان بەرهەم دەهێندرێن پشکنین و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام دەدرێت لە لایەن تاقیگەکانی KMCA وە رێگە بە هیچ بەرهەمێك نادرێت بخرێتە بازنەی مامەڵە پێکردن تاوەکو بڕوانامەی شیکاری وەرنەگرێ.

٢- دەبێت کارگە ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ بکات:

أ- پێنج کارپێکراوی یەکەم لە هەر بەرهەمێکی پزیشکی پرۆسەی هەڵسەنگاندن و شیکاری پێویستی بۆ ئەنجام دەدرێت لە لایەن تاقیگەکانی KMCA.

ب- ئەگەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکان بەم شێوازانەی خوارەبوون:

i. گونجاو بوون لەگەڵ تایبەتمەندییەکان، کارپێکردنی دیکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە نموونەکانی نێو کۆگا یان شوێنەکانی فرۆشتن وەردەگیرێت و تاقیکرنەوەی شیکاریان بۆ ئەنجام دەدرێت.

ii. ئەگەر کارپێکەرێك یان زیاتر لە پشکنیندا دەرنەچوو، ئەوا دەبێت پشکنین بۆ (دە) کارپێکەرێکی تر یەك بەدوای یەك ئەنجام بدرێت بە زۆرەملێیانە (اضافية اجبارية).

iii. ئەگەر سێ کارپێکەر لە پشکنینی یەك بەدوای یەکی تاقیگەییدا دەرنەچوو، ئەوا تۆماری پێداویستیە پزیشکییەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە.

٣- پێویستە کارگەکە گشت ئەنجامە شیکارییەکان پێشکەشی KMCA بکات بە لیستێك لە ئەنجامەکانی شیکاری پێداویستییە پزیشکییەکان لەگەڵ کارپێکردنە بەرهەم هێنراوەکان.

٤- لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی بەرهەمێك یان زیاتر ئەو کات پێویستە کارگە پەنا بباتە بەر ئەم رێکارانەی خوارەوە:

أ- دەست بەسەرداگرتنی بڕی بەرهەمەکە.

ب- لە ناوبردنی بڕی ئەو بەرهەمە.

**ماددەی ( ١٧ ):**

**١- دەبێت بازارکردنی پێداویستیە پزیشکییەکان بەم جۆرەی خوارەوە بێت:**

**أ- وەرگرتنی مۆڵەتی بەرهەمهێنان لە وەزارەتی تەندروستی هەرێم.**

**ب- تۆمارکردنی کارگەکە لە KMCA یان وەزارەتی تەندروستی عێراق.**

**ت- وەرگرتنی بڕوانامەی شیکاری بۆ هەر کارپێکردنێك و بۆ هەر پێداویستیەکی پزیشکی.**

**٢- ڕێگەدان بۆ بە بازاڕکردنی پێداویستیە پزیشکیەکان لە نێو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان پێش تەواو بوونی پرۆسەی تۆمار کردن پەیوەستە بەم پابەندیانەی خوارەوە:**

1. Letter of Authorization.
2. Device Description.
3. Detailed information of Design Verification and Validation Documents.
4. Approval and marketing in country of origin or one of reference countries.
5. Declaration of no safety issues globally.
6. The primary and secondary labels on the medical device and its packaging.
7. The instructions for use (where applicable);
8. The patient information leaflet (where applicable);
9. Information on the sterilization method(s) and sterilization validation Standard.
10. The ISO 1348s quality management system certificates for the
- Manufacturing site;
- Sterilization site; and
- Contract manufacturer site.

**ماددەی ( ١٨ ):**

**هەناردەکردنی پێداویستییە پزیشکییە بەرهەمهێنراوەکانی کارگە خۆمالییەکان بۆ دەرەوەی سنووری عێراق بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان لە لایەن وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان و بەڕەزامەندی KMCA دەبێت.**

**ماددەی ( ١٩ ):**

**لیژنەی هونەری هەموو شەش مانگ جارێك پرۆسەی پشکنینی خوولی و بەردەوام ئەنجام دەدات بەمەبەستی دیاری کردنی ڕێژەی پابەند بوون بە پێوەری ڕێکخراوی جیهانی (ISO) و مومارەسەکردنی دروستکراوی باش (cGMP).**

**ماددەی ( ٢٠ ):**

**١- دەبێت کارگە پێداویستییە پزیشکییەکە لە بازارەکان بکێشێتەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوە:**

**أ- لە حاڵەتی دەرنەچوونی پێداویستییە پزیشکییەکان لەو تاقیکرنەوانەی کە ئەنجام دەدرێن لە دوای بە بازارکردنیان لە ئەنجامی گۆرانکاریە فیزیکی و بایۆلۆجی و کیمیاویەکان.**

**ب- ئەگەر بەڵگە زانستییە تازەکان ئەوەیان خستەڕوو کە بەکارهێنانی یەکێك یان هەندێك لە پێداویستیە پزیشکییەکە جێگای مەترسییە لەسەر تەندروستی مروڤ.**

**ت- لەکاتی هەبوونی کاریگەری لاوەکی بە هۆی بەکارهێنانی پێداویستیە پزیشکییەکە.**

٢- پاش ئەنجامدانی پرۆسەی کێشانەوەی پێداویستیە پزیشکییەکان لە نێو بازارەکاندا، دەستەی وبەرهێنان ئاگادار دەکرێتەوە سەبارەت بەم کێشانەوەیە بەگوێرەی فەرمانی کارگێری دەرچوو لە KMCA وە پاڵپشت بە بەڵگەی زانستی پرۆسەی کێشانەوەکە بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:

أ- ڕاگرتنی بەکارهێنان و ناردنی پێداویستیە پزیشکییەکان بۆ نێو بازاڕەکان.

ب- کێشانەوەی پێداویستیە پزیشکییەکە لە نێو بازارەکان.

ت- لەناوبردنی پێداویستیەکان بەپێی ڕێنماییەکان لە کاتی هەبوونی بەڵگە زانستییەکان ئەوەیان سەلماند کە کەرەستەکان مەترسیدارن لەسەر ژیانی مرۆڤ.

**ماددەی ( ٢١ ):**

نوێکردنەوەی مۆڵەتی مومارەسەکردنی بەرهەمهێنان (بەگوێرەی ماددەی ٣٥ لە یاسای پیادەکردنی پیشەی دەرمانسازی) بەم شێوازەی خوارەوە دەکرێت:

١- لە مانگی کانونی دووەم لە هەر ساڵێك.

٢- پێویستە ئەم بەڵگانەی خوارەوە پێشکەش بکرێت:

أ- پێشکەشکردنی داواکاری فەرمی بە KMCA لە لایەن دەرمانسازی بەرپرس (بەڕێوەبەری هونەری) بەمەبەستی نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانە.

ب- پڕکردنەوەی فۆرمی نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانە کە ئامادە دەکرێت لە لایەن لیژنەی هونەری هاوبەشی پیشەسازیە پزیشکیەکان لە لایەن KMCA.

ت- لیستێك بەناوی پێداویستیە پزیشکیەکان کە تۆمارکرابێت لە لیستی KMCA یاخود لە لیستی وەزارەتی تەندروستی عێراقی.

پ- پێدانی زانیاری سەبارەت بە گشت هێڵەکانی بەرهەمهێنان ، ئەوانەی کار دەکەن و ئەوانەی وەستاون و هۆیەکانی وەستانیان.

ج- پلانی بەرهەمهێنانی بۆ ساڵی نوێی داهاتوو.

ح- لیستی تایبەت بە جۆری ئامێر و کەرەستەی تاقیگەکان و ژمارەیان و ناوی بەرپرسی تاقیگە و تواناکانی.

خ- بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان و تواناکانی.

د- بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و تواناکانی.

ژ- ژمارەی کارمەندانی کارگەکە.

ر- لیستی ئامێرەکانی کارگەکە و توانای بەرهەمهێنانیان.

ز- ناونیشانەی شوێنی باوەڕپێکراوی فرۆشتنی پێداویستیە پزیشکیەکان.

٣- ئەنجامدانی پشکنینی مەیدانی بۆ کارگەکە لەلایەن لیژنەی هونەری.

٤- لە حاڵەتی پێشکەش نەکردنی ئەو بەڵگانەی کە لە بڕگەی (٢) هاتووە بۆ ئەو ماوەیەی کە لە خاڵی (١)ی ماددەکەدا ئاماژەی پێدراوە لەلایەن کارگەکەوە:

أ- هۆشداری دەدرێتە کارگەکە دوای ٣٠ رۆژ لە ڕێکەوتی تەواو بوونی ماوەی نوێکردنەوە.

ب- هۆشداری دەدرێتە کارگەکە دوای ٦٠ رۆژ لە ڕێکەوتی تەواو بوونی ماوەی نوێکردنەوەکە.

ت- پاش تێپەر بوونی ماوەی ٩٠ ڕۆژ لەسەر ڕێکەوتی تەواو بوونی ماوەی نوێکردنەوە ، کارگەکە دادەخرێت.

**ماددەی ( ٢٢ ):**

لیژنەی هونەری بۆی هەیە ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

١- ئەنجامدانی پێداچوونەوەی ساڵانە بۆ ئەم ڕێنماییانە و پێشنیارکردن و هەموارکردنی گونجاو بۆ خزمەتکردنی پیشەسازی پێداویستیە پزیشکیەکان لە هەرێمی کوردستان لەکاتی پێویست.

٢- چاوپێخشاندنەوە بە ڕاپۆرتە جیاوازەکان کە پەیوەندی بە پیشەسازی پێداویستیە پزیشکییەکانی کوردستانەوە هەیە.

٣- وەرگرتنی ڕاوێژی پسپۆرانی بواری پیشەسازی پێداویستییە پزیشکییەکان لە هاووڵاتی و بیانی لەکاتی پێویست ، بەبێ درکاندنی زانیارییە نهێنیەکانی تایبەت بە کارگەکان.

٤- پێشنیارکردنی ئەنجامدانی گۆرانکاری گونجاو لە پێکهاتە و ژمارەی ئەندامانی لیژنە بۆ ئەوەی لە ئاستی قەبارەو چۆنیەتی کارەکاندا بێت.

**ماددەی ( ٢٣ ):**

١- پێکهێنانی لیژنەی هونەری بەمەبەستی پەیڕەوکردنی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە تاوەکو پرۆسەی بەرهەمهێنان دەست پێدەکات.

أ- نوێنەری وەزارەتی تەندروستی /KMCA:

i. دەرمانسازی خاوەن ئەزموون لە بواری پیشەسازی پێداویستیە پزیشکیەکان و دەبێت ژمارەیان ٣ کەس بێت.

ii. ئەندازیاری خاوەن ئەزموون لە بواری پیشەسازی پێداویستیە پزیشکیەکان و دەبێت ژمارەیان ٢ کەس بێت.

iii. کیمیاگەری خاوەن ئەزموون لە بواری پیشەسازی پێداویستیە پزیشکیەکان (١ کەس).

iv. زیندەوەرزانی خاوەن ئەزموون لە بواری پیشەسازی پێداویستیە پزیشکییەکان(١ کەس).

ب- نوێنەری وەزارەتی پیشەسازی (١ کەس).

ت- نوێنەری دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانی عێراق (١ کەس).

٢- پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوونی کارگە خۆماڵییەکان بۆ ئەو ماوەیەی کە دەست پێدەکات پاش ڕێکەوتی پێدانی مۆڵەتی بەرهەمهێنان و دەبێت گشت ئەندامەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بن.

**ماددەی ( ٢٤ ):**

هەر کەسێك سەرپێچی بکات لەم ڕێنماییانە سزاکانی نێو ماددەی (٥٣) لە یاسای مومارەسەکردنی پیشەی دەرمانسازی ژمارە (٤٠) بۆساڵی (١٩٧٠) بەسەریدا دەسەپێندرێت.

**ماددەی ( ٢٥ ):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان)دەچێتە بواری جێبەجێ کردن.

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ٥٠٣٩ لە ٢٠١٥/٨/١٦**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٩)ی پەیڕەوی ماڵەکانی بەساڵاچووان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :-**

## ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥
## تایبەت بە ماڵەکانی بەساڵاچووان

**ماددەی (١):**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە و ماناکانیان کە لە بەرامبەریان هاتووە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە:**

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان _ عێراق.**

**دووەم: وەزارەت : وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.**

**سێیەم: وەزیر: وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم.**

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەپارێزگا و ئیدارەکانی هەرێم.**

**پێنجەم: بەڕێوەبەری گشتی: بەڕێوەبەری گشتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاو ئیدارەکانی هەرێم.**

**شەشەم: بەساڵاچوو: هەر کەسێك تەمەنی لە (٦٠) ساڵ کەمتر نەبێت بۆ پیاو وە لە (٥٥) ساڵ کەمتر نەبێت بۆ ئافرەت وە پێویستی بە چاودێری هەبێت.**

**حەوتەم: بەساڵاچووی پەککەوتە: هەر بەساڵاچووێك کە ناتوانێت بە دەم خواستی ئاساییانەی ژیانی خۆی بچێت هەروەها بۆ جێ بە جێ گەیاندنی پێداویستەکانی و چاودێری کردنی پێویستی بە کەسێکە هەمیشە لەگەڵی بێت.**

**هەشتەم: ماڵی بەساڵاچووان: ئەو شوێنەی کە بۆ حەوانەوەی بەساڵاچووان دابین کراوە.**

**نۆهەم: هۆبەی توێژەران: هۆبەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە ئەرك و کارەکانی لە بڕگەی دووەمی ماددەی ١١ی پەیڕەوی ماڵەکانی بەساڵاچووان هاتووە.**

**ماددەی (٢):**

**چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی ماڵی بەساڵاچووان:**

**یەکەم: داواکاری مۆڵەت پێشکەش دەکرێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی / بەشی پەیوەندیدار ، لە لایەن ئەو کەس و لایەنانەی داوای مۆڵەت دەکەن ، بە دوو وێنە بە پێی ئەو نموونەیەی کە وەزارەت ئامادەی دەکات کە تیایدا گشت ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:**

أ- وێنەیەك لە ناسنامەی باری شارستانی لەگەڵ سێ وێنەی کەسی.
ب- بەڵگەنامەی بێ تاوانی.
ج- لاری نەبوونی ئاسایش.
د- وێنەیەك لە مۆڵەتی تەندروستی کە لە لایەنی پەیوەندیدار دەرچوویێت.
ه- وێنەیەك لە بەڵگەنامەی تەندروستی بۆ کارمەندانی نێو ماڵەکە.
و- وێنەیەك لە بەڵگەی موڵکایەتی ئەگەر داواکار موڵکی خۆی بوو یان گرێبەستی بە کرێ گرتن ئەگەر شوێنی ماڵەکە بەکرێ بوو.

**ماددەی ( ٣ ):**

لیژنەیەك بە بریاری بەڕێوەبەری گشتی پێك دەهێندرێت لە ناوەندی هەر پارێزگایەك وە ئیدارەیەکی هەرێمی کوردستان. لە فەرمانبەرانی پسپۆر لە (توێژەری کۆمەلآیەتی، یاسایی و تەندروستی) کە هەڵدەستێت بە پشکنینی شوێن بۆ ماڵەکە بۆ دڵنیابوون لە مەرجەکانی ئاماژەپێکراو لە سیستەم و ڕێنماییەکانی دەرچوو، بەو پێ یە راسپاردەکان بەرز دەکرێنەوە.

**ماددەی ( ٤ ):**

میلاکی ماڵەکانی بەسالآچووان پێك دێت بە پێی ماددەی (١١) لە پەیڕەوی ماڵەکانی بەسالآچووان لە :
**یەکەم** : بەڕێوەبەر و دوو یاریدەدەر .
**دووەم** : ژمارەیەك توێژەری کۆمەلآیەتی بەپێی پێویستی ئیش وکار و قەبارەی ماڵ و ژمارەی سودمەندان .
**سێیەم**: پزیشك و یاریدەدەری پزیشك بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنین بۆ سودمەندان وچارەسەرکردنیان .
**چوارەم** : ژمارەیەك فەرمانبەری کارگێری و دارایی بەپێی پێویست و قەبارەی ئیش و کارەکان .
**پێنجەم** : ژمارەیەك فەرمانبەری خزمەتگوزار بۆ هەڵسان بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ ماڵ و سودمەندانی وەك فەرمانبەری (خزمەتگوزار، پاسەوان،چێشت لێنەر، شوفێر) .

**ماددەی ( ٥ ):**

ماڵی بەسالآچووان دەبێت لە شوێنێکی ئارام و دوور لە جەنجاڵیو دەنگە دەنگ و ژینگەی پیس و هەر ماددەیەکی زیان بەخش بە تەندروستی و سەلامەتی بێت .

**ماددەی ( ٦ ):**

مەرجەکانی باڵەخانەی ماڵی بەسالآچووان بۆ مەبەستی پێدانی مۆڵەت:
**یەکەم**: پێکهاتەی بالآخانەکە لە کەرەستەی بیناسازی هەمیشەیی بێت و ڕەچاوی مەرجەکانی تەندروستی و ژینگەیی و پێوەری گشتی کرابێت.
**دووەم**:بالآخانەکە لەنهۆمی زەمینی بێت  و گونجاو بێت لەگەڵ تواناکانی سوودمەندان و لەمانەی خوارەوە پێك بێت :-

أ- ژووری تایبەتی نووستن بە کەل و پەلی پێویست و گونجاو و تەندروستەوە بەمەرجێك بۆ هەر بەساڵاچوویێك (٥) م٢ تەرخان کرابێت. باشتریش وایە هەر دوو کەس یان سێ کەس لە یەك ژوور بن (بەدەر لەو بەساڵاچووانەی کە زۆر پەککەوتەن کە باشتر وایە هۆڵێکی تایبەت دابین بکرێت‌و تیایدا گشت پێداویستیەکانی بەساڵاچوو لە خۆ بگرێت).

ب- ژووری یەکەی پزیشکی کەسەرجەم پێداویستییەکانی فریاکەوتنی سەرەتاییو ئامێرە تەندروستییە پێویستەکانی (وەکو ئامێری پێوانی پاڵەپەستۆ و ڕێژەی شەکرە و...هتد) لەخۆ بگرێت.

ج- هۆڵی تایبەت بۆ پشوودانی بەساڵاچووان کە تیایدا ئامێری تەلەفزیۆن و ئەو یاریانەی بەساڵاچوو ئارەزووی لێ یەتی بۆ کات بەسەر بردن هەبێت.

د- گەرماو و ئاودەستی تەندروستی گونجاو لەگەڵ ژمارەی بەساڵاچووان.

هـ- هۆڵی وەرزش بە ئامیری وەرزشی گونجاو لەگەڵ سروشتی بەساڵاچووان، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی سووك.

و- ژووری نان خواردنی تەندروست جیا لە چێشتخانە، لەگەڵ سەرجەم کەل‌و پەلو ئامێرو پێداویستییەکانی.

ز- باخچەیەکی گونجاو لەگەڵ ژمارەی سوودمەندان بۆ ئەوەی بەساڵاچووان تیایدا پشو بدەن.

**ماددەی ( ٧ ):**

**لەسەر ماڵەکانی بەساڵاچووانەکە:**

**یەکەم:**

أ- ئامادەکردن‌و ڕێکخستنی تۆمارەکانی پێویست بەماڵی بەساڵاچووانی هەبێت کە سەرجەم زانیارییەکانی بەساڵاچوان لە خۆبگرێت‌و، ملکەچ بێت بۆ پشکنین‌و چاودێری‌و بەدواداچوون.

ب- ڕێکخستنی دۆسیەی تایبەت بەهەر بەساڵاچوویێك کە سەرجەم بەڵگەنامەو ڕاپۆرت‌و...هتد بەساڵاچوو لە خۆبگرێت .

**دووەم:** مافی وەزارەتە پابەندی بکات بە جێبەجێ کردنی ڕێکاری پێویست بۆ دەستەبەری و سەلامەتی بەساڵاچووان.

**سێیەم:** ئاگادار کردنەوەی خانەوادەی بەساڵاچووان لەکاتی نەخۆشی یان بوونی هەر گرفتێك.

**ماددەی ( ٨ ):**

بەهەڵوێردکردنی ئەحکامی ماددەی (٥) لە پەیرەوی خانەی بەساڵاچوان ژمارە (٢) لە ساڵی ٢٠١٣ ، لە دەستەڵاتی وەزیر دایە بەساڵاچوو وەربگرێت بە لەبەرچاوگرتنی باری تایبەت ( جەستەیی و کۆمەڵایەتی ) کە احکامی برگەکانی ( أ و ج) لە ماددەی ئاماژە پێ کراو ، بەسەریدا جێ بە جێ نەکرێت .

**ماددەی ( ٩ ):**

**یەکەم :** نابێت ناوی ماڵەکە بگۆڕدرێت یان بگوازرێتەوە یان فراوان بکرێت بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی.

**دووەم :** فرۆشتن و دەستبەرداری مۆڵەت ناکرێت بۆ کەسێکی تر تەنها بە دەرکردنی مۆڵەتێکی نوێی تر نەبێت ، بەو مەرجانەی کە لە سیستەم و ڕێنمایەکاندا هاتووە.

**ماددەی ( ١٠ ):**

خشتەی خواردنی ڕۆژانە ، ڕێکدەخرێت لە لایەن ماڵی بەساڵاچوان و دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ مەبەستی پەسەندکردنی ، وە لەسەر ماڵی بەساڵاچوان پێویستە رۆژانە جێ بەجێی بکەن.

**ماددەی ( ١١ ):**

سەبارەت بە ماڵی بەساڵاچووانی حکومی:

**یەکەم:** ماڵی بەساڵاچووان هەموو پێداویستییەکانی سوودمەندان بە خۆرایی دابین دەکات لە شوێنی نیشتەجێ بوون و جل و بەرگ و خۆراك و خەرجی گیرفانو هەر پێداویستییەکی تر لە کاتی مانەوەی لە ماڵەکە.

**دووەم:** وەرگرتنی بەساڵاچووی خاوەن داهاتێکی جێگیر بە کرێیەکی مانگانە کە بڕەکەی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار دەبێت بە مەرجێك بڕی پارەی ماوە لە داهاتەکەی کەمتر نەبێت لە بڕی پارەی هاوکاری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی (کە لە ئێستادا (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینارەو مافی وەرگرتنی خەرجی گیرفانی نابێت کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

بۆ نموونە : ئەگەر داهاتی بەساڵاچوویێك (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزاردینار بوو تەنها (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار دەدات.

**سێیەم:** ئەو بەساڵاچووەی هاوکاری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت هاوکارییەکەی دەبڕدرێت، دوای وەرگیرانی لە ماڵی بەساڵاچووان.

**ماددەی ( ١٢ ):**

**یەکەم :** بەمەبەستی جێ بەجێکردنی ئامانجی ماڵەکانی بەساڵاچووان کە بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەت و چاودێری لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتیو تەندروستیو رۆشنبیری و..هتد، هەروەها بوونی پەیوەندی بەردەوامی بەساڵاچوو لەگەڵ کەس و کارو هاورییەکانی و کۆمەڵگا بە گشتی ، بۆ ئەوەی هەمیشە وەك تاکێکی کارا لە نێو گۆمەڵگادا هەست بە بوونی خۆی بکات ، لەسەر هۆبەی توێژەران پێویستە پەیوەندی هاورێیەتی ڕاستەوخۆیان هەبێت لەگەڵ سوودمەندانی ماڵەکانی بەساڵاچووانو راو بۆچوونەکانیان وەرگرنو بەشدارییان پێبکەن لەو کارو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە بەساڵاچووان، هەروەها پەیوەندییان هەبێت لەگەڵ کەسو کاری بەساڵاچوو بە مەبەستی ڕێکخستنی سەردانی بەردەوامی کەسو کاری بەساڵاچوو بۆ ماڵی بەساڵاچووان.

**دووەم :** سەبارەت بەو سودمەندانەی کە ماڵەکانی بەساڵاچووان جێ دەهێڵن، لە سەر هۆبەی توێژەران پێویستە سەردانیان بکەنو لە باری دەروونیو کۆمەڵایەتییان بکۆڵنەوە، هەروەها بەردەوام یارمەتی بدرێن بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە خێزانییەکان لەگەڵ کەسو کاریانو، یارمەتی بدرێن لە کاتی بوونی هەر کێشەو گرفتێك.

**ماددەی (١٣):**

هیچ کەسێك بۆی نیە دوای کێشانەوەی مۆڵەت بە هۆی سەرپێچی کردنی یاساو سیستەم و رێنمایی داوا پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی نوێ تاکو تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەرکێشانەوەی مۆڵەت.

**ماددەی (١٤):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**محمد قادر محمد**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی/**

## داواکاری پێدانی مۆڵەتی ماڵی بەساڵاچووان

ئەو لایەنەی داوای مۆڵەت دەکات.

ناونیشانی شوێنی لایەنەکە .......................... ژمارەی تەلەفۆن ..........................

ناوی ڕێپێدراو بە کاری مۆڵەت وەرگرتن..............................................................

پەیوەندی بەلایەنی داواکاری پێدانی مۆڵەت .............................................

ناوی ماڵەکە ............................ ناونیشانی ماڵەکە ............................

تابلۆی ماڵەکە ............................... مولك ...............................

بەکرێ.............................................. ڕووبەری گشتی ........................................

ڕووبەری بیناکە...................................................................

ماڵەکە پێك دێت لە ( ) ژوور، ( ) هۆڵ ، ( ) شوێنی نان خواردن ، ( ) چیشتخانە

............................................ ئاودەست ............................................

ڕووبەری باخچە...........................دەورووبەری گەر هەبوو..........................

توانای ماڵەکە ........................ سوودمەند ........................................

کارمەندی خزمەتگوزاری ناو ماڵەکە ............................................

ڕێپێدراو بەکاری مۆڵەت وەرگرتن:

واژوو: ڕێکەوت:

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ٤٨٩٧ لە ٢٠١٥/٨/١١**

بەپشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١١) لە یاسای سەندووقی پشتیوانی پڕۆژە بچوکەکانی لاوان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥**

**ڕێنمایی تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچوکەکانی لاوان**

**ماددەی (١) :**

ئەو زاراوانە ئەم مانایانە دەگەیەنن :

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان _ عێراق .

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

٣- **وەزیر:** وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

٤- **سەندوق:** سەندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچوکەکانی لاوان لە هەرێم .

٥- **ئەنجوومەن:** ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی سەندوقی پڕۆژە بچوکەکانی لاوان بە پێی ئەحکامی ماددەی چوارەم لە یاسای سەندوق پێکهاتووە .

٦- **لیژنەی سوودی ئابوری( الجدوی الاقتصادی )** : ئەو لیژنەی کە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندن و خەملاندنی پڕۆژەکان لە رووی ئابووری یەوە .

٧- **پڕۆژە:** ئەو پڕۆژانەن کە سەرمایەکانیان لە ٤٠ ملیۆن دینار تێپەر نەکات لە بوارەکانی (خزمەتگوزاری ، پیشەسازی ، کشتوکاڵی ، گەشت و گوزار ) .

**ماددەی (٢) :**

**یەکەم** : سوودمەندانی پڕۆژە :-

١- دەرچووانی ناوەندەکانی راهێنان و شیاندنی پیشەیی و ئامادەییە پیشەییەکان و پەیمانگاکانی تەکنیکی و زانکۆکان .

٢- خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بەمەرجێك بتوانێت پڕۆژە ئەنجام بدات .

٣- سوودمەندانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی .

